
کێڵگەی
ئاژەڵەکان
جۆرج ئۆروێڵ
وەرگێرانی عومەر ئەمین
HZR
هزر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

ڕۆمان

# کێڵگەی ئاژەڵەکان

(جۆرج اورویل)

وەرگێڕانی: عمر امین علی/ ڕانیه

ناوی کتێب: کێڵگەی ئاژەڵەکان
ناوی نووسەر: جۆرج ئۆروێڵ
وەرگێڕ بۆ عەرەبی: شامل اباظه/ دار الشروق القاهرة
وەرگێڕ بۆ کوردی: عمر امين على/ڕانيه
تیراژ: 1000 دانه
ساڵ: 2015
چاپخانە: ناوەندی هزر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی(378)
ساڵی (2014)ی دراوەتێ

**كێڵگەی ئاژەڵەكان**

**جۆرج ئۆرویێڵ ناوێكی خوازراوەیە بۆ نووسەری بەناوبانگ (ئێریك بلێر)، كە لەساڵی (1903) لەهیندستان لەدایك بووەو خوێندنی لەكۆلیژی (ئیتۆن) تەواوكردووە.**

**سەرەتای ژیانی پیشەیی وەكو ئەفسەرێك لە یەكە سەربازیە ئیمبراتۆریەكانی هیند دەستپێكردووە، لەنێوان (1922) بۆ (1928) لەبۆرما كاری كردووەو، دواتر دووساڵ لەپاریس ماوەتەوەو پاشان گەڕاوەتەوە بەریتانیا، سەرەتا وەكو مامۆستایەك‌و، پاشانیش لەنوسینگەكەی خۆی كاری كردووە.**

**لەساڵی (1937)لەئیسپانیا لەڕیزی كۆماریەكاندا جەنگاوەو بریندداربووە، لەجەنگی جیهانی دووەمدا لە گاردی نیشتیمانی و ئێزگەی بەریتانیا كاری كردووە، لەساڵی (1943)بەشداری كردووە لەدەرچوونی گۆڤاری(تریبیون)و لاپەڕەیەكی بۆ تەرخانكراوە، بۆئەوەی بیروبۆچوونە ئەدەبی و سیاسیەكانی لەوێدا بڵاوبكاتەوە، پاشان پەیوەندی كردووە بەڕۆژنامەی(ئۆبزێرفەر)و وەكو پەیامنێرێكی تایبەت لەبەریتانیاو فەرەنسا كاری كردووەو، لەساڵی (1950) لەبەریتانیا كۆچی دوایی كردووەو، بەرهەمێكی زۆری لەدوای خۆی بەجێهێشتووە.**

**لەساڵی (1945)ناوبانگی (جۆرج ئۆرویێڵ) بڵاوبووە كاتێك چیرۆكێكی بڵاوكردەوە بەناوی( مزرعە الحیوانات)، (Animal Farm)، زیاتر لەدوومليۆن دانەی لێ فرۆشرا، نووسەرەكەی لەساڵی (1948)ناوبانگێكی چاكی پێوە پەیداكرد، بەتایبەتی دوای ئەوەی چیرۆكەكە لە تەلەفزیۆن‌و سینەما دەرهێنانی بۆكرا. هەموو وتارو بەرهەمەكانی ئەم نووسەرە لەبەرهەمێكی چواربەرگیدا كۆكراوەتەوە.**

**وەرگێڕ بۆ زمانی عەرەبی**
**شامل اباظە**

## هەڵوێستەیەك

خوێنەری بەڕێز، کاتێك کەچیرۆکەکەم بەزمانی عەرەبی خوێندەوە، ناچاربووم بەدوای ناوەڕۆکەکەیدا بگەڕێم کە لەبنەڕەتدا بەزمانی ئینگلیزی نووسراوە، هەر لەسەرەتاوە نامۆ نەبووم لەگەڵ ناوەڕۆك‌و ڕووداوەکانیدا، دەتگوت منیش‌و دەووروبەرەکەشم بەشێکین لەکێڵگەو ڕووداوەکانی، چیرۆکێك کەزیاتر لەشەست ساڵ پێش ئێستا نووسراوەتەوە، وەکو ئاوێنەیەك هەموو ڕووداوەکانی ناو میللەتەکەی من بەڕەنگاوڕەنگی نیشاندەداتەوە، زۆر جاران دەیخستمە بیرکردنەوەیەکی قوڵەوە، پرسیارم لەخۆم دەکرد: ئایا دەبێت ئێمە ئەوەندە لەدوای نەتەوەکانی ترەوەبین؟ ئایا دەبێت ئێمە یەخسیری ژێر دەستی ئەوان بین؟ هەرچەندەی دەمهێناو دەمبرد، عەقڵم قبوڵی ئەوەی نەدەکرد، ئێمە بووین بەکێڵگەیەك تاقیکردنەوەمان لەسەر بکرێت، تاقیکردنەوە لەسەر بیروبۆچوونێك کە شەست ساڵ پێش ئێستا ئامادەکرابێت، باوەڕیشم بەو تێڕوانینە نەبوو، کەدەڵێت: (مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە)، بۆیە هیچ گومانێکم نەما لەوەی کەئێمە هەتا ئیمڕۆ خاوەنی خۆمان نین، هێزێکی دەرەکی بەئارەزووی خۆی دەمانجوڵێنێت، ڕۆژێك شەڕەو ڕۆژێك ئاشتی، ڕۆژێك دەبین بەبەرازو ڕۆژی دواتر دەبینەوە بەمرۆڤ، جا بۆئەوەی بەکەمترین زەرەروزیان لەو تاقیکردنەوانە دەربازمان ببێت، بەپێویستم زانی ئەم بەرهەمە بخەمە ناو چوارچێوەیەکی زمانی کوردییەوە، هەرچەندە دەبوو مامۆستا بەڕێزەکانم زووتر دەرکیان بەوکێشەیە کردبایەو ئەوئەرکەیان خستبایە ئەستۆی خۆیان، ئومێدەوارم شوێنی دەستم ببێتە مایەی برایەتی‌و خۆشەویستی‌و کەڵك وەرگرتن لەگرفتەکانی ڕابردوو، بۆئەوەی بەزوترین کات ببینەوە بەخاوەنی خۆمان!

عمر امين على/ڕانیە

5/ئازار/2014

**کەسایەتیەکان**

**ماجۆر:**

**پیرە بەرازێکە، خاوەنی بیرۆکەی شۆڕشەکەیە، ڕۆڵی دامەزرێنەری حیزبە سیاسەکانی ناو کۆمەڵگا دەبینێت.**

**ناپلیۆن:**

**کەسایەتیە شەڕانگێزە سەرەکیەکەی چیرۆکەکەیە، ڕۆڵی دکتاتۆرێك دەبینێت و مەبەستی کورسی دەسەڵاتە.**

**سنوبلۆ:**

**سەرۆکی ڕاستەقینەی کێڵگەکەیە، لەگەڵ ناپلیۆن دوژمنی بابەکوشتەی یەکترین، لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشەکەوە، ناپلیۆن ئینقلابی بەسەردا کردوو، دەریکردە دەرەوەی کێڵگەکە، بۆ هەتاهەتایی نەگەڕایەوە، ڕۆڵی ڕاستەقینەی سەرکردایەتی گەل دەبینێت.**

**بەرازەکان:**

**ڕۆڵی ئەو دەستەو گروپانە دەبینن کە دەسەڵات قۆرغ دەکەن.**

**مینیمس:**

**بەرازێکی شاعیرە بەئارەزووی ناپلیۆن دەینووسی، خاوەنی دووەم و سێیەم سروودی نیشتیمانی کێڵگەکەیە، ڕۆڵی ئەو نووسەرو شاعیرانە دەبینێت کە نوکی پێنووسەکانیان دەفرۆشن بۆ خزمەتکردنی دەسەڵات.**

**مستەر فردریك:**

**خاوەنی کێڵگەی (بنشفیلد)ە، جیرانی کێڵگەی ئاژەڵەکانە، ڕۆڵی سستەمی دەسەڵاتی وڵاتێکی باکووریی هەرێمەکەی من دەبینێت، کەبەوپەڕی توندوتیژییەوە پەیڕەوی نەتەوەپەرستی تێدادەکرێت.**

**مستەر ویمبر:**

**ئەو دەڵاڵەیە کە مامەڵەکانی لەنێوان (ناپلیۆن)و بازاڕدا ڕادەپەڕاندن.**

مستەر پیڵکینگتن:

خاوەنی کێڵگەی (فۆکس وود)ە، جیرانی دووەمی کێڵگەی ئاژەڵەکانە، ڕۆڵی سستەمی دەسەلاّتی ولاّتێکی ڕۆژهەلاّتی هەرێمەکەی من دەبینێت، کەپەیڕەوی جیاوازی ئاینیی و نەتەوەپەرستی تێدادەکرێت.

سکویلەر:

بەرازێکی قەڵەوی بالاّکورتە، دەستی ڕاستو، چاوەشو نۆکەری ناپلیۆنە، ماستاو چییە!

بۆکسەر:

ئەسپێکە، کەسایەتییەکی سەرەکی ناو چیرۆکەکەیە، بەڕێزە، بەهێزە، سادەیە، لەسەرخۆیە، هەموو ئاژەڵەکان خۆشیان دەوێت، لەچیرۆکەکەدا ڕۆڵی چینی چەوساوەو قوربانیدەر دەبینێت.

کلۆفەر:

ئەسپێکی مێیە، هاوڕێی بۆکسەرە، خاوەن بەزەییە، پەنای لێقەوماوانە، لەچیرۆکەکەدا ڕۆڵی ئەو توێژە دەبینیٚ کە باوەڕیان بەدەسەلاّت نییەو، ناشتوانن ڕووبەڕوی ببنەوە.

مۆڵی:

جوانو ماینێکە هەرخەریکی خۆڕازندنەوەو، شانازی بەخۆکردنە، ڕۆڵی چینە دەوڵەمەندەکەی ناوکۆمەڵگا دەبینێت، کەتەنها بیر لەخۆشی ژیانی خۆیان دەکەنەوە.

بنیامین:

تاقە گوێدرێژی ناو کێڵگەکەیە، تەمەنی زۆرە، تا کۆتایی ڕووداوەکان دەمێنێتەوە، سەری خۆی بەهەموو کێشەیەکەوە نایەشێنێت، ڕۆڵی ئەو توێژە دەبینێت لەناوکۆمەڵگادا کەبەدرێژایی تەمەنیان لەژێر باری چەوسانەوەدان، کەسێکیش حساب بۆخزمەتەکەیان ناکات.

موریەڵ:

پـیرە بزنێکـی خوێنـدەوارە، لای هاوڕێکـانی ڕێزێکـی زۆری هەیـە، ڕۆڵـی نووسـەرو ڕۆشـنبیرو خوێنـدەوارەکان دەبینـێ، کـە لـەناو کۆمـەڵگادا هـیچ گرنگییەکیان پێنادرێت.

موسیس:

قەلەڕەشـەی نـاو کێڵگەکەیـە، بـاوەڕدارە بـەوەی کـەدوای ئـەو ژیانـە ژیـانێکی خۆشتر هەیە، ڕۆڵی قەشەو پیاوانی ئاینی دەبینێت.

سەگەکان:

ڕۆڵی دەزگا سەرکوتکەرەکان دەبینن.

مەڕو مانگاکان:

ڕۆڵی خەڵکە نەفامو نەزانەکە دەبیـنن، کە کوێرانـە دوای دەسـەلآت دەکـەون، هەست بـەخۆیان ناکـەن کـە دەدۆشرێنو بەرووبوومـەکانیان بۆ خـەڵکانی تـر دەبێت.

پشیلە:

ڕۆڵی ئەوانە دەبینێت کە لەناو کۆمەڵگاکەدا سپڵەنو، دڕو هارو کەڵەك بازن، تەنها بەدوای بەرژەوەندی خۆیاندا دەگەڕێن.

مریشكو مراوی:

ڕۆڵـی ئـەو چینو توێـژە نـەزانو نەفامـە دەبیین کـە پـەیڕەوی شـەڕی خـۆتڕێن دەکەنو مەیلی ئەوەیانە ژمارەیان زیاتربێت، نەك ئەندازەی بەرهەم هێنانیان.

# بەشی یەکەم

(مستەر جۆنز)ی خاوەنی کێڵگەی (مانۆر)، وەکو پیشەی ڕۆژانی، ئەم ئێوارەیەش دەرگای ئاغەڵەکانی داخستن، بەلاّم بەشێوەیەك مەستو سەرخۆش بوو لەبیری کردبوو دەرگای هەموو تەویلەکان لەسەر ئاژەڵەکانی کێڵگەکە دابخات.

لەژێر ڕۆشنایی چراکەیدا کە بەهۆی باوە لەرەلەری بوو، توانی چۆڵەوانیەکە ببڕێتو لەدەرگاکەی پشتەوە پێلاّوەکانی هەڵدانەدەریو چووە ژوورەوە، هەرچی لەناو گۆزەی شەڕابەکەدابوو ڕۆی کردە خوارەوەو لەچێشتخانەی ماڵەکەیدا پێکەکەی خواردەوە، پاشان بەرەو ژووی نووستنەکەی کشا، لەنهۆمی سەرەوەی خانوەکەی، کە ژنەکەی لەوێ لەخەوێکی قوڵدابوو.

ڕووناکی ناوژوورەکەی بەتەواوی نەکوژابۆوە کە دەنگەدەنگێك لەناوکێڵگەکە پەیدابوو، دیاربوو ئەوڕۆژە هەواڵێك لەناو ئاژەڵەکان بلاّوببۆوە کە ئەو بەرازە گەورەی ناوی(ماجۆر)ەو، خاوەنی بڕوانامەیە لەپیشانگای(ویلنگدون)، خەونێکی بینیوە، ئاژەڵەکانیش لەسەر ئەوە ڕێککەوتبوون کەپێویستە هەموویان لەتەویلە گەورەکەی ناوکێڵگەکە کۆببنەوە، بەمەبەستی گێڕانەوەی خەونەکە لەلایەن (ماجۆر)ەوە، لەکاتێکدا کە(مستەر جۆنز) لەخەودایە.

(ماجۆر) پیرە بەرازێکی دیارو ناسراوبوو لەناوکێڵگەکەدا، لەپیشانگاکەدا وەکو کوڕێکی قۆزی شاری(ویلنگدون) ناسێنرابوو، زۆر قسەخۆش بوو، هەموو ئاژەڵەکانی دڵخۆش دەکردن، هەرچەندە ئەو دڵخۆشکردنەش کاتژمێرێکی لەپشوودانو خەوتنەکەی لەکیس دابایە،

(ماجۆر) لەکۆتایی تەویلە گەورەکەدا، چووەسەر کۆمەڵە قەسەڵو کایەکی بەرز، سیمای سادەیی و لێهاتویی بە دەموچاویەوە دیاربوو، ئەوسیمایەش زیاتر وای کردبوو ددانە درێژەکانی باشتر بدرەوشێنەوە، بەتایبەتی دوای تێپەڕاندنی تەمەنی دوازدەساڵی.
ئامادەبوونی ئاژەڵەکان بۆناو تەویلەکە دەستیپێکرد، هەریەکەشیان لەشوێنێکی گونجاودا جێگیربوون، بۆئەوەی چاك گوێبیستی قسەکان بن، هەرسێك سەگەکەی ناو کێڵگەکەش، (بلوبل)و(جیسی)و(بنشر)، بڕیاریاندا ئامادەی کۆبوونەوەکە بن، بەرازەکانی تری ناو تەویلەکەش لەسەر پوشووپەلاشی بەردەمی سەکۆیەکەی (ماجۆر)دا چوارمەشقی پاڵیان دابۆوە، مریشکەکانیش لەسەر ڕۆخی پەنجەرەکان کۆببوونەوە، کۆترەکانیش بەسەر کاریتەی بنمیچی تەویلەکانەوە هەڵنیشتبوون، مەڕو مانگاکانیش لەپاش بەرازەکانەوە لەسەر پوش و پەلاشەکە پاڵکەوتبوون، خەریکی کاوێژکردن بوون، ئینجا (بۆکسەر)و(کلۆفەر) هەردووك ئەسپە زەوی کێڵەکەی ناوکێڵگەکە بەهێواشی و لەسەرخۆ هاتنەژوورەوە، نەوەك یەکێك لەئاژەڵە بچووکەکان لەناو پووش و پەلاشەکەدا دیارنەبێت و بکەوێتە ژێر قاچەکانیانەوەو تووشی ناڕەحەتی ببێت.
(کلۆفەر) ماینێك بوو لەناوەڕاستی تەمەنی نزیك دەبۆوە، سیمای دایکایەتی پێوەدیاربوو، لەش ولارێکی پڕی هەبوو، نەیدەتوانی لەنجەولارەکەی بەدەست بێنێتەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کەمنداڵی چوارەمی ببوو، بەڵام (بۆکسەر) ئەسپێکی بالابەرزی پتەوبوو، هێزێکی وەهای هەبوو کەهەرگیز دووئەسپ بەیەکەوە ئەوهێزەیان نابێت، لەژێر لوتیشیەوە پەڵەیەکی سپی هەبوو کەنیشانەی گێلیەتی بوو، لەڕاستیدا

بیرکردنـــەوەکانی هەڕەمـــەکی بـــوون، ئـــەو ڕێـــزو حورمەتـــەش کـــە لـــە هاوڕێکانیـــەوە بەدەســـتی هێنـــابوو، بـــەهۆی بـــەهێزیو ڕەوشـــتە ڕەسەنایەتیەکەیەوە بوو.

پاشـان بزنـە سـپیەکە هـات، کەناوی(موریـەڵ)بوو، بـەدوای ئەویشـدا گوێدرێژی کێڵگەکە هات، کەناوی(بنیامین)بوو، ئەو(بنیامین)ە لەهـەموو ئاژەڵەکانی تری ناوکێڵگەکە تەمـەن درێـژتر بـوو، زۆر مامەڵـە ناخۆشو کـەم دوو بـوو، ئەگـەر هاتبایـە دوانـیش، تـەنها لەگـەڵ خۆیـدا دەدوا، لەوانەشـە گوتبیـەتی: خـوا چـاکەی لەگەڵـدا کـردووە بـەوەی کلکـی داوەتـێ، بۆئـەوەی مێشـەکان لـەخۆی دەرکـات، بـەڵام ئایـا بۆئـەو واباشـترنەبوو خـوا کلکـی نەدابایـەو لەناڕەحـەتی مێشـەکانیش بیپاراسـتایە؟ ئەگـەر ئاژەڵـەکانیش لۆمـەیان کردبـا لەسـەر منجـڕیو لاملیەکەی، ئەوا وای دەردەبڕی کە لەژیانـدا شتێك نییـە ببێتـە مایـەی پێکەنین.

کەرەکە(بنیامین) خۆی بەدڵسۆزی ئەسپەکە(بۆکسەر) دادەنا، بەڵام بەبێ ئـەوەی ئەوهەسـتەی دەربڕێـت، بەدرێـژایی پشـووی ڕۆژی یەکشـەممان بەیەکەوە لەودیوی باخچەی میوەکانەوە دەلەوەڕان.

کار نەگەیبۆ ئەوەی ئەسپەکان پوشووپەڵاشەکە لەژێر خۆیان کۆکەنەوە، بەچکە مراوییەکی بچووك کە لەدایکەکەی بزرببوو، بەگریانـەوە هاتـەناو تەویلەکـەوە، ماینەکەش(کلۆفـەر) خسـتیە نێـوان قاچـەکانیەوە، لـەناو گەرموگوڕی جەستەی ماینەکەدا ئارامی گرتو کڕ لێی کەوت.

بەدوایانـدا جوانومایەنەکە(مۆلی) هاتـەژوورەوە، کـە دەسـتو قاچـەکانی لەچـاو بەشـەکەی تـری جەسـتەکەیدا ڕەنگەکـەیان پەڵـەی جیـاوازی تێدابوو، بەشانازی بەخۆکردنەوە بەڕێگادا دەڕۆیشتو لەلایەن (مستەر

جۆنز) یشەوە بۆئەوەی بناسرێتەوە قردێلەیەکی سوری لێ ئاڵێندرابوو. بەکرۆشتنی شەکریش، دەنگێکی وەهای پەیدادەکرد دەبووە مایەی ئەوەی لەگەڵ بوونی قردێلە سورەکەدا شانازی بەجوانیەکەی خۆیەوە بکات.

دواتریش پشیلەکە هات و خۆی خزاندە نێوان(کلۆفەر)و(بۆکسەر)، کەگەرمییەکی بەلەزەتیان لەنێواندابوو، بووە مایەی ئەوەی خەوی لێبکەوێت و گوێنەداتە تاکە وشەیەکی وتارەکەی (ماجۆر)یش، بەم پێیە هەموو گیانەوەرەکان ئامادەبوون بۆکۆبوونەوەکە، تەنها (قەلەڕەش) نەبێت کەلەلایەن (مستەر جۆنز)وە ڕێزی لێدەگیرا، لەسەرئەوەش ڕاهاتبوو لەهێلانەکەی خۆیدا لەپاش دەرگای دواوەی ماڵەکەی ناوکێڵگەکەدا بخەوێت.

لەوکاتەدا بەرازەکە(ماجۆر) کە دەستی کرد بەقسەکردن، قۆخینێك ناچاری کرد کەمێك دەنگ بەرزبکاتەوە، ئامادەبووەکانیش گوێیان بۆقسەکانی شلکرد، سەرەتای وتارەکەشی بەوە دەستپێکرد:

(ئەی هاوڕێیان، بەدڵنیاییەوە گوێبیستی ئەوەبوون کەشەوی ڕابردوو من خەونێکی سەرنج ڕاکێشم بینیوە، دواتریش ناوەڕۆکەکەیتان بۆ باسدەکەم، ئەوەی زۆر ترسناکە لەوشتانەی کە من بینیومەو پێویستە بۆتانی باس بکەم، یەکەمیان ئەوەیە: وەکو بۆخۆتان دەزانن من گەیشتومە قۆناغی پیری تەمەنم، لەوانەشە ژیانم چەند مانگێکی تر نەخایەنێت، هەرچەندە کەمێك تەمەن ماوە، بەلآم وا هەستدەکەم ئەرکێکی سەرشانمە پوختەی تاقیکردنەوەو تێگەیشتنەکانی ژیانی خۆمتان بۆ باسبکەم، لەڕاستیدا ئەوماوە درێژەی کە بەتەنها بەسەرم برد لەتەویلەکەدا، بووتەهۆی ئەوەی لەبیرکردنەوەیەکی بەردەوامدابم،

لەوبیرکردنەوانەوە توانیم بگەمە نهێنیەکانی ژیانی ناو ئەم بوونەوەرە، ئەوەش ناوەڕۆکی ئەوبابەتەیە کەدەمەوێت پێشکەشتانی بکەم.
ئینجا (ماجۆر) هاتەسەر باسێکی ترو گوتی: جا ئێستا ئەی هاوڕێکانم، ئێمەی ئاژەڵ سروشتی ئەوژیانەمان چۆنە کەتێیدا دەژیەین؟ لێگەڕێن با ڕاستگۆیانە ڕووبەڕووی کاروکردەوەکانمان ببینەوە، ژیانمان زۆر کورتە، بەئێش و ژانەوە بەسەری دەبەین، ئێمە لەدایك دەبین و لەوەندەشمان زیاتر نادرێتیٚ کە پێی بژیەین، ئەوەش نابێتەهۆی ئەوەی لەلاوازبوون بمانپارێزێت، ئادەمیزادەکان کەڵك لەسادەیی ئاژەڵەکان وەردەگرن و هەڵیاندەخەڵەتێنن بۆئەنجامدانی ئیش وکارەکانیان، بەشێوەیەك زۆرجاران بۆخۆشیان دەکەونە ناڕەحەتییەوە بەهۆی ئەوئەرکە قورسەی دەیخەنەسەر ئاژەڵەکان، ئەگەر ئیشیشیان پێیان نەما، ئەوا بەدڵڕەقییەوە دەیانبەن و سەریان دەبڕن، سەربەستی لەئینگلتەرا بەزیندویی لەچاڵنراوە، بەشێوەیەك ئاژەڵەکان هەر لەسەرەتای ژیانیانەوە هەتا مردنیان، هیچ لەمانای خۆشی وئارامی ژیانیان نازانن، لەڕاستیدا ڕووە ڕاستەقینەکەی ژیانمان، بریتییە لەسەرکەشی و خراپترین بارەکانی کۆیلایەتی، جا ئەی کۆمەڵەی ئاژەڵەکان، ئایا ئێوە پێتان وایە ئەمە چارەنووسی شتەکانەو بەسەرماندا سەپێنراوەو، لەئاستیاندا دەستەوستان ڕاوەستین؟ ئایا ئەو خاکەش کەئێمە بەنەبوونی و گرانی لەسەری دەژین، ناتوانێت ژیانی ئێمە باشتر بکات بۆژیانێکی گونجاوی خاوەن ڕێز؟ نەخێرو هەزار جاریش نەخێر، (وانییە وەکو ئێوە بیری لێدەکەنەوە)، خاکی ئینگلتەرا بەپیتەو، ئاووهەواکەش گونجاوە، توانای ئەوەی هەیە بەرووبوومی زیاتر بێنێت، کەچەند ئەوەندەی ئاژەڵەکانی ئەم سەردەمەی پیٚ بژیەن،

بۆنموونە: ئەم کێڵگەیەی ئێمە لەسەری دەژیەین، توانای ئەوەی هەیە دە ئەسپ و، بیست مانگاو، سەدان مەڕی لەباشترین شێوەکانی ژیاندا تێدا بحەوێنەوە، جا کەواتە بۆچی بەردەوامبین لەوژیانە ناخۆشە؟ ئەوەی کەوایکردووە ئەوژیانە ناخۆش بکات، هەمووی سوربوونی ئادەمیزادە، کەدەیەوێت لەزیادکردنی بەرهەمدا سەرکەوتن بەدەست بێنێت، ئەمە ئەوڕاستیە تاڵەیە کەدەیسەلمێنێت هۆکاری بەخت ڕەشی ئێمە هەمووی دەگەڕێتەوە بۆئادەمیزاد، لەڕاستیدا ئادەمیزاد تاقە دوژمنی بنەڕەتیمانە، جا ئەگەر بتوانین لەسەر ڕێگەی خۆمان دووری بخەینەوە، ئەوە دەتوانین بۆهەتاهەتایی ڕەگەکانی برسیەتی و کۆیلایەتی ڕیشەکێش بکەین.

ئەی هاوڕێیان، لەڕاستیدا ئادەمیزاد تاقە دروستکراوە دەخوات و بەرهەم ناهێنێت، نە شیری لێدێت و نە هێلکەش دەکات، ئادەمیزاد بەنێرو مێیانەوە، کێن هەتا بتوانن بەتەنها زەوی بکێڵن؟ ئادەمیزاد لەکەروێشکیش هێواشترە، هەتا بتوانێت بیگاتیّ و بەدەستەکانی بیگرێت، لەگەڵ ئەوەشدا وەکو گەورەو ڕابەر بەسەر هەموو گیانەوەرەکانەوە دانراوە، لەئیش وکارەکاندا ملکەچیان دەکات، لەئەندازەی خۆشیان زیاتریان بۆ خەرج ناکات، هەموو چاکەو خۆشیەکانی ژیانیش بۆخۆی دابین دەکات!

ئێمەش زەوی دەکێڵین و پەینداری دەکەین، کەچی تەنانەت خاوەنی پێستەکانی خۆشمان نین! ئەی ئەومانگایانەی کەئێستا لەبەرانبەرمن، کام لەو هەزاران لیترە شیرەی کە پار لێتان دۆشرا، مافی ئێوەی پێوەبوو، بۆئەوەی گوێلکەساواکانی خۆتانی پیّ بەخێوبکەن؟ هەموو دڵۆپەیەك لەو شیرانە داڕژایە زگی دوژمنەکانمانەوە!

تـۆ ئـەی مریشـك، سـاڵی ئەمسـاڵ چـەند هێلکـەت بەرهـەم هێنـاوە؟ لەوهێلکانە چەندیان ماونەوە بۆئەوەی لەسەریان کورك ببیت؟ هەموو هێلکـەکان برانـە بـازاڕ، بۆئـەوەی پـارەی زیـاتر بـۆ (مسـتەر جـۆنز)و داردودەستەکەی کۆبکرێتەوە.
تۆ ئەی ئەسپ(کلۆفەر)، کوان چوار بەچکەماینەکان؟ هیچ کامێکیان لەکێڵگەکـەدا نەهێڵرایـەوە، هـەتا ببێت بەپشتیوانییەك بۆتـۆ لـەماوەی پـیری و پەککەوتوویتـدا، (مسـتەر جـۆنز) هـەموویانی فرۆشـت و، هـیچ هیوایەك نییە جارێکیتر بیانبینیتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە تۆ ئەرکێکی داهێـــزەرت لەئەســـتۆدایە لەناوکێڵگەکـــەداو بـــەردەوامیش لـــەئیش وکاردایت، لەگـــەڵ ئـــەم هـــەموو ژیانـــە ناخۆشـــەش کـــە دەیگوزەرێنین، کەچی ئادەمیزاد ڕێگەمان نادات تیایدا بگەینە کۆتاییە سروشتیەکەی! (سەرمان دەبڕێت و ناهێڵێت بەمردنی ئاسایی بمرین).
بـەڵام شـتێك کەپەیوەنـدی بەخۆمـەوە هـەبێت، شـتێکی وەهـا نییـە کـە بەدەسـتیەوە بنـاڵێنم، چـونکە مـن خـۆم لـەڕیزی خـاوەن بەختـەکان دادەنێم و، گەیشتوومە تەمەنی دوازدە ساڵی، زیاتر لەچوارسەد نەوەشم هەیـە لـەناو بەرازەکانـدا! ئـەوەش ژیـانی دیـاریکراوی بەرازەکانـە، بـەڵام لـەبارەی ئێـوەوە، ئـەوا بـا پێتـان بڵـێم: لـەکۆتایی ڕێبازەکـەدا ئاژەڵێـك نامێنێت لەنوکی چەقۆ ڕزگاری بێت!
ئـــەی ئەوبەچـــکە بەرازانـــەی کەئێســـتا لەبەردەممـــدا دانیشـــتوون، بەدڵنیاییـەوە ئەوژیانـە کورتـەی خۆتـان لەدەسـت دەدەن، کـە لـەدوای ساڵێك دەگاتە کۆتاییەکی نـاخۆش و نـەخوازراو، ئـەوە ئـەو چارەنووسـە ترسـناکەیە کەهەڕەشـە لەهـەمووانتان دەکـات، بـەمانگاو بـەرازو مـەڕو ئەوانی تریشەوە، تەنانەت ئەسپ و سەگەکانیش بەختیان لەئێمە باشتر

نییـه، ئـەوەتا تـۆ ئەی(بۆکسـەر)، کاتێـك ماسـولکە بـەهێزەکانت دەڕزن، ئەوسا(مستەر جۆنز) دەتفرۆشێت بەقەسابێك‌و گۆشتەکەت هەڵدەداتـە بـەردەم تانجیـەکانی ڕاوکـردن، سـەگەکانیش ئەگـەر پـیر بـبن، یـان ددانـەکانیان بکـەون، ئەوا(مسـتەر جـۆنز) بـەردێکی گـەورە بەملیانـەوە دەبەستێتەوەو هەڵیاندەداتە ناو نزیکترین چاڵەوە.
ئـەی هاوڕێکـانم، ئایا هـەتا ئێسـتا بۆتـان ڕوون نەبۆتـەوە کـەئادەمیزاد بەتەنها بەرپرسیارە لەئاست ئەو کارەساتانەی کە بەسەر ئێمـەدا دێن؟ کەواتـە واپێویسـت دەکـات خۆتـانی لێ ڕزگاربکـەن، ئینجـا دوای ئـەوە بـەروبوومی کردەوەکانمـان بۆخۆمـان دەگەڕێنـەوە، مـن بۆسـاتێکیش گومـانم نییـە لـەوەی ئەوخەونـەی ئێمـە لـەبارەی ئـازادبوون‌و سـامان‌و سـەروەتمانەوە، هـەردەبێت بێتـەدی، بـەڵام ئـەرکێکی قورسیشـمان لەسەرشانە، دەبێت بەئەنجامی بگەیـەنین، پێویستە لەسـەرمان بەشـەوو بـەڕۆژ بـەدڵ‌و گیـان تێبکۆشـین، بۆهەڵگێڕانـەوەی سیسـتەمی ڕەگـەزی ئادەمیزاد!
ئـەی هاوڕێکـانم، ئەوپەیامـەی مـن بۆئێـوە سـەرەتای ئەوشۆڕشـەیە، هەرچـەندە نـاتوانم کـاتی دەسـتپێکردنەکەیتان بـۆ دیـاری بکـەم، ئـاخۆ دوای هەفتەیـەك یـان سـەد سـاڵی تـر دەسـتپێدەکات، بـەڵام مـن بـڕوای تەواوم بەڕێڕەوی ڕاستەقینەی ئەوشۆڕشە هەیـە، هـەروەکو چـۆن ئێسـتا بـاوەڕم بـەبوونی ئـەوپووش‌و پەڵاشـە هەیـە کەبەقاچـەکانم دەیشـێلم، ئاوەهاش دڵنیام کەدەبێت عەدالەت بەرپابێت.
ئەی هاوڕێکـانم، هـەتا دوا هەناسـەی ژیانتـان چاوتان ببڕنـە ئەوئامانجـە نیشـانکراوە، لەسـەرتان پێویستیشـە ئـەو پەیامـەم بگەیەننـە نـەوەکانی داهـاتوو، تـاکو بتـوانین ئامانجـەکانمان بگەیەنینـە لوتکـەی سـەرکەوتن،

لەتێکۆشانیشدا بەردەوامبن و لێی خاوەمەبنەوە، ئەرکی سەرشانیشتانە لەیەکتر دانەبڕێن و نەکەونە ململانێ و دژایەتی یەکتری.
گوێش مەدەنە ئەوکەسانەی پڕوپاگندەی درۆو دەلەسە بڵاودەکەنەوە، لەئادەمیزادو پشتیوانەکانیان، بەوەی کەئادەمیزادو کۆمەڵەی ئاژەڵەکان ئامانجی هاوبەشیان هەن و، ئێمەی ئاژەڵیش بەشی دیاریکراوی خۆمان هەبێت لەو خێروبەرەکەتەی دەست ئەوان دەکەوێت، ئەوقسانە هەموویان هەڵبەستراون، ئادەمیزاد لەبەرژەوەندی خۆی زیاتر هیچ شتێکی تر بەمەبەست ناگرێت، ئێمەی کۆمەڵەی ئاژەڵانیش هیچ چارمان نییە، هەردەبێت لەڕێبازی شۆڕشدا یەکتری بگرین، شیعارەکەشمان ئەوەیە: (ئادەمیزادەکان هەموو دوژمنمانن و، ئاژەڵەکانیش هەموو دۆستمانن).
لەوکاتەشدا چوار مشک لەکونەکانیان هاتنەدەرەوەو هەستیان ڕاگرتبوو، پاشان هاتنەناو ڕیزی پشتەوە، بەڵام سەگەکان هەڵیان کوتایە سەریان، ئەگەر هەڵنەهاتبان و خۆیان بەکونەکانیاندا نەکربایەوە، ئەوەندەی نەمابوو سەگەکان بەدانەکانیان بیانگرن، ئەم شەڕەی نێوان مشک و سەگەکان، شێواویەکی گەورەی نایەوە، بۆیە ماجۆر قاچەکانی پێشەوەی بەرزکردنەوە، وەکو ئاگادارکردنەوەیەک بۆئارامی و پێدەنگ بوون، ئینجا بەردەوام بوو لەسەر قسەکانی و گوتی: ئەی هاوڕێیان، ئێمە پێویستە هەر لەسەرەتاوە هەموو کاروبارەکانمان بەئاشکرا بخەینە ڕوو:
ئایا ئاژەڵە کێویەکانی وەکو کەروێشک و مشک، لەدەستەی هاوڕێیان دادەنرێن، یان وەکو دوژمن سەیریان بکەین؟ داواکاریەکە خرایە دەنگدانەوە، بەزۆرینەی دەنگ بڕیار لەسەر ئەوەدرا کە گیانەوەرە

کێویەکان وەکو هاوڕێی ئاژەڵەکانی کێڵگەکە دابنرێن، لەکۆدەنگیەکەش تەنها چوار لەئامادەبووەکان ڕازی نەبوون، ئەوانیش: پشیلەکەو سێ سەگەکە بوون، وایان دەربڕی بابەتەکەیان لێ تێکەڵ بووەو دەنگیان بۆ هەردووك لایەکە دابوو، ئینجا (ماجۆر) ئەوەی ڕاگەیاند کە: ئەوەی من دەیڵێم کەمە دەربارەی پێویستی بەردەوامبوونی خەباتی ئاژەڵەکان لەپێناوی دژایەتی ئادەمیزادو ڕیسواکردنی شێوازەکانی، شیعارەکەی ئێمەش ئەوەیە کە: (هەموو ئەوانەی لەسەر دوو قاچ دەڕۆن، دوژمنی ئێمەن، هەموو ئەوانەش کەلەسەر چوارقاچ دەڕۆن یان دەفڕن، دۆستی ئێمەن)، مادام ڕێگەی شەڕیشمان گرتۆتەبەر دژی ئادەمیزاد، کەواتە پێویستە دووربکەوینەوە لەوەی لاسایی بکەینەوە، یان بەشوێن شێوازەکانی ئەودا بڕۆین، جا ئەگەر سەرکەوتنمان بۆ نووسرابێت، ئەوا پێویستە لەهەموو داب‌ونەریتە مرۆییەکان دوورکەوینەوە، وەکو هەبوونی ماڵ‌و، نووستنی سەر تەخت‌و، لەبەرکردنی جل‌و بەرگ‌و، خواردنەوەی مەشروب‌و جگەرەکێشان‌و، مامەڵەکردن بەپارەو سەرقاڵبوون بەبازرگانییەوە، ئەم داب‌ونەریتە مرۆییانە هەموویان لەداهێنانە شەیتانیەکانی مرۆڤن، پێویستە لەلێکدانەوەکانیشماندا وەکو بابەتێکی بنەڕەتی مامەڵە لەگەڵ ئەوەبکەین کە هیچ ئاژەڵێك نەوەو وەچەی ئاژەڵەکانی تر نەچەوسێنێتەوەو، نەیانکاتە کۆیلەی ژێر دەستی خۆی بەهۆی هەژاری‌و نەزانیانەوە، چونکە لەڕاستیدا ئاژەڵەکان هەموویان وەکو یەکن بەیەك چاو سەیردەکرێن.

ئێستاش کاتی ئەوەهاتووە باسی خەونەکەی شەوی ڕابردووتان بۆبکەم، لەڕاستیدا ڕووداوەکە زۆر سەرنج ڕاکیشە، بەشێوەك ناتوانم بەتەوای بۆتان باسبکەم، خەونم بەزەوییەوە دەبینی لەمرۆڤەکان

چۆڵدەکرا، ئەوخەونەم بیرەوەرییەکی منداڵی بەبیرهێنامەوە، دەربارەی گۆرانییەك کەهەمووجارێك دایکم بۆی دەگوتمەوە، گۆرانیەکەم لەبیرچوبۆوە، تەنها هەندێك وشەو سەدای ئاوازەکەی نەبێت، لەپڕ بەتەوای هاتەوەوە بیروهۆشم، هیچ کەموکوڕییەکی تێدا نەبوو، وەکو ئەوەوابوو کەکاتی خۆی بۆیەکەمجار ریزی پێشەوەی ئاژەڵەکان دەیانگوتەوە، پاشان سەدای بیرچوونەوە زاڵبوو بەسەریدا.

ئەی هاوڕێکانم، هەرچەندە تەمەنیشم پیرببوو دەنگیشم کڕ ببوو، بەڵام لەخەوەکەمدا خۆم وابینییەوە ئەوگۆرانیە بۆئێوە دەڵێمەوە، ئەگەر ئێوەش بتوانن لەبەری بکەن، دەتوانن لەمن چاکتر بیڵێنەوەو بۆخەڵکی بگێرنەوە، گۆرانیەکەش ناوی :(ئەی دڕندەکانی ئینگلتەرا)یە.

(ماجۆر) دەنگی خۆی بەرزکردەوەو، سەرەتا بەدەنگێکی کڕو گۆرانی گوتنێکی زۆرباش دەستی پێکرد، ئاوازەکانی ورژێنەرو وشەکانیشی کاریگەربوون:

ئەی ئاژەڵەکانی ئینگلتەرا .....

ئەی مێگەلە ئامادەکەی ئێرلەندا

هەموو گەورەو بچووکێکتان........

هەموو دوورو نزیکێکتان

گوێتان لێبێت: مزگێنی بێ

وا ڕۆژێکی زێڕین هەڵدێ

ئیمڕۆ یاخود بەیانی، بێ

ئەوڕۆژەمان هەردەبێ بێ

کۆت و زنجیر تێکدەشکێنین

سەربەستیمان بەدەست دێنین

ستەممان لەسەر نامێنێ
هەناسەمان دێتەوەبەر
ئادەمیزاد بەدەردەنرێ
لەناوکێڵگەو لەدەشتو دەر
لغاوو زنجیرو ڕێشمەو
ئەلقەی لوتیش دادەکەنین
کورتانو زینو نەقیزەش
بۆیەکجاری فڕێدەدەین
قامچی لێدانیش نامێنێ
ئازادی خۆی دەڕەخسێنێ
ئادەمیزاد ڕق ئەستوورو توندوتیژە
لەبەرانبەر لاوازەکان خۆی دەنوێنێ
دەبینە خاوەن دەوڵەتو
داهاتەکەشمان زیاددەکا
گیاوگۆڵو پوشو قەسەڵ
گەنمەشامیو جۆو فاسۆلیا
گێزەروگشت بەرهەمەکان
تێکڕا دەبنەماڵی خۆمان.

بەدڵنیاییەوە گوتنەوەی ئەم سرووده هەستێکی توندی لەناو ئاژەلەکاندا جولاند، (ماجۆر) نەدەگەیشتە کۆتایی سروودەکە، جارێکیتر لەبەرخۆیەوە دەیگوتەوە، ئەوەی زۆر جێگەی سەرنج بوو، ئەوەبوو کە ئەوئاژەڵانەی زۆر زیرەکیش نەبوون توانیان هەندێك لەئاوازی سروودەکە وەربگرنو لەناوەڕۆکەکەشی بۆلای بیری خۆیان

ڕاکێشن، بەڵام ئەوگیانەوەرانەی وەکو سەگ و بەراز، کە بۆخۆیان زیرەك بوون، ئەوانە لەماوەی چەند خولەکێکدا لەسەر پەڕەی دڵیان لەبەریانکرد! پاش ماوەیەکی کەم دەنگی هەموو ئاژەڵەکان یەککەوت لەگوتنەوەی سروودی(ئەی دڕندەکانی ئینگلتەرا)، بەگونجان و ڕێکییەکی تەواو بێ ئەوەی هیچ نەشازێکی پێوەدیاربێت کە شایانی باسکردن بێت، مانگا بەبۆڕاندنەکەی و، سەگەکان بەوەڕینەکەیان و، مەڕەکان بە باڕاندنەکەیان و، ئەسپەکان بەحیلاندنەکەیان و، باڵندەکانیش بەخوێندنەکەیان، سرووودەکەیان خستە ناو هەوایەکی وەهاوە کە بەرپێی خۆیان نەدەدیت، بەئەندازەیەك پێنج جار لەسەریەك دووبارەیان کردەوە، ئەگەر هیچ ڕووینەدابا، ئەوا چەندجارەکردنەوەی سرووودەکە بەردەوام دەبوو، بەڵام ئەودەنگەدەنگە (مستەر جۆنز)ی بەخەبەرهێنا، وای هەستکرد ڕێوییەك خۆی کوتاوەتە ناو کێڵگەکەوە، بۆیە یەکسەر لەسەر جێگەکەی بازی دایە خوارەوەو دەستی بۆ تفەنگەکەی درێژکرد، کە بەبەردەوامی لەتەنیشت جێگەکەیەوە دادیدەناو، بەچەند فیشەکێك کە لەسەر دیواری تەویلەکە گیرسانەوە، ئارامی شەوی لێك هەڵزڕاند، بەوکارەش پەردەیەکی لەپڕ بەسەر کۆبوونەوەکەدا هێنرا، هەموو ئاژەڵەکان بەرەو شوێنی نووستنەکەیان و باڵندەکان بەرەو هێلانەکانیان هەڵاتن و لەماوەیەکی کەمدا هەموو تێکڕا کەوتنە قۆناغێکی سڕبوونی تەواوەوە.

## بەشی دووەم

(ماجۆر) بەئارامی لەمانگی مارسدا سەری نایەوەو مرد، دوای سێ شەو لە دوا وەسیەت کەکردبووی، تەرمەکەی لەژێر دار سێوێکی ناوکێلگەکە خرایە ژێر خاکەوە.

لەڕاستیدا ئەو وانەیەی کە(ماجۆر) خوێندیەوە، ڕەنگدانەوەیەکی کاریگەرو قوڵی هەبوو لەسەر ئاژەڵە زیرەکەکان، بۆیە لەدوای سێ مانگی یەکەمی مردنیەوە، دەستکرا بەپێکهێنانی ڕێکخراوێکی نهێنی و، گۆڕانکاری کەوتە تێڕوانینە کۆنەکانی ژیانی ئاژەڵەکانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کەنەدەزانرا کەی پێشبینیەکەی (ماجۆر) دێتەدی و، هەروەکو کەپێشتریش پێشبینی نەدەکرا بۆچوونەکەی (ماجۆر) بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە لەکاتێکدا کە لەژیاندابوو، بەلاّم ئاژەڵەکان بەئەرکی سەرشانی خۆیان دەزانی ئامادەکاری بۆبکەن.

جا لەبەرئەوەی بەراز لەهەموو ئاژەڵەکانی تر زیرەکترە، بۆیە ئەرکی ڕێکخستن و ڕاگەیاندنی داواکاری گیانەوەرەکانی تری خرایە ئەستۆ، لەونێوانەشدا دوو بەرازی گەنج لەبەرچاوان بوون، ئەوانیش: (سنوبڵ)و (ناپلیۆن)بوون، کە(مستەر جۆنز) ئامادەی کردبوون بۆفرۆشتن، (ناپلیۆن) لاشەکەی زل بوو، خاوەن دیمەنێکی ترسناك بوو، لەناوچەی (برکشایر) لەدایك ببوو، زمانی ڕەوان و تەواو نەبوو، بەلاّم بەبەردەوامی بەشێوازی تایبەتی خۆی دەگەیشتە ئەو مەبەستانەی کە دەیەویستن، (سنوبڵ)یش زیندووتربوو لە(ناپلیۆن)، قسەزان و داهێنەریش بوو، بەلاّم کەسایەتیەکەی لاوازتربوو لەکەسایەتی (ناپلیۆن).

بەرازەکانی تری کێڵگەکەش هەموویان نێربوون، بەمەبەستی قەڵەوبوون ئامادەکرابوون، زۆربەیان خەسێنرابوون، بۆیە هیچیان خاوەنی بڕیار نەبوون، تەنها یەکێکیان نەبێت ناوی(سکویلەر)بوو، دەموچاوێکی خڕی هەبوو، قەڵەوی وایلێکردبوو نەتوانێت بەتەواوی هەنگاوەکانی بهاوێت و، چاوەکانی بەقوڵدابردبوون و کاری کردبووە سەر دەنگەکەشی، قسەکەرێکی لێهاتووبوو، خاوەن توانابوو لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە سەختەکاندا، زۆر بەئاسانی دەیتوانی ئەوبەرەوبەر بکات و خۆی ڕزگاربکات، بەهێزو توانای خۆشیەوە کلکی دەجولاند، ئەوانەی گوێیان لێ ڕادەگرت، هیچیان بۆ نەدەمایەوە ئەوەندەنەبێت کە باوەڕی پێبکەن، بەشێوەیەك لەناو ئاژەڵەکاندا دەنگێکی وەها بڵاوبۆوە کە(سکویلەر)توانای ئەوەی هەیە شتەکان هەڵگێڕێتەوەو، سپیەکان بکاتە ڕەش و ڕەشەکانیش بکاتە سپی.

بەم پێیە ئەو سێ بەرازە هەستان بە بەیاساکردنی ڕێوشوێنەکانی (ماجۆر)و، ئامادەکردنی لەڕێبازێکی فیکری کاملّدا کە بە(ئاژەڵی) ناسرابوو، ئەوەشیان خستە ئەستۆی خۆیانەوە کەئەم بیروباوەڕە بەسەر ئاژەڵەکانی تر بخوێندرێتەوەو لێکدانەوەی بۆبکرێت، لەکۆبوونەوە جیاجیاکاندا لەکاتی شەواندا، ئەوکاتەی (مستەر جۆنز) بۆخەوتن دەچێتە سەر جێگەکەی.

سەرەتا سێ بەرازەکە تووشی گرفتی زۆر گەورەبوون لەبڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکەیان، ئەویش بەهۆی نەزانی و سادەیی ئاژەڵەکانی ترو چۆکدادانیان بۆئەوبارە ناهەموارەی کەتێیدابوون، بەشێوەیەك لەناو ئاژەڵەکاندا هی وایان تێدابوو بەپێویستی دەزانی دڵسۆزی بۆ(جۆنز) دەرببڕێت و بەناوی (مستەر جۆنز)وە بانگی بکات، بەسەرو گوێلاکیاندا

هەڵدەدا، تەنها بۆئەوەی بحەوێندرێنەوەو نان بدرێن، دەشترسان لەوەی لەسەر گوێڕایەڵی نەبوون سزابدرێن، هەندێکی تریش لەئاژەڵەکان، بەلایانەوە شەرم نەبوو چەند پرسیارێکی تریش بکەن، وەکو ئەوەی بڵێن: ئێمە بۆچی خەم لەشتێك بخۆین کە لەدوای مردنی خۆمانەوە ڕوودەدات؟ ئەگەر سێ بەرازەکەش باسی ڕوودانی شۆڕشەکەیان کردبا، ئەوا ئاژەڵەکان دەیانگوت: مادام شۆڕشەکە هەر ڕوودەدات، ئەدی خەبات و خۆماندوکردنی بۆچییە؟ بەم پێیە سێ بەرازەکە تووشی کوێرەوەری بوون بەدەست ئاژەڵەکانەوە، هەتا توانیان ناوەڕۆکی ڕێبازە نوێیەکەیان تێبگەیەنن و فێریان بکەن چۆن پابەندبن پێیەوەو خەباتی بۆبکەن، لەوانەیە لەناو هەموو پرسیارەکاندا پرسیارەکەی (مۆڵی) جوانومایین لەهەموویان سادەو ساویلکەتر بووبێت کەدەیگوت: ئایا دوای ئەنجامدانی شۆڕشەکە، من کلۆ شەکرەکانی خۆمم دەستدەکەونەوە؟ ئایا دوای شۆڕشیش دەتوانم وەکوئێستا خۆم بەگوڵینگە ڕەنگاوڕەنگەکان برازێنمەوە؟ (سنوبڵ)یش بەتوندی ڕووبەڕووی قسە هیچ وپوچەکانی (مۆڵی) دەبۆوەو دەیگوت، شۆڕش ناتوانێت شەکر پەیدابکات، ئەوە ئیشی شۆڕش نییە، ئەوەی بۆی دابین دەکرێت تەنها دانەوێڵەو پوش وپەلاشە، دەربارەی گوڵینگە ڕەنگاوڕەنگەکانیش، (سنوبڵ)ڕووی قسەکانی کردە هەمووان و هۆشداری دانێ و گوتی: لەدیدەی مندا ئەوە نیشانەی کۆیلایەتی و ملکەچی یە، بەدەستهێنانی سەربەستی شایستەی ئەوەیە ئاژەڵەکان قوربانی بەوشتە پڕوپوچانە بدەن، جوانوە بەستەزمانەکەش بێ ئەوەی بگاتە ڕەزامەندییەکی تەواو، بەناچاری ملکەچی خۆی نیشاندەدا، هەروەها بەرازەکان، تووشی کێشەی گەورە دەبوون

لەڕووبەڕووبوونـــەوەی هەڵمـــەتی ئـــەو پڕوپاگندانـــەی قەلەڕەشـــە دەسـتـەمۆكەی (مسـتـەر جـۆنز)بڵاوی دەكردنـەوە، كـەڕاهاتبوو لەسـەر هێنـــانوبردنی قســـەو قســـەڵۆكو، ئاشـــكراكردنی نهێنیـــەكانو بڵاوكردنەوەی پڕوپاگندە بەهێزەكان، ئەو قەلەڕەشە وای ڕادەگەیاند كە وڵاتێكی تر هەیە ناوی (چیای شەكری نەباتە)، هەموو ئاژەڵێك دوای مردنـــی بۆئـــەوێ دەنێردرێـــت، كەڕاســـتەوخۆ دەكەوێتـــە ســـەروی هەورەكانەوە لەئاسمان، لەو مەملەكەتە ئاسمانیەدا، ئاژەڵەكان دەكەونە ناو پشوویەكی هەتاهەتاییەوە، بەهۆی ئەو ئێشو ئازارانەی لەژیانی دنیادا چێژتوویانە، لەوێدا لەوەڕی جۆراوجۆری هەموو كەژەكانیان بۆ هەیەو، ڕۆخی شورەی كێلگەی لەوەڕگایانیش، بەبابۆڵەو پاروە نانو پارچەی شەكر دەوورەدراوە، لەگەڵ ئەوەشدا كە ئاژەڵەكان ڕقیان لە(موسیس)ی قەلەڕەش دەبۆوە بەهۆی تەمبەڵیو دڵ ڕەشیەكەیەوە، بەڵام هەندێكیان باوەڕیان بەپێشبینیەكەی دەهێنا دەربارەی مەملەكەتی (شـــەكرونەبات)، بـــەرازەكانیش باوەڕیـــان بـــەو پێشـــبینیە نـــەبوو، دڵســـۆزترین قوتـــابیش لەپـــەیڕەوانی ڕێبـــازە بەرازییـــە نوێیەكـــە، (بۆكســـەروكلۆڤەر) بـوون، كـەتوانیان لەهـەموو ڕێوشـوێنە تازەكـان شـارەزابنو، نـاوەڕۆكی ڕێبازەكـە تازەكـە بەشـێوەیەكی سـادەو ئاسـان بـەناو هـەموو ئاژەڵەكانـدا بڵاوبكەنـەوە، لەوسـنوورەش زیـاتر بیریـان لەهیچ شتێكی تر نەدەكردەوەو، لەكۆبوونەوەكانیان بەردەوام دەبوون، لـــەكۆتایی هـــەموو كۆبوونەوەیەكیشـــدا ســـروودی(ئەی دڕنـــدەكانی ئینگلتەرا)یان دەگوتەوە.

لە بێ ئاگاییـەكی وەهـادا كـەس ناتوانێـت بیهێنێتـە بەرچـاوی خـۆی، شۆڕش دەستی پێكردو سەركەوتنیشی بەدەستهێنا، لەوچەندساڵانەی

ڕابـردوودا، (مسـتـەر جـۆنز) بەڕیوەبەرایـەتی کێڵگەکـەی بـەرەو باشـتر بردبوو، توندوتۆڵیو پەیڕەوی یاسای پێوە دیاربوو، بەڵام دوای ئەوەی سامانو سەروەتەکەی لەدەست چووبوو، هەستت دەکرد توندوتۆڵیەکە وردەوردە بـەرەو خاوبوونـەوە دەڕۆیشـت، هەربۆیـەش بەناچاری خـۆی دابـــووە دەســـت سەرخۆشـــیو بەدڕەوشـــتی، زۆربـــەی کاتەکـــەی لەچێشـتخانەی ماڵەکەیـدا بەسـەردەبردو، ڕۆژنامـەی دەخوێنـدەوەو شـــەڕابی دەخـــواردەوەو، نـــانی لەشـــەراب هەڵدەکێشـــاو دەیدایـــە قەلەڕەشەکەی، خزمەتکارەکانی کێڵگەکە تەمبەڵ ببوونو دڵسۆزنەبوون بۆکارەکانیان، کێڵگەکان بڕبوون لەپووشو پەڵاش، سەربانی خانووەکە هـــەمووی درزی دابـــوو، شـــوورەی کێڵگەکـــە پشـــتگوێ خرابـــوو، ئاژەڵەکانیش لەبیرکرابوونو کەوتبوونە بەر هەڕەشەی برسیەتی.
مـانگی حـوزەیران هاتـەپێش، کـەکاتی دروێنـەی بەڕووبوومـەکان بـوو، لــەڕۆژێکی شــەممەدا، کەڕێکــەوتی ئاهــەنگێکی دەکــرد، جوتیارەکــان بەجـــەژنی (نیـــوەی هاوین)یـــان نـــاودەبرد، (مســـتەر جـــۆنز)یش بەرەوە(ویلنگـدون) کـەوتبووە ڕێ، بـۆ ئاهـەنگ گێـڕان بـەم بۆنەیـەوە، لەسەرخۆشـخانەیەك بەناوی(شـێری سـور)، ئەوەنـدەی خـواردەوە هـەتا بەتەواوی سەرخۆش بوو، بەهۆش خۆی نەهاتەوە هـەتا نیوەڕۆی ڕۆژی یـــەك شـــەممە، بـــەم پێیـــە کاروبـــاری کێڵگەکـــە کەوتـــە ئەســـتۆی کرێکارەکانـەوە، ئـەوانیش بەربـەیانی ڕۆژی یـەك شـەممە مانگاکانیـان دۆشین، پاشان ڕۆیشتن بۆ ڕاوە کەروێشك، بـێ ئـەوەی بیر لەوەبکەنەوە کەئاژەڵـەکان برسـییانەو ئالیکیـان نـەدراوەتێ، کـە (مسـتەر جـۆنز)یش لەگەشـــتەکەی گەڕایـــەوە، لەســـەر کورســـیەکەی ژووری دانیشـــتنەکە دانیشـتو ڕۆژنامەیـەکی (هەواڵـەکانی جیهـان)ی بەسـەر چـاوی خـۆی

داداو، کەوتە خەوێکی قوڵەوە، ئاژەڵەکانیش لەسەر برسیەتیەکەیان بەردەوامبوون هەتا کاتی ئێوارە، کاتی ئێوارەش کاتێکی وەهایە دان بەخۆداگرتن نامێنێت لەلایەن ئاژەڵی برسییەوە، بۆیە یەکسەر مانگایەك بەقۆچەکانی دەرگای عەمبارەکەی پاڵپێوەنا، بەدوایدا ئاژەڵەکانی تریش هاتنەژوورەوەو، دەستیان کرد بەخواردنی ئەوشتانەی کەدەکەوتنە بەردەستیان، لەوبەینەدا (مستەر جۆنز) بەخەبەرهات و بانگی ئەو چوار کرێکارانەی کرد کەئیشەکەیان لەناو عەمبارەکەدابوو، ئینجا هەموویان قامچیەکانیان بەرزدەکردنەوەو لەئاژەڵەکانیان ڕادەکێشان و لەعەمبارەکە دەیانکردنە دەرێ، ئەم دڵ ڕەقییەش زۆر لەوە گەورەتربوو کە ئاژەڵە برسیەکان لەئاستیدا توانای خۆڕاگریان هەبێت، بۆیە بەبێ ئەوەی پیشتر هیچ حساباتێك بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەم قامچی بارانە کرابێت، هەستت دەکرد هاودەنگییەك هەموو ئاژەڵەکانی کۆکردبۆوەو، وایکرد ئاژەڵەکان هێرش بکەنە سەر جەلادەکانیان و تێیان هەڵدەدەدان و قەپاڵیان لێدەگرتن، هەتا کار گەیشتە ئەوەی دەسەڵات لەدەستی پاسەوانەکان هێنرایەدەرەوە، پاسەوانەکانیش پێشبینی ئەوەیان نەکردبوو کەلەلایەن ئاژەڵەکانەوە ئاوەهایان پێبکرێت، بۆیە ورەیان ڕوخاو چیتر نەیانتوانی دەست بکەنەوەو پارێزگاری لەخۆیان بکەن، بەم پێیە ترسێکی زۆر لەسەر دڵیان نیشت و، بەرەو دەرەوەی کێڵگەکە تێیان تەقاند، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە ئاژەڵەکان لەشەڕەکەدا سەرکەوتن، کرێکارەکان بەرەو شەقامە گشتییەکە ڕایان دەکردو ئاژەڵەکانیش بەدوایانەوەبوون، هاوسەرەکەی (مستەر جۆنز)یش لەپەنجەرەی ژوورەکەیەوە سەرنجی ڕووداوەکەی دەدا، کاتێك بینی چ کارەساتێك تووشی مێردەکەی و

پاســـەوانەکان هـــات، بەپەلـــە کەلوپەلـــەکانی کۆکردنـــەوەو بـــەپڕتاو بەلایەکەی تردا هەڵات و کێڵگەکەی جێهێشت، قەلەڕەشەکەش لەدوایەوە دەفڕیو، ماڵ ئاوایی لەڕۆژە خۆش و بەتامەکان دەکرد، جا کەئاژەڵەکان دڵنیابوونـەوە لـەوەی سـەرکەوتنیان بەدەسـت هێنـاوەو دوژمنـەکانیان لەکێڵگەکـە بـەدەرنان، هەسـتان دەرگـا گەورەکـەی کێڵگەکـەیان داخسـت کەپێنج شیشەی ئاسنی بۆبەرگری پێوەبوون، بەم شێوەیە پێش ئەوەی ڕووداوەکان شی بکرێنەوەو بەدوای یەکتریدا ڕیزبەند بکرێن، ئاژەڵـەکان گەیشـتنە ئـەوباوەڕەی کەشۆڕشـەکەیان سـەرکەوتنی بەدەسـتهێناوەو، لەمەودوا کێڵگەکەی (مستەر جۆنز) دەبێت بـەموڵکی خۆیـان، بۆیـە هـەر لەسـەرەتاوە پـێش ئـەوەی سەرسامیەکەیان بڕەوێتـەوە، کەبـەهۆی ئـەم سـەرکەوتنەوە خۆشـەوە تووشـی ببـوونو، پـێش ئـەوەی بەتـەواویش بێنـەوە هـۆش خۆیـان، دەستیانکرد بەغارغارێنو هەڵپـەڕین بـەدەووری پـەرژینی کێڵگەکـەدا، بۆئـەوەی دڵنیاببنـەوە لـەوەی کەکێڵگەکـەیان هـیچ مرۆڤێکـی تێـدا نـەماوە، پاشـان بـەرەو خانووەکـانی تـری نـاو کێڵگەکـە خشان، بۆئەوەی دواشوێنەوارەکانی دەسـەڵاتی مرۆڤـی تێـدا بسـڕنەوە، چـوونە نـاو عـەمباری کەلوپەلەکانیشـەوە کە(مسـتەر جـۆنز) لەوێـدا شتەکانی هـەڵیگرتبوون، وەکو لغـاوو ڕێشـمەو کورتـانو زینـی ئەسـپو ئەڵقـەی لـوتو زنجـیری سـەگەکانو تیغـەکان بـۆ خەسـاندنی مـەڕو بـەرازەکان، هـەموویان کۆکردنـەوەو هەڵیاندانـە چـاڵێکەوەو، هـەموو قـایشو ڕێشـمەو زنجـیرو قامچـیو چاوبەسـتەو ئـامێری لـووت کونکردنـەکانیان هەڵدانـە نـاو ئـەو ئاگردانـەی کـە لەحەوشـەکەدابوو، کـاتێکیش ئاگرەکـە دوکـەڵی ئـەو تـرسو تۆقانانـەی لـول دەدانو دەیسـوتاندن، هاتوهـاوارێکی خۆشـی لـەناو ئاژەڵەکانـدا بـەرزدەبۆوە،

(سنوبڵ)یش بەئەنقەست ئەو گوڵینگە ڕەنگاوڕەنگانەی هەڵدەدانە ناو ئاگرەوە کەکاتی خۆی (مستەر جۆنز) لە پرچ و کلکی ئەسپەکانی دەبەست، کاتێك کەپێیان دەچوو بۆ بازاڕەکان، ڕاشی گەیاند ئەو گوڵینگەو قردێلانە وەکو جلوبەرگی ئادەمی وەهایەو لەگەڵ بیروباوەڕی ڕووتی ئاژەڵەکاندا تێك ناکاتەوە، لەوکاتەدا(بۆکسەر) کلاوێکی لەسەر پوش وپەلاشەکە هێنایەخوارەوەو هەڵیدایە ناو ئاگرەکەوە، کەکاتی خۆی (مستەر جۆنز) هاوینان لەسەری دەکرد، بۆئەوەی لە مێش ومەگەز بیپارێزێت، (ناپلیۆن)یش ئاژەڵەکانی پێش خۆی دان و بەرەو عەمباری گەنمەشامیەکە چوون، لەوێ هەریەکەی بەشی دوو ژەمی خواردن دانیێ، بۆ سەگەکانیش هەریەکەی دووپارچە پسکیتی دانیێ، دواتر ئاژەڵەکان حەوت جار لەسەر یەك سروودەکەی شۆڕشیان گوتەوە لەسەرەتاوە تاکۆتایی، پاشان بارەکە ئارام بۆوە، ئاژەڵەکان خەوبردنیەوە، بەشێوەیەك لەتەمەنیاندا خۆشی وایان بەخۆیانەوە نەبینیبوو، بەربەیانیش بەخەبەرهاتن، شانازیان بەو سەربەستیە نوێیەو سەرکەوتنی شۆڕشەکەیانەوە دەکرد، ئینجا ڕوویان کردە لەوەڕگاکانی کێڵگەکەو چوونەسەر گردەبەرزەکەی کەدەیڕوانیە هەموو کێڵگەکەو، لەترۆپکی هەواو ئارەزووەکاندا دەهاتن و دەچوون و ڕمبازیان دەکردو، لەشی خۆیان لەئاونگی گیاوگۆڵەکان وەردەداو، بۆنی خاکیان دەکرد، ئەوبۆنە خۆشەیان دەکرد کەخاك دەری دەپەڕاند! ئینجا لەسووڕانەوەی ناوکێڵگەکەیان بەردەوام بوون و بەسەرسوڕمانەوە چاویان دەبڕییە کێڵگە کێڵراوو داچێنراوەکان و، داری میوەو گۆمی ئاوەکە، وەکو بڵێی پێشتر دڵیان بەجوانی ئەوشتانە خۆش نەبووبێت و، لەوڕۆوە بووبێت بەموڵکێکی تایبەتی خۆیان، پاشان چوونەناو ئەو

خانووەی کە(مستەر جۆنز) تێیدا نیشتەجێ ببوو، بەڵام لەدڵیاندا ترسێك هەبوو، خەریکبوو بیانگێڕێتەوە، بەڵام (سنوبڵ)و (ناپلیۆن) بەشانیان دەرگاکەیان کردەوەو چوونە ناو ماڵەکەوە، ئاژەڵەکانی تریش بەدوایاندا چوونە ژووری، بەترسەوە لەسەر نووکی پەنجەکانیان لەژوورێکەوە دەچوونە ژوورێکی تر، وەکوئەوەی بڵێی دەترسان لەوشتە نادیارەی کەلەمێشکی خۆیاندا ترسیان لێی هەبوو، زۆر بەبێدەنگی هەستی خۆیان دەردەبڕی بەرانبەر دیمەنی ئەوشتانەی کەدەیاندیتن لەسەر تەنیشتی تەختی خەوتن و سەرچەفە توکدارەکان و ئاوێنەو قەنەفەو مافوری بەلجیکی و، ڕەفتە نایابەکەی ئاگردانەکەش کە لەسەرویەوە وێنەیەکی شاژن ڤیکتۆریا هەڵواسرابوو، کاتێکیش ویستیان لەماڵەکە بچنەدەرەوە، بۆیان ڕوونبۆوە کە جوانو ماینەکە(مۆڵی) دیارنییە، بۆیەگەڕانەوە، دیتیانەوە لەژووری نووستنە سەرەکیەکە خۆی شاردۆتەوەو، قردێلەیەکی شینی لەپاشماوەی جلەکانی (مستەر جۆنز) لەخۆی بەستووەو، لەئاوێنەیەکی زۆر جواندا تەماشای خۆی دەکات، گەیوەتە ترۆپکی شانازی بەخۆکردنەوە، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی لەلایەن ئاژەڵەکانەوە ڕقێکی بەسەردا بڕێژرێت، پاشان چوو بۆ چێشتخانەی ماڵەکەو هەندێك گۆشتی بەرازی وردکراوی دەرهێنا، بۆئەوەی لەدیمەنێکی خەفەتباراویدا بیخاتە ژێر خاکەوە، (بۆکسەر)یش هەڵی کوتایە سەر گۆزەی شەڕابەکەو شکاندی، لەپاش ئەو ڕووداوانە، هەموو ئاژەڵەکان لەسەر ئەوە ڕێککەوتن هەرچی لەماڵەکەی (مستەر جۆنز)دا هەیە، وەکو خۆی بمێنێتەوەو بپارێزێت وەکو مۆزەخانەیەك، کەشایستە نیە ئاژەڵەکان بیکەنە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆیان.

دوای نانی بەیانی(سنوبلٚ)و(ناپلیۆن)، هەموو ئاژەڵەکانیان کۆکردنەوە، (سنوبلٚ) وتارێکی خوێندەوە، هۆشداری دایە ئاژەڵەکان، بەوەی پێویستە ئەرکەکانیان جێ بەجێ بکەن، گوتی: ئەی هاوڕێیان، خەریکە دەبێت بەسەعات شەش‌ونیو، کاتی دروێنەی ئالفەکەیە، بەلاٚم پێش چوون بۆ دروێنەکەش سەرنجی خەڵکەکەی بەوە ڕاکێشا، کەهەموو بەرازەکانی کێڵگەکە فێری خوێندەوارییەکی باش بوون، بەهۆی کەڵك وەرگرتن لەکتێبە کۆنەکانی (مستەر جۆنز)وە، (ناپلیۆن)یشی نارد بۆ بۆیاغکردنی دەرگا سەرەکیەکە بەڕەنگی ڕەش‌و سپی، (سنوبلٚ)یش بەهۆی ئەوەی کەخاوەن بەختێکی باش‌و خوێندەوارێکی باش بوو، ناونیشانی کێڵگەکەی گۆڕی لە(مانۆر) بۆ(کێڵگەی ئاژەڵەکان)، بەم پێیە کێڵگەکە ناوێکی تازەی بۆدانرا، پاشان ئاژەڵەکان چوونەناو خانووبەرەکانی کێڵگەکەوە، (سنوبلٚ)و (ناپلیۆن) داوایانکرد، قادرمەیەك بهێنرێت، بۆ ئەوبەشەی دیواری پشتەوەی تەویلەکە، کەبەهۆی دوکەڵی ئاگرەوە ڕەش ببوو، ئینجا دووبەرازەکە(سنوبلٚ)و(ناپلیۆن) ڕایانگەیاند کە لەماوەی سێ مانگی ڕابردوودا گەیشتوونە ئەنجامێك ڕێبازە ئاژەڵیەکەی (ماجۆر)یان کورت‌و پوخت کردۆتەوە، کە لەحەوت وەسیەتدا ناوەڕۆکی ڕێوشوێنەکان بەدەردەخات، هەردووکیشیان مەبەستیانە ئەم وەسیەت نامەیە لەسەر دیوارەکە بنووسرێتەوە، بۆئەوەی ببێت بەچرایەك بۆئاژەڵەکان، بەنموونەیەکی خۆیانی دانێن‌و، وەکو یاساش کاری پێبکەن.

(سنوبلٚ) زۆر بەناڕەحەتی بەیارمەتی(سکویلەر)، بەقتووە بۆیاغەکەوە سەرکەوتە سەر قادرمەکەو، بەپیتی ئاشکرا بەڕەنگی سپی دەستی بەنووسین کرد، بەشێوەیەك لەدووری (30)سی یاردەوە دەتوانرا

نووسـینەکە لەسـەر دیـوارە ڕەشـە دوکەڵاویەکـەوە بخوێنرێتـەوە، بـەم شێوەیەی خوارەوە:

حەوت وەسیەتەکە:

یەکەم: هەرگیانداریێك لەسەر دووقاچ بڕوات، ئەوا بەدوژمنی ئاژەڵـەکان دادەنرێت.

دووەم: هەر گیانـداریێك لەسـەر چوار قاچ بڕوات، یـان دووباڵی هـەبێت، ئەوە بەهاوڕێی ئاژەڵەکان دادەنرێت.

سێیەم: ئاژەڵەکان بۆیان نییە جلو بەرگ بپۆشن.

چوارەم: ئاژەلەکان بۆیان نییە لەسەر تەختو چارپایە بخەون.

پێنجەم: ئاژەڵەکان بۆیان نییە شەرابو سەرخۆشکەرەکان بخۆنەوە.

شەشەم: هیچ ئاژەڵێك بۆ نییە ئاژەڵێکی تر بکوژێت.

حەوتەم: هەمووئاژەڵەکان بەیەك چاو سەیردەکرێن.

لەگـەڵ ئەوەشـدا وەسـیەتەکان بەخـەتێکی جـوان نووسـرابوونەوە، بـەڵام هەنـدێك هەڵـە ڕوویانـدابوو لەنووسـینەوەکەدا، وەکوئـەوەی لـەجیاتی وشەی هاوڕێ نوسرابوو: (هاڕوێ)، یان لەشوێنێکی تـردا پیتـی (سین) بەبچـووکی نووسـرابوو، بێجگـە لەوانـە نووسـینەکە زۆر ڕاسـتو گونجـاوبوو، (سـنوبڵ)یش بۆجـاری دووەم بەنـد بەنـد وەسـیەتەکانی بەسـەر هەمووانـدا خوێنـدەوەو، بەزۆرینـەی دەنگـی ئامـادەبووان ڕەزامەنـدی لەسـەر نیشـاندرا، ئاژەڵـە زیرەکـەکانیش یەکسـەر لەسـەر بەرگی دڵی خۆیان لەبەریانکرد، (سنوبڵ)یش فڵچەکەی فڕێداو، داوای لێکـردن هەرکەسـەی بچـێتە سـەر ئیشـی خـۆیو، گـوتی: کـارێکی سەختمان لەبەردەمدایە، لەئەستۆی هەموو ئاژەڵەکاندایە کە لە(مستەر جـۆنز)و دارودەسـتە ئادەمیەکـەی باشـتر ئـەنجامی بـدەن، لەودەمـەدا

ئاژەڵـەکان گوێیـان لـەبۆڕەبۆڕی مانگایـەك بـوو دەینالاَنـد، واپێدەچـوو لـەبارێکی ناڕەحەتیـدابوو، بـەهۆی ئـەوەی شـەووڕۆژێکە نەدۆشـراوە، گوانـەکانی خـەریکبوو دەتـەقین، پـاش کـەمێك لەبیرکردنـەوە، بەرازەکان دۆلکـەکانیان هێنــان‌و مانگاکــەیان دۆشــی، پێــنچ دۆلکــەیان پڕکــرد، ئاژەڵـەکانیش برسـیەتی وایلێکردبـوون مـەیلی خـواردنی شـیرەکەیان هەبێت، بەچکە ئاژەڵەکانیش ئـەوەیان بـەبنگوێی گەورەکانـدا دەچرپاند کەکاتی خۆی (مستەر جۆنز) هەنـدێك شـیری بـۆ تێکـەڵ دەکـردن لەگـەڵ عەلەفەکـەیان، لەودەمەیـدا کـە(ناپلیۆن)، دۆلکـە شـیرەکانی لـەلای خـۆی کۆکردبوونــەوە، هــاواری کــرد: پێویســت ناکــات ئاژەڵــەکان خۆیــان ناڕەحەت بکەن بەبیرکردنەوە لەکارێك کە ئیشی ئەوان نییە، بۆیـە داوای لەهـەمووان کـردو، گـوتی: ئـەی هاوڕێکـانم، پێویسـتی سەرشـانی ئێمـە ئەوەیـە هەرئێسـتا هـەمووومان بچین بەربەوومـەکان کۆکەینـەوە، کەبۆتـە ئـەرکێکی سـەرەکی سەرشـانمان، بۆیـە هـاواری کـرد: دەی هاوڕێکـانم: بـەرەو پێشــەوە بـڕۆن، منـیش بەدواتانـدا دێـم، بـەم پێیـە ئاژەڵـەکان بۆئیش‌وکارەکانیـان بلاَوبوونـەوە، کـاتێکیش کەگەڕانـەوە بـۆ کێڵگەکـە، سەرنجیاندا شوێنەواری شیرەکە نەمابوو!

## بەشی سێیەم:

ئاژەڵــــەکان زۆر مانـــدووبوون، لەکۆکردنــــەوەی بەروبوومەکانیشـــدا بەشێوەیەك هـەوڵیان دەدا کەپێشتر وەها تێنەکۆشابوون، بـەم هۆیـەوە بەروبوومێکی زۆریـان دەستکەوت، کارکردنیش لەکێڵگەکەدا وا ئاسان نـــەبوو وەکـــو بـیری لێدەکرایـــەوە، ئامێرەکــانی چــاندن و درونـــەوە بەشـــێوەیەك دروســـتکرابوون کەتـــەنها ئـادەمیزاد بتوانێـت بـــەکاریان بێنێــت، کــارێکی زۆر نــاخۆش بــوو بۆئاژەڵــەکان لەســەر قاچــەکانی دواوەیـان بوەسـتن و بەقاچـەکانی پێشـەوەش ئامێرەکـان بگـرن، بـەڵام بەرازەکان بەهۆی زیرەکییانـەوە چۆکیان بەوگرفتانـە دادابوو، هـەروەها ئەسپەکانیش دەربارەی نهێنیـەکانی ئیش وکاری ناوکێڵگەکـە، خـاوەن زانیارییـەکی زۆربـاش بـوون، بەتایبـەتی لـەئیش وکارەکانی هـەڵکۆڵین و ڕاداندا، زۆر لە(مستەر جۆنز)و کرێکارەکانی باشتربوون.

براگەورایـــەتی کردنــــی ئاژەڵـــەکانیش بەتـــەواوی کەوتـــە ئەســـتۆی بەرازەکانـــــەوە، بـــــەهۆی زیرەکـــــی و بیرکردنەوەکانیانـــــەوە، بۆیـــــە تایبەتمەنـــدییان وەرگـــرت لـــەکاروباری چـــاودێری و بەڕێوەبردنـــدا، ئیشـەکانی تریشـیان بۆئاژەڵـەکانی تـر جێهێشـت، (بۆکسـەر)و(کلۆفەر) ئامێرەکـــانی ڕامـــاڵین و کـــێڵان و دروێنـــەیان ڕادەکێشـــان، ناوەنـــاوەش بـەرازەکان بـانگێکی دەستخۆشـی کردنیـان بەسـەر ئاژەڵەکانـدا لێـدەداو دەیانهێنانەوە هۆشی خۆیان، بۆئەوەی لەسەر کارەکەیان بەردەوام بن و کاتەکـەیان بەفیڕۆنـەدەن، هـەموویان بەدڵسـۆزییەوە هەریەکـەیان بـەپێی توانـــای خـــۆی، خـــەریکی ئەنجامـــدانی کارەکانیـــان بـــوون، تەنانـــەت

مریشك‌و مراویش ئەوەندەی لەتوانیاندابوو پوش‌و پەلاش‌و ئالیکیان بەدەندوکەکانیان دەگواستنەوە!

لەگەڵ ئەوەشدا بەرووبومەکە یەکجار زۆربوو لەچاو ڕابردوودا، بەلام دوای دووڕۆژ کارکردن لەڕۆژەکانی هاوینیدا بەتەواوی کارەکانیان ئەنجامدان، بەبێ ئەوەی هیچ شتێکیش خەسار ببێت، تەنانەت مریشك‌و مراویەکانیش ئەو تاڵە پوش‌و پەلاشانەیان کۆدەکردنەوە کەبلاودەبوونەوەو، نەیاندەهێشت بەفیڕۆ بڕوات، گیانەوەرەکانیش چڵێکیان بۆخۆیان نەدەدزی، ئیشەکە لەماوەی هاویندا بەڕێکوپێکی وەکو چرکەی کاتژمێر بەڕێوەدەچوو، ئاژەڵەکانیش لەوپەڕی دڵخۆشیدابوون، ئارەزوویان بەو خواردنانە دەهات کە بەدەستەکانی خۆیان بەرهەمیان هێنابوون، هەمووشی ببوو بەماڵی خۆیان، وەکو پێشان نەمابوو، ئادەمیزادی لووت بەرز گەورایەتی ئاژەڵەکانی دەکرد، جاروباریش خێرێکی کەمی لەئەستۆی خۆی دەگرت‌و دەیدایە ئاژەڵەکان، بەم پێیە خێروبەرەکەت باڵی بەسەر هەمووواندا کێشا، دوای ئەوەی ئەو ئادەمیزادە مشەخۆرە بێ کەڵکە لەناویاندا کرایەدەرەوە! سەیرتریش لەوە ئەوەبوو کەئاژەڵەکان دوای ئەم هەموو ئیش‌وکارانەش کە ئەنجامیان دەدان، کەچی بواری پشوودان‌و بێ ئیشییان ڕەخساوتر لەجاران، بەلام سادەو ساویلکەییەکەیان بەکاری بەڕێوەبەرایەتی‌و کشتوکاڵەوە، تووشی زۆر گرفتی دەکردن، بۆنموونە: لەکاتی دروێنەدا، ئامێری درونەوەی گەنمیان نەبوو، بۆیە ناچاردەبوون پەیڕەوی شێوازە کۆنەکە بکەن، ئەویش بەوشێوەیەبوو: بەسەر گەنمەکەدا دەڕۆیشتن‌و بەقاچەکانیان دەیانشێلا، هەتا دەنك‌و توێکڵەکە لەیەکتری جیادەبوونەوە، پاشان بەهۆی (با)وە کایەکە لەگەنمەکە

دووردەخرایەوە، (بۆکسەر)یش بەهۆی ماسولکە بەهێزەکانیەوە، پشتیوانیەکی بەهێزبوو بۆ ئاژەڵەکان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر پێشهاتێکی لەپڕ کەبووبایە ڕێگر لەبەردەمیان، ئەویش ئەو توانایە بەهێزەبوو کەهاوتای هێزی سێ ئەسپی دەکرد! لەڕاستیشدا ئەرکی جێبەجێکردنی هەمووکارەکانی دەکەوتە ئەستۆوەو زۆر بەئاسانیش ئەنجامی دەدان، ببووە جێگەی سەرنجی هاوڕێکانی، زۆربەی کاتەکانی لەنێوان خۆرهەڵات و خۆرئاوابووندا بەڕاکێشان و پاڵپێوەنانەوە دەبردە سەر، لەهەرشوێنێ بانگیان کردباو پێویستیان پێیبا، لەوێ ئامادەدەبوو، (بۆکسەر) لەگەڵ کەڵەشێرێکدا پەیمانێکیان بەستبوو، بۆئەوەی وەکو خۆبەخشێنێك بەنیوسەعات پێش دەستپێکردنی کارەکان بەخەبەری بێنێت، لەم کارەشیدا شیعارەکەی ئەوەبوو کەهەرکاتێك تووشی تەنگەبەرییەك بووبا لەناو کێڵگەکەدا، دەیگوت و دەیگوتەوە: (ئەوەندەی بۆم بکرێت ئیش دەکەم)، ئاژەڵەکانی تریش بەهەمان شێوە ئەرکەکانی خۆیان بەتەواوی جێبەجێ دەکرد، هەریەکە بەپێی توانای خۆی لەژێر کاریگەری دڵسۆزیەکەی بۆئەنجامدانی کارەکە، بۆنموونە مریشك و مراوی بەشێکی زۆری ئەو بەرهەمەیان کۆدەکردەوە کە بەولاولادا دەکەوت و با دەیبردن، یان وەکو ئەوەی هەموو ئاژەڵەکان دەستیان لەدزیکردن گرتبۆوە، یان بێدەنگیان دەردەبڕی بەرانبەر دەربڕینی بێبەشبوونیان بەهۆی کەمی ئەو بەشەخۆراکەی کەدەیاندرێتێ، یان خۆپەنادانیان لەشەڕو یەکترگەزتن و، خۆنواندنیان لەبەرچاوی یەکتری، کە پێشتر لەسەردەمی ڕابردوودا ڕوویاندەدا لەناو کێڵگەکەدا.

کەسیش لەکارەکانیدا خۆی بەدوا نەدەدا، مەگەر جوانومایینەکە نەبێت، درەنگتر بەخەبەردەهات و پێشتریش دەستی هەڵدەگرت، لەبەرانبەریشدا هەموو شێوازێکی بەخشین و لێبووردنی دەنواند، هەروەها هەڵسوکەوتەکانی پشیلەکەش جێگەی گومان بوون، لەسەرەتای کارەکاندا خۆی بزردەکرد، بەدەرنەدەکەوتەوە هەتا کارەکان تەواو نەبووبان، یان لەکاتی نان خواردندا پەیدادەبۆوەو خۆی وا نیشاندەدا وەکو هیچ ڕووی نەدابێت وەهابوو، ئەگەر لەسەر هەڵسوکەوتەکانیشی لۆمەکرابا، ئەوا بەمیاواندنەکەی جوانترین لێبووردەیی دەنواند، گوێدرێژە پیرەکەش (بنیامین)، لەدوای شۆڕشیش هەروەکو خۆی مابۆوە، هیچ گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتبوو، وەکو جاران ئیشەکانی بەلاملی و لەسەرخۆیی ئەنجام دەدان، ئەگەر وادەی ئەنجامدانی ئیشێکیشی دابایە، ئەوە هەرگیز خۆی نەدەگرخاند، بەخۆبەخشیش شتێك لەوئیشەی زیاتر نەدەکرد کەبۆی دادەنرا، بەلام دەربارەی بیروبۆچوونی ڕێبازە مەزهەبییەکەی، ئەوە زۆر خۆی بەتوند نیشاندەداو، نەیدەویست بەڕوون و ئاشکرا بیروڕای خۆی دەرببڕێت، ئەگەر پرسیاریشی لێکرابا دەربارەی ئەو سەردەمە نوێیە لەسایەی شۆڕشدا؟ ئەوا لەپرسیارەکەدا وەلامێکی وەهای هەڵدەهێنجا هیچ پەیوەندییەکی بەپرسیارەکەوە نەبایە، وەکوئەوەی کەدەیگوت: ژیانی گوێدرێژەکان درێژە، کێ لەئێوە گوێدرێژێکی بینیوە گیانی دابێت؟ هاوڕێ ئاژەڵەکانیشی بەوشێوازی بێنەوبەرەو هەڵخەڵەتاندنەیان دەزانی.

ڕۆژانی یەکشەممان پشووی فەرمی بوو، نانی بەیانی کاتژمێرێك درەنگتر دەخورا، جا کە لەنانخواردن دەبوونەوە، خەریکی ئەنجامدانی ئەو ڕێوڕەسمانە دەبوون کەپێشتر واڕاهاتبوون لەپشووەکاندا

ئـەنجامیان دەدان، بەپلـەی یەکـەم بەرزکردنـەوەی ئـالآبوو، (سـنوبلّ) لەژووری کەلوپەلەکاندا سەرچەفی سەرمێزێکی هاوسەرەکەی (مستەر جۆنز)ی دۆزیـەوە کـەڕەنگی سـەوزبوو، وێنـەی سمێـك(پێی ئـاژەڵ)و قۆچـێکی تێـدابوو، ئـەو سـەرجەفە وەکـو ئـالآ بەرزکرایـەوە، (سـنوبلّ) ڕوونـی کـردەوە کـە: ڕەنگـی سـەوز نیشـانەیە بۆکێڵگـە سـەوزەکانی ئینگلتەرا، بەلآم سم‌و قۆچەکان نیشانەی سستەمی کۆماری ئاژەڵەکانە، کـەناوەڕۆکی کۆمـاری بوونـە هەرەگەورەکەیـە، دوای ئـەوەی ئینگلتـەرا بەتەواوی لەدەسەلآتی ئادەمیزاد پاکدەکرێتەوە.

دوای بەرزکردنـەوەو سـلآوی ئـالآ، ئاژەڵـەکان بـەرەو تەویلـە گەورەکـە دەڕۆن، ئینجا دەگلێنە ناو وتووێژێك لـەبارەی ئیش‌وکارەکـانی هەفتـەی داهاتووەوە، ئینجا دوای ئەوەی دەنگ لەسەر بڕیارەکان دەدەن، هـەموو ڕێکدەکـەون لەسـەر چـۆنیەتی جێبـەجێکردنی کارەکـان، لەڕاستیشـدا بـــەرازەکان خـــاوەنی بـــیروڕاو داهێنانـــەکان بـــوون، پاشـــان بیروبۆچـوونەکانیان دەخرایـە بـەردەم ئاژەڵـەکان‌و دەنگـی لەسـەردەدرا، لەم بوارەشدا جووتە بەراز(سنوبلّ‌و ناپلیۆن) هەرچەندە لەناوخۆشیاندا هـاوڕا نـەبوون، بـەلآم بیروبۆچـوونەکانیان گەشـاوە دەردەکـەوتن لـەناو ئاژەڵەکاندا، ئەگـەر یـەکێکیان پێشـنیاری شـتێکی کردبـاو ئاژەڵـەکانیش ڕەزامەنـدیان لەسـەر دابـا، ئەوەکـەی تریـان لەسـەر وردەکاریـەکانی ئـەم بابەتـە کێشـەی دروسـت دەکـرد، بۆنموونـە: کـە بڕیـاردرا باخچـەیەك بـۆ ئاژەڵـەپیرەکان دروسـت بکرێـت لـەپاش باخچـەی میوەکانـەوە، کێشـە کەوتە نێوانیانەوە لەسەر تەمـەنی ئـەو ئاژەلآنـەی کەڕێگـەیان پێـدەدرێت بچـــنەناو ئـــەو باخچـــەیەوە، لەکۆتاییشـــدا ئاژەڵـــەکان بەگوتنـــەوەی

سروودی(ئەی دڕندەکانی ئینگلتەرا) کۆتاییان بەکۆبوونەوەکە دەهێناو، دوای نیوەڕۆش بۆ خۆشی و گەڕان و سەیران تەرخان دەکرا.
بەرازەکان عەمباری کەلوپەلەکانیان وەکو بنکەیەکی سەرکردایەتی بەکاردێنا، لەوێدا ڕاهێنانیان لەسەر هەموو کاروبارەکانی کێڵگەکە دەکرد، وەکو کاروباری دارتاشی و ئاسنگەری و هەموو پێداویستیەکانی تری کێڵگەکەش، هەموو ئەم زانیاریانەش لەوکتێبانەوە فێرببوون کە(مستەر جۆنز) دوای خۆی جێیهێشتبوون، هەروەها (سنوبۆڵ) بەبێ هیچ کەموکوڕییەك کاتی خۆی دیاریکردبوو بۆ دامەزراندنی کۆمەڵێك لیژنە، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری ئاژەڵەکان، لەمریشکەکان لیژنەیەکی پێکهێنا، بۆ ڕێکخستنی کاروباری کۆکردنەوەی هێلکە، لەمانگاکانیش لیژنەیەکی پێکهێنا، بۆکاروباری پاککردنەوەی پاشەواری ئاژەڵەکان و، لیژنەیەکیشی لەگیانەوەرە کێویەکان پێکهێنا، بۆ ماڵیکردنی مشك و کەروێشکەکان، لیژنەیەکیشی پێکهێنا بۆکاروباری خوری بەسەرپەرشتی مەڕەکان، لیژنەیەکیش بۆ نەهێشتی نەخوێندەواری دانرا، لیژنەی لەم شێوانەش بەڕێکەوت نەبا سەرکەوتنیان بەدەست نەدەهێنا، لەبەرئەوەی ئاژەڵەکان لەسەر ڕەوشتە بنەڕەتیە ئاژەڵیەکەی خۆیان دەڕۆیشتن، ئەگەر بەڕاستی و دروستیش مامەڵەیان لەگەڵ کرابا، ئەوە خۆپەرستی و هەلپەرستیان پێوە دیاردەبوو، پشیلەش بەشداری کرد لەلیژنەی گونجاندن و ڕاهێنانی ئاژەڵە کێویەکان، لەوبوارەشدا زۆر جووست بوو، هەرچەندە ئەنجامێکی سەرکەوتووشی نەبوو، بەلام لەهەوڵدابوو چۆلەکەکان بەوە ئاگادار بکاتەوە کەپەیڕەوی برایەتی بکەن و، باوەڕیان بەبنەماکانی شۆڕش هەبێت، لەلایەکی تریشەوە لیژنەی نەهێشتنی نەخوێندەواری هەنگاوی

زۆر گـەورەی نـا بـەرەو پێشـەوە، کـاتێکیش پـایز هـات، ئاژەڵـەکان ئەندازەیـەکی چـاك فێـری خوێنـدەواری ببـوون، بـەرازەکان و سـەگەکان بەتـەواوی شـارەزایی خوێندنـەوەو نووسـین ببـوون، بەشـێوەیەکی تایبـەتیش بیروهۆشـی خۆیـان دابـووە حـەوت وەسـیەتەکە، بزنەکـەش (موریەڵ) شارەزاییەکی چاکی لەبنەماکانی خوێندنەوەدا پەیداکردبوو، هـەموو ئێـوارانیش هـەواڵی ئـەو ڕۆژنامـە کۆنانـەی بـۆ هاوڕێکـانی دەخوێندنەوە کە لەکێڵگەکەدا مابوونەوە، پلەی هەوڵدانی (بنیامین)یش بۆخوێندنـەوەی نووسـراوەکان هاوتـای توانـای بـەرازەکانی دەکـرد، هەرچەندە لـەم بوارەشـدا نەیدەویسـت لێهاتووییەکـەی خـۆی دەرخـات، بەبـەردەوامیش هـەر دەیگـوت و دەیگوتـەوە: (ئەوەنـدەی ئـەو دەرکـی پێـدەکات، لـەدنیادا شـتێك نییـە شایسـتەی خۆمانـدوکردن بێـت، بـۆ فێربوونی خوێندەواری و توێژینەوەی شتەکان)، هەروەها (کلۆڤەر) فێری پیتەکانی نووسین ببوو، بەڵام بێ توانابوو لەوەی ڕیزیان بکات و وشـەو ڕسـتەی پڕمانایـان لێ پێکبێنێـت، بـەڵام (بۆکسـەر) توانـای مێشـکی لەچوارپیتەکانی( ا، ب، ج، د)دا وەستا، بە سمی دەستی پێشەوەشی ئەوپیتانـەی بەگـەورەیی لەسـەر خـاك دەنووسـین، ئینجـا هـەوڵی دەدا پیتەکانی تری بەبیربێنەوە، بەتوڕەییەوە سەری بادەداو گوێچکەکانی بۆ پشتەوە قیت دەکردنەوە، بەبێ ئەوەی سەرکەوتن یاوەری بێت، ئەگەر جارێکیش توانیبای پیتەکانی دواتر بەبیرخۆی بێنێتەوە، ئەوە مێشـکی چـوارپیتە یەکەمـەکانی دەردەبڕینـەوە، چـونکە لـەکاتی لەبەرکردنیانـدا زۆریـان پێـوە مانـدوو ببـوو، بۆیـە بڕیاریـدا لـەکاتی خوێندنـەوەی پیتەکاندا نەگەڕێتەوە بۆ چوار پیتەکانی سەرەتا، بەڵام جوانوە ماینەکە (مۆڵی) بەفێربوونی خوێندەواری ڕازی نەبوو، شارەزای ناسینی هیچ

لەپیتەکانیش نەدەبوو، مەگەر ئەوانەیان کەناوەکەی خۆیان پێکدێنا، لەسەر گەلاّی وەریوی دارەکان دەینووسینەوەو، گوڵیشی بەسەر نووسینەکانیدا بڵاّودەکردنەوە، بەردەوامیش لەسەر ڕێگەی هاتن و چوونەکەیدا بەبیریدا دەهاتنەوەو دەیگوتنەوە، بەلاّم ئاژەڵەکانی تر، لەدوای پیتی ئەلفەوە توانای ئەوەیان نەبوو پیتێکی تر لەبەربکەن، هەروەها مەڕو ئەوباڵدانەش وەکو مریشك و مراوی، بێ توانابوون لەوەی بەڕاستی و دروستی حەوت وەسیەتەکەش لەبەربکەن، لەو پێناوەدابوو (سنوبلّ) ئەوەی کردەمەبەست کە هەر حەوت وەسیەتەکە لەواتایەکی دروستدا کۆبکاتەوە، کە ئەمەی خوارەوەبوو: (چوارپێیەکان چاکەکارن، دوو پێیەکانیش شەڕانگێزن)، بەبیروبۆچوونی ئەویش ئەوگوتەیە پاککراوەی بیروباوەڕی ئاژەڵەکانە، کە دەیانپارێزێت و دەیانهێنێتەوە هۆش خۆیان کاتێك دەکەونە ژێر کاریگەری ئادەمیزادەکانەوە، باڵندەکانیش ناڕەزاییان دەربڕی لەسەر کورتکردنەوەی وەسیەتەکان، چونکە لەکورتکردنەوەکەدا ناوی ئەوان نەهاتووە، بەلاّم لە حەوت وەسیەتەکەدا بەناوەڕۆکێکی ئاشکرا ناویان دەبات، کەئەوان بەچوارقاچ ناڕۆن و(باڵیان هەن)، (سنوبلّ)یش ئەوەی بۆ ڕوونکردنەوەو تێی گەیاندن کە باڵی باڵندەکان بۆ مەبەستی جووڵەو دەرپەڕینە، نەك وەکو دەست وابێت شتی پێ بگیرێت و تاوانی پێ ئەنجام بدرێت، وەکو دەستی ئادەمیزادەکان، بۆیە لەتێڕوانینی ئاژەڵییەوە باڵی باڵندەکان بەقاچەکانی پێشەوە دادەنرێن! باڵندەکانیش مەبەستی ئەو دمبەدمانێیە تێنەدەگەیشتن، بەلاّم بیرۆکەکەیان بەشێوە سادەییەکەی قبوڵکردو، ناچاربوون کورتکراوەی وەسیەتەکە لەبەربکەن و، بەبەردەوامی بۆچەند کاتژمێرێك بەسەر یەکەوە بەبێ

کـەموکورتی بیڵێنـەوە:( چـوارپێییەکان چـاکەکارن، دوو پێیـەکانیش شەڕانگێزن)!

(ناپلیۆن) بـەردەوام بـوو لەسـەر گوێنـەدانی بـەو لیژنانـەی کە(سنوبڵ) پێکی دەهێنان و، واشی دەردەبڕی کـەڵك لەوەدانیـە ئاژەڵـە بەتەمەنـەکان فێری خوێنـدەواری بکرێن، خـەریکبوون بـەوجۆرە ئیشانەشـەوە کـات و توانـا لەدەسـتدانە، ئـەو وای بـەلاوە بـاش بـوو زیـاتر گرنگـی بەئاژەڵـە بچووکەکان درابا لەڕاهێنان و فێرکردنی خوێندەواریدا.

دوای تـەواوبوونی کـاتی دروێنـەش، دوو سەگەکە(جیسی و بلوبیل) نۆ توتەڵەیان بوون، (ناپلیۆن)یش دوای تەواوبوونی ماوەی شیرخواردنیان جیایکردنـەوە، بۆئـەوەی بۆخـۆی ڕاسـتەوخۆ چـاودێرییان بکـات و بەخێویان بکات، لەژوورێکی چۆڵدا لەسـەرەوەی عـەمباری کەلوپەلـەکان کـە بەپێپیلکـە بـۆی سـەردەکەوتی، لەوێـدا داینـان و، دوای ماوەیـەك ئاژەڵـەکان ئـەو توتەڵـە سـەگانەیان لەبیرچـوونەوەو، سـەرقاڵی بیرکردنـەوەی پێشهاتی تـازەتربوون، نهێنـی ونبـوونی شیری ئاژەڵـەکان ئاشـکرابوو، ئـەوەش زانـرا کەبـەرازەکان شـیری دۆشـراوی ئاژەڵـەکان دەخۆنـەوەو، نۆبـەرەی بەرهـەمی سـێوەکانیش دەخـۆن، بـەرازەکان فـەرمانیان کردبـوو ئەوسـێوانەی (بـا) بـەریان دەداتـەوە تایبەتـە بـە بەرازەکانـەوە، ئـەم جیـاوازی کردنـەش بووبەمایـەی ڕق هەسـتانی ئاژەڵـەکان، کـە وا پێویسـت بـوو بەیەکسـانی بەسـەر هەمووانـدا دابـەش کرابا، بـەلاّم بەرازەکان لـەنێوان خۆیانـدا بـەبێ جیـاوازی ئـەو بڕیارەیـان دابـوو، تەنانـەت (سـنوبڵ) و (نـاپلیۆن)یش ئاگـاداربوون، ئاژەڵـەکانیش ئامـادەی هـیچ گوێڕایەڵییـەك نـەبوون، بۆیـە بـەرازەکان (سـکویلەر)یان بەنوێنەرایـەتی خۆیـان نـارد، بۆئـەوەی قەناعـەت بەئاژەڵـەکان بکـات

بەدروستی و پیرۆزی ئەوبڕیارەی کەداویانە، ئەویش هەمووی کۆکردنەوەو وتاریکی بۆخوێندنەوەو گوتی: ئومێدەوارم ئێوە واتێنەگەن کەئێمەی بەراز خۆمان جیاکردبێتەوەو ئەومافەمان دابێت بەخۆمان، زۆرینەی بەرازەکان تام لەشیرو سێو ناکەن، منیش بۆخۆم لەوانەم، بەڵام ئەی کۆمەڵەی ئاژەڵەکان، بەپێی بنەماکانی پزیشکی، ئێمە ناچارین بەشی دیاریکراوی خۆمان لەو شیرو سێوە بخۆین، کەدەبێتەهۆی ئەوەی هێزی بیروهۆشمان بەردەوام بێت لەسەر ڕاپەڕاندنی ئیش وکاری ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتی کێڵگەو، ئەوکارانەش کەشایستە بەئێمەن، جا ئەی هاوڕێکانم، هەروەکو دەیبینن: ئێمە لەپێناوی ئێوەدا ئەو شیرە دەخۆینەوەو ئەو سێوانە دەخۆین، ئایا ئێوە دەرك بەوە ناکەن؟ ئەگەر خوانەخواستە بەرازەکان تووشی شکست ببن لەئەرکەکانی سەرشانیان، ئێوە چیتان بەسەردێت؟ بەدڵنیاییەوە (مستەر جۆنز)و دارودەستەکەی بۆجاری دووەم دەگەڕێنەوە، لەقسەکانیدا گەرم داهاتبوو، کلکی بادەداو دەیگوت: بەڵێ بەڵێ، (مستەر جۆنز) بۆخۆی دێتەوە! کێ لەئێوە ئارەزووی ئەوەدەکات (مستەر جۆنز)و دارودەستەکەی بگەڕێنەوە؟ بەدڵنیاییەوە لەناو ئاژەڵەکاندا یەکێك نابینیەوە مەیلی ئەوەی هەبێت، بۆیە بەپەلە ڕەزامەندی خۆیان نیشاندا لەسەر ڕوونکردنەوەکەی (سکویلەر)، بەوەی بەشە شیرو سێوی بەرازەکان دابین بکرێت.

# بەشی چوارەم

لـەکۆتایی هاویـنـدا هـەواڵی کێڵگـەی ئاژەڵـەکان نیـوەی ئینگلتـەرای گرتـەوە، هـەمووڕۆژێکیش (سـنوبڵ‌و نـاپلیۆن) بـەهۆی کۆترەکانـەوە، لێشـاوێکی پڕوپاگنـدەیان بۆئـاژەڵی کێڵگـەکانی تـر دەنـارد، کەپـەیامی شۆڕشـی پێڕادەگەیانـدن‌و، فێـری سـروودی(ئەی دڕنـدەکانی ئینگلتەرا)شی دەکردن، لەودەمەیدا (مستەر جۆنز) زۆربەی کاتـەکانی لە(ویلنگدون) لەمەیخانەی (شێری سور)دا دەمایـەوە، شـەکوای حاڵی خۆی بۆ کەسانێك دەکرد، ئەوانیش بەگوێگرتن لەقسـەکانی کاتەکـەی خۆیان بەفیرۆدەدا، باسی ئاژەڵەکانی بۆدەکردن کە لەسەر ئەو نـەفامی‌و گێلیەتیەشیانەوە، کەچی دەستیان بەسەر کێڵگەکەدا گرتووە، شتێکی سـادەش بـوو کـەجوتیارەکان‌و (مسـتەر جـۆنز) هەست‌وسـۆزێکیان لەنێوانـدابوو، هەرچـەندە سـەرەتای باسـەکەش وادەرنەدەکـەوت کـە جووتیارەکـان لەخـەمی (مسـتەر جـۆنز)دابن، زۆریشـیان بـەلاوە گـرنگ نـەبوو پشـتیوانی لێبکـەن‌و یارمـەتی بـدەن، بـەڵکو زۆرینـەیان هـەوڵی ئەوەی دەدا کەڵك لەشێواوی بارەکە وەربگرێت، کەبەبەردەوامی (مستەر جۆنز) باسی لێوەدەکرد.

لەچـارەو بـەختی ئاژەڵـە شۆڕشگێرەکانیشـدابوو کـەخاوەنی دوو کێڵگەکەی جیرانیان، بەبەردەوامی لەپەیوەندییەکی خراپدابوون لەنێوان خۆیاندا، یەکەم کێڵگە ناوی(فۆکس وود)بوو، خاوەنەکەی ناوی(مستەر پیلکینگتن) بوو، پارچە زەوییەکی فراوان بوو، بەڵام پشتگوێ خرابوو، لەشێوازی بەڕێوەبردنەکەیدا سەرەتایی بوون، دارەکانی بەتەمەن بوون، لـەوەڕگاکانی شـوێنی ڕووتـەنی تێدا پـەیدابوو، هـەروەها شـوورەکانی

لــەبارێکی خراپــدابوون، خاوەنەکــەی (مســتەر پیلکیــنگتن) لەخەڵکــە ناســـراوو خۆشـــگوزەرانەکەی ناوچـــەکەبوو، کەزۆربـــەی کاتەکـــەیان بەڕاووشکارەوە بەسەردەبرد! بەلاّم کێڵگەکەی تریان کە بە(بنشفیلد) ناسرابوو، خاوەنەکەی (مستەر فریدریك) بوو، پیاوێکی زۆر خراپ بوو، زۆر داوای دادگایی لەسەربوو، توندڕەوێکی مەکرباز بوو، ئەو دوو جیرانە دوژمنی بابەکوشتەی یەکتری بوون و، بەردەوام لەدژایەتی دابوون، بەهیچ شێوەیەکش نەدەگەیشتنە یەك، تەنانەت لەبەرژەوەندییە تایبەتیەکانیشدا! جا کاتێك کەشۆڕش لەکێڵگەکەی (مستەر جۆنز) دەستی پێکرد، ئەوانیش ترسی ئەوەیان لێنیشت ئاژەڵەکانیان لێیان هەڵگەڕێنەوە، بۆیە زۆریان بەلاوە گرنگ بوو نهێنیەکانی ئەوشۆڕشە بشارنەوە، سەرەتا وایان نیشاندەدا کەئەوان گوێیان لەوە نییە داخوا ئاژەڵەکان شۆڕش دەکەن یان نا! گاڵتەشیان بەوقسانە دەهات، بەلای خۆشیانەوە وایان لێکدابۆوە کەشۆڕشەکە شکست دێنێت، ماوەی دووهەفتەش زیاتر درێژە ناکێشێت، شۆڕشەکە کاتێك کۆتایی پێدێت کەئاژەڵەکان هیچیان بەدەستەوە نامێنێت و لەمردن نزیك دەبنەوە، سووریش بوون لەسەرئەوەی ئەوکێڵگەیە بەناوە کۆنەکەی(مانۆر) بانگ بکرێت و، هەرگیز ناوە نوێیەکەیان بەدەمدا نەدەهات، جا دوای ئەوەی شۆڕشی ئاژەڵەکان سەرکەوت و، پێشبینی دوو جیرانەکانیش شکستی هێنا، دوو جیرانەکە وردە وردە مەیلی یەکترییان پەیداکردەوەو کەوتنە بلاّوکردنەوەی خراپترین پڕوپاگندە لەسەر کێڵگەی ئاژەڵەکان، کەگوایە ئاژەڵەکان دوای ئەم شۆڕشە گەڕاونەوە سەر باری دڕایەتی خۆیان و یەکتری دەخۆن و، مێیینەکانیان ڕەواکراون بۆ هەموو نێرینەکان، هێنانە

ناوەوەی ئەم بابەتانەش زیاتر بۆئەوەبوو: وا لەخەڵکی بگەیەنن کە ئاژەڵەکان لەیاسا سروشتییەکان لایانداوە!

بەلاّم ئەم جۆرە پڕوپاگندانە دەنگدانەوەیان نەبوو لەنێوان ئاژەڵی کێڵگەکانی تردا، کەشانازییان بەوشۆڕشەوە دەکردو دەبووە مایەی سەرسوڕمانیان، تەنانەت زۆر جارانیش پیرۆزیو نەمرییەکی ئەفسانەییان دەدایە ڕێبازی شۆڕشەکە، بۆیە لەهەموو ولاّتدا شێوازێکی تووڕەییو یاخیبوون لەنێو ئاژەڵەکاندا بەدی دەکرا، گایە خۆماڵیەکان تەواو دڕببوونەوە، مەڕەکان شوورەی کێڵگەکانیان تێکشکاندن، ئالیکەکان بەلرفەوە زۆر بەخێرایی دەخوران، مانگاکانیش ئامادەنەبوون بدۆشرێنو، دۆلکەکانیان دوور فڕێدان، ئەسپی ڕاوکردنەکانیش فێری لاملی ببوون، بەسەر بەربەستەکاندا بازیان نەدەدا، یەکسەر لەبەردەم بەربەستەکان دەوەستانو سوارەکەی سەر پشتیشیان هەڵدەدایە ئەودیوی شوورەی بەربەستەکانەوە! سروودەکەی شۆڕشیش: (ئەی دڕندەکانی ئینگلتەرا) بەخێراییەکی سەرنج ڕاکێش لەبلاّوبوونەوەدابوو، لەکاتی بیستنی سروودەکەدا ئادەمیزادەکان نەیاندەتوانی ئارەزووی ئاژەڵەکان دابمرکێننەوە، هەرچەندە لەهەوڵی ئەوەشدابوون کەناوەڕۆکی سروودەکە سووکو ریسوا نیشان بدەنو، وایان دەردەبڕی کەئەم سروودە لەوپەڕی بێ ماناییدایەو، بەلایانەوە سەیرە ئاژەڵەکان پێوەی پابەندن، هەر ئاژەڵێکیشیان بینیبا سروودەکەی گوتبایەوە، یەکسەر دارکارییان دەکرد، بەلاّم لەگەڵ ئەم هەموو توندوتیژیانەشدا، خێرایی تەشەنەسەندنی سروودەکە بەرەو کزی نەدەڕۆیشت، چۆلەکەکان خۆیان دوورنەدەگرت لەگوتنەوەی سردوودەکە لەسەر دارو درەختەکانی دەوروبەری کێڵگەو ماڵەکانەوە،

کۆترەکـانیش بـەئاوازەوە لەسـەر دار گێوژەکـانو منـارەی کەنیسـەکان دەیانگوتەوە، کە بەزۆری باڵندەکان لەوێ بەئاوازەوە دەیانخوێنـد، هـەتا وایلێهات سروودەکە ژیانی لەئادەمیزادەکان تاڵ دەکردو، مزگێنییـەکی چارەنووس سازیشی پێدەدان!

لەسـەرەتای ئۆکتۆبـەر، کاتێـك کەئاژەڵـەکان لەکێڵگەکـەدا دروێنـەی گەنمەکـەیان تـەواوکردوو خۆیـان ئامـادەکرد بـۆ شـەنوکەو کردنـی، لەوکاتەدا پۆلێك کۆتر لەئاسمانەوە چاویان لێبوو کە(مستەر جۆنز)و شەش کەسی تر لەکێڵگەکانی (فۆکس وودو بنشفیلد) بەرێوەنو چەكو کەلوپەلی شەڕیان بەدەستەوەیە، دەیانەوێت لەدەرگا سەرەکیەکەوە بچنە ژوورەوە، ئەم دیمەنە کۆترەکانی تووشی ترسێکی گەورەکرد، بۆیـە لـە بەتالأیی تەنیشت کێڵگەکەوە ئاژەڵەکانیان بەوڕووداوە ئاگادارکردەوە، (مسـتەر جـۆنز)و شـەش کەسـەکە بـەرەو خانووەکـانی ناوکێڵگەکـە دەڕۆیشـتن، بۆئـەوەی جـارێکی تـر کێڵگەکـە بگێڕنـەوە ژێـر دەسـەڵاتی خۆیـان! جـا مـادام ڕوودانـی هێرشـێکی لـەم جـۆرە لەبەرچـاو گیرابێـت، کەواتـە دەبێـت پێشـتر ئامادەباشـی کرابێـت بـۆ بەرپـەرچ دانـەوەی، (سـنوبڵ)یش لـەکتێبێکی کـۆنی کێڵگەکـەدا دەربـارەی هـەنگاوە خۆپارێزیـەکانی شـەڕەکانی(یۆلیۆس قەیصـەر)دا خوێندبوویـەوەو فێربوو چۆن مامەڵـە لەگـەڵ ڕووداوەکـەدا بکـات، بـەپێی ئەوبەرنامەیـە، هەستا بەدابەشکردنی ڕێوشوێنەکانو ڕۆڵی جەنگاوەرەکان، ئەوکاتەی کە(سنوبڵ) فەرمانیـدا دەسـتپێبکەن، هـەموو شۆڕشـگێرەکان لەشـوێنی تایبـەتی خۆیـان لەئامادەباشـی دابـوون، هەرکـە (مسـتەر جـۆنز)و پیاوەکـانی نزیـك بوونـەوە، (سـنوبڵ) هێرشـەکەی دەسـتپێکردو سـیو پێـنج کـۆتریش لەئاسـتێکی نـزم بەسـەر دوژمنەکانـدا دەفـڕینو

جیقنەکانیان پێدادەکردن، پیاوەکان سەرسام بوون بەوهێرشە لەپڕەی کەلەلایەن قازەکانەوە کرایە سەریان، لەکاتێکدا لەپاش شوورەکەوە خۆیان شاردبۆوەو لەپڕ لێیان بەدەرکەوتن‌و قەپیان لەقاچەکانیان دەگرت، ئەم هێرشە تەنها ڕووبەڕووبوونەوەیەك بوو، وەکو سەرەتایەك بۆچوونە ناو جەنگەکەوە، بۆمەبەستی نانەوەی پشێوییەك لەناو دوژمنەکاندا، بەڵام پیاوەکان توانیان بەگۆچانە ئەستوورەکانیان هێرشی کۆترو قازەکان بڵاوە پێبکەن، بۆیە (سنوبڵ) هەستا بەجێبەجێکردنی هێرشی دووەم، (بنیامین)و (موریەڵ)و هەموو مەڕەکان هاتنەدەرەوەو (سنوبڵ)یش لەپێشیانەوە دەڕۆیشت، لەهەموولایەکەوە بەشەڕەقۆچ‌و خۆهەڵدان‌و شەق وەشاندن ڕووبەڕووی دوژمن بوونەوە، بەڵام پیاوەکان توانیان بە شەق‌و گۆچانەکانیان بیانوەستێنن، لێرەدا بەهاوارێکی (سنوبڵ) کە وەکو نیشانەیەکی پاشەکشێ دیاریکرابوو، هەموو ئاژەڵەکان چوونەناو زەویە بەتاڵەکەی کێڵگەکەوە! پیاوەکانیش هەلهەلەی ئەو سەرکەوتنە خێرایەیان لێدەداو، هەڵاتنی ئاژەڵەکانیش بووبەمایەی هەڵخەڵەتاندنیان، ئەویش ئەو بەرنامەیەبوو کە(سنوبڵ) دانابوو، بەوەی پیاوەکان دوای ئاژەڵەکان بکەون بۆناو بەتاڵایی کێڵگەکە، لەدواوەش سێ ئەسپ‌و سێ مانگاو بەرازەکان کەخۆیان لەتەویلەی مانگاکاندا مات کردبوو، هێرشیان هێناو هێڵی گەڕانەوەی پیاوەکانیان بڕی‌و، بەتەواوی گەمارۆیاندان، (سنوبڵ)یش فەرمانی هێرشکردنی دەرکرد، بۆخۆی هێرشی کردەسەر (مستەر جۆنز)، ئەویش سێرەیەکی خێرای لێگرت‌و بەتفەنگەکەی فیشەکێکی تێگرت، سەر چیغ بەسەر پشتیدا تێپەڕی، گوللەیەکی وێڵیش گوێلکێکی پێکاو کوشتی، (سنوبڵ) لەگەڵ ئەوەشدا

کەبریندراربوو، بەهەموو قورسایی خۆیەوە خۆی هەڵدایە سەر قاچەکانی (مستەر جۆنز)و تفەنگەکەی لەدەست بەردایەوەو بەلایەکدا لاری کردەوەو بەدەمدا خستیە سەر ڕیخ و تەرسی سەرزەوییەکە، لەڕاستیدا ئەو دیمەنەی کەزۆر ترسناك بوو ئەوەیان بوو کە(بۆکسەر) قاچەکانی پشتەوەی دەچەقاندن و بەقاچەکانی پێشەوەشی لەدوژمنەکانی دەدا، یەکەم گورزی کەوەشاندی لە کەللەسەری کرێکارێکی تەویلەی کێڵگەی(فۆکس وود)ی ڕاکێشاو، بەدەمدا هەڵیدایە ناو قوڕاوەکەوەو هەناسەی لێ بڕی، ئەو دیمەنە ترسێکی خستە ناودڵی پیاوەکانی ترەوە، بۆیە گۆچانەکانیان دانان و هەوڵی هەڵاتنیان دەدا، ئەوەندەی نەبرد ئاژەڵەکان لەبەتالأیی کێڵگەکەدا بەدوایان کەوتن و تێیان هەڵدەدان و قەپاڵیان لێدەدان، ئەوەشیان کە کەوتبایە سەرزەوی، ئەوا بەقاچەکانیان دەیانشێلا، هەر گیانەوەرەش لەتوڵە سەندنەوەدا شێوازی تایبەتی خۆی بەکاردێنا، پشیلەکەش لەسەر شوورەکانەوە خۆی هەڵدەدایە سەر سەروگوێلاکی پیاوێکی گاوان، چڕنوکەکانی لەقوڕگی گیرکردبوون، ئەمەش وایکردبوو کەزۆر بەتوندی هاواربکات، هەر لەوکاتەوە کەپیاوەکان دەستیانکرد بەهەڵاتن، دەرکەوت کەئەوان دەیانەوێت لەبەتالأیی کێڵگەکەوە خۆیان بگەیەننە دەرگا سەرەکیەکەو، لەوێوە بۆ شەقامەکە خۆیان دەربازبکەن! بەم پێیە دوای پێنج خولەك لەهەڵاتنی پیاوەکان، ئەنجامی شەڕەکە ئاشکرابوو، قازەکان قەپیان لەقاچەکانیان دەگرت و ڕاویان دەنان و، بۆ ئەوشوێنەیان ناردنەوە کەلێوەی هاتبوون، ئەوپیاوەش کە بەسەردەمدا کەوتبوو، (بۆکسەر) دەم نادەم هەڵیدەگێڕایەوە، بۆئەوەی بەڵکو هەناسەیەکی بێتەوەبەر، بەلأم بێ ئەنجام بوو، بۆیە ئەو ڕووداوە زۆر کاریگەری هەبوو

لەسـەری‌و، بـەدەنگێکی خەماوییـەوە هـاواری کـرد: ئـەوپیاوە هێرشـی کردو منـیش لەلێدانەکەیـدا مەبەسـتم کوشـتنی نـەبوو! لـەبیرم چووبۆوە کـە نـاڵی ئاسـنم لەپێـدان، کـێ بـاوەڕم پێـدەکات کـە مـن بەئەنقەسـت نەمکوشـتووە؟ (سـنوبڵ)یش دڵیدایـەوەو پێـی گـوت: ئـەی هـاوڕێ، واز لەویژدان‌و هەست‌و سۆز بێنە، شـەڕ هـەر شـەڕە، لـە ئادەمیزادەکانیشـدا کەسـێکی چاکەکاریان تێـدا نابینیـەوە، مەگـەر لـەناو مردووەکانیانـدا، (بۆکسەر)یش بەچاوی پڕ لەگریانەوە وەڵامیدایەوە: توانـای خۆڕاگرتنم نییە لەبەرامبەر کوشتنی یەکێدا، ئەگەر ئەوکەسە ئادەمیزادیش بێت، ئینجا لەپڕ یەکێك لەئاژەڵەکان هاواری کرد: کوا جوانو ماینەکە(مۆڵی)؟ لەڕاستیشدا (مۆڵی) لەماوەی شەڕەکەدا دیارنەبوو، ئاژەڵەکانیش بیریان لـەلای بـوو، وایـان بیردەکـردەوە کـە تووشـی کارەسـاتێك بووبێـت، یـان یەکێك لەپیاوەکان دزیبیەتی، دواجار لەعەمباری ئالیکەکەدا دۆزیانـەوە خـۆی شـاردبۆوەو، لەترسـی یەکـەم تەقـە سـەری خـۆی کردبـوو بـەناو پوش‌وپەڵاشـەکەدا، جـا ئاژەڵـەکان لێـی دڵنیابوونـەوەو هـەموویان گەڕانـەوە نـاو چـۆڵایی کێڵگەکـە، تەماشـایان کـرد کرێکـارە مردووەکـە دیارنـەماوە، وادەرکـەوت کـاتێ کـە ئاژەڵـەکان کەوتوونـە گـەڕان بـەدوای جوانـو ماینەکـەدا، ئـەویش هاتۆتـەوە هـۆش خـۆی‌و بەهـەڵی زانیـوەو تێیتەقاندووە!

دوای ئـەوە هـەموو ئاژەڵـەکان کۆبوونـەوە، هەسـتت دەکـرد بەهەڵپـەن‌و، هەریەکـەیان ڕۆڵـی خـۆی لەشـەڕەکەدا باسـدەکرد، بـەبێ ئامادەکـاریش ئاهـەنگێکی سـەرپێییان گێـڕاو، ئاڵاکـەیان بـەرزکردەوەو چـەند جارێـك بـەردەوامبوون لەگوتنـەوەی سـروودە نیشـتیمانیەکە(ئەی دڕنـدەکانی ئینگلتـەرا)، هـەروەها ماتەمینییـەکی پڕشایستەشـیان بـۆ گوێرەکـە

کوژراوەکـــە دانـــاو، خســـتیانە ژێـــر خاکـــەوە، دارێکیشـــیان لەجۆری(هـــەنجیری دڕکـــاوی) لەســـەر ڕوواند، (ســـنوبڵ)یش لەســـەر گۆڕەکـــەی وتەیـــەکی کـــورتی خوێنـــدەوە لـــەبارەی قوربانیـــدان‌و خۆبەختکردن لەپێناوی سەرکەوتنی حەق‌و عەدالەت.

لـــەنێوان خۆشـــیاندا بەزۆرینـــەی دەنـــگ ڕێککـــەوتن لەســـەرئەوەی نیشانەی(پاڵەوانی ئاژەڵەکان) کەنیشانەیەکی جەنگییە لەپلەی یەك، بـــدرێت بەپاڵـــەوانانی شـــەڕەکە، بـــەهۆی نـــەمری‌و بـــەرزڕاگرتنی سەرکەوتنەکەیان، بڕیاردرا ئەو نیشانەیە بدرێت بە(سنوبڵ‌و بۆکسەر)، نیشـــانەکانیش بریتـــی بـــوون لەجوانکاریـــەکان کـــە لـــەنوحاس دروستکرابوون، (مستەر جۆنز) ڕۆژانی یەك شەممان ئەسپەکانی پێ دەڕازاندنەوە، هەروەها بڕیاردرا نیشانەیەکی پلەدووش بدرێتە گوێلکە کوژراوەکـــە، دوای مشـــتومڕێکی زۆریـــش بڕیـــاردرا شـــەڕەکە کـــە بەســـەرکەوتن کۆتـــایی پێهـــات، بـــەناوی شـــەڕی (هـــۆڵی مانگاکانـــەوە) ناوبنرێـــت، وەکـــو ڕێزێـــك بـــۆ ئەوشـــوێنەی خۆیـــان تێـــدا ماتـــدابوو، تفەنگەکەی (مستەر جۆنز)یش لەناو قوڕاودا دۆزرایەوە، ئاژەڵەکانیش بڕیاریانـــدا وەکـــو تۆپێـــك لەبیرەوەریەکانـــدا بـــەکاری بێـــنن، هـــەروەها فیشەکی زیادەش هەبوون لەعەمبارەکەی (مستەر جۆنز)دا، بڕیارش درا تفەنگەکـــە لـــەژێر داری ئالآکـــەدا جێگیربکرێـــت، ســـاڵی دووجـــاریش بـــەکاربهێنرێت لەیادەوەریەکانـــدا، یەکـــەمیان ڕۆژی دوازدەی ئۆکتۆبـــەر، یـــادی شـــەڕی (هـــۆڵی مانگاکـــان)و، دووەمیـــان لەجەژنی(ناوەڕاســـتی هاویندا)، یادی سەرکەوتنی شۆڕشە مەزنەکە.

## بەشی پێنجەم

زستان هاتەپێشـەوە، جوانـو ماینەکـە(مۆڵی)یش ببـوو بـەبارێك بەسەرشانی هەموو ئاژەڵەکانی ترەوە، بەشێوەیەك هەموو بەیانییەك لەکارەکانی دوادەکەوت و، بڕوبیانوی جۆراوجۆری دەهێنانەوە، بەوەی کە درەنگ خەبەری بۆتەوە، یان هەندێك جار بەبیانوی ئەوەی کە هەرچەندی ئارەزووی خواردنیشی باشە، بەڵام پشتی دێشێت، هەموو شێوازێکی بەکاردێنا، تەنها بۆئەوەی کارەکانی ئەنجام نەدات، پاشان دەچووە سەر گۆمە ئاوەکەو تەماشای وێنەکەی خۆی دەکرد لەئاوەکەدا، زۆر پڕوپاگندەی ترسناکیشی لەناو ئاژەڵەکاندا بڵاوکردبۆوە دەربارەی پەیوەندییە گوماناویەکانی!

لەکاتێکدا کە(مۆڵی)ئالیکەکەی دەجوو، ئاوڕیشی دابۆوە تەماشای کلکی خۆی دەکرد، (کلۆفەر) ڕووبەڕووی بۆوەو، هێنایە پەنایەك و، زۆر هەواڵی ترسناکی پێڕاگەیاند، کەئیمڕۆ بەیانی لەنێوان کێڵگەکەی خۆیان و کێڵگەکەی (فۆکس وود)دا بینیویەتی لەگەڵ پیاوێك لەپیاوەکانی (پیلکینگتن) قسەیان کردووە، لێرەدا (کلۆفەر) گوتی: مۆڵی، ئەمە مانای چییە؟ تۆ بۆ وادەکەیت؟ (مۆڵی)یش زمانی تێکەڵ وپێکەڵ بوو، گوتی: کەس قسەی لەگەڵ نەکردوم، من لەوێ نەبووم، ئەوە درۆو دەلەسەو بوختانە بۆم هەڵبەستراوە، وەکو دەربڕینی ناڕەزامەندییەك سەری بەرزو نزم دەکردەوەو بە سمەکانی پێشەوەی ئەرزەکەی دەکۆڵی، (کلۆفەر)یش قسەکانی پێ بڕی و گوتی: سەیری چاوی من بکە، تۆ سوێند دەخۆی کە ئەوپیاوە دەستبازی بەلوتی تۆ نەدەکرد؟ (مۆڵی)ش بەڕوویدا هەڵشاخییەوەو گوتی: ئەمە

ڕاسـت نییـه، ئینجا دەرپـەڕیو لەکێڵگەکـە هـەڵات، بیرۆکەیـەك بـەبیری (کلۆفـەر)دا هـات، بۆیـە یەکسـەر چـوو بۆشـوێنی ئاخوڕەکـەی (مـۆلی)و پوش وپەلاشەکەی هەڵدایەوە، چەند پارچە شەکرێك و لولـەی قردێلـەی ڕەنگـاوڕەنگی دۆزینـەوە، کەنیشـانەی ئـەوەبوون (مـۆڵی) لەپیاوەکـەی جیرانیـانی وەرگرتـووە، دوای سـێ ڕۆژ لـەم ڕووداوە، (مـۆڵی) بەتـەوای لەبەرچـاوان بزربـوو، دوای سـێ هەفتـەش لەهەلاتنەکـەی، ئاژەڵـەکان هـەواڵی ئـەوەیان پێگەیشـت کـە لەبەرەکـەی ئەوبـەری (ولنجـدون)ە، کۆترەکان بینیویانە زینێکی بەسەر پشتیەوەیە، لـەدەرەوەی سنووری شارەوانی عەرەبانەیەکی سوور ڕادەکێشێت، کۆترەکان بینیبووشیان پیـاوێکی سـوورەی قەڵـەو کـە بـەکرێکارەکانی شـارەوانی دەچـێت، ماوەیەك پێش ئێستا دەستبازی لەگەڵ لووتی(مـۆڵی) کردووەو، کلۆ شـــەکری داوەتــــیو زینێکـــی جـــوانی لەســـەر پشـــتی دانـــاوەو، بەقردێلەیەکی ئەرخەوانی مووەکانی سەری ڕازاندۆتەوەو، شوێنەواری خۆشی و دڵنەوایشی پێوە دیاربووە، ئەوەقسـەی کۆترەکـان بـوو، ئیتر دوای ئەوە کەس جارێکی تر ناوی (مۆڵی) نەهێنایەوە!

لــــەمانگی کــــانونی دووەمیشــــدا ئاووهــــەوا زۆر ســــاردبوو، زەوی بەپارچــەیەك شــەختە داپۆشــرابوو، لەکێڵگەکەشــدا کارێــك نــەبوو کـەبکرێت، ئـەوەش ببووەهـۆی ئـەوەی ئاژەڵـەکان بـوارێکی چـاکیان هـەبێت تـابتوانن لەتەویلـە گەورەکـەدا کۆببنـەوە، لەنێوخۆیانـدا باسـی بەرنامـــەی کـــاری بەرهـــەمهێنانی داهاتوویـــان دەکـــرد، بـــەلای ئاژەڵەکانیشـەوە واباشـتربوو نەخشەکێشـانی سیاسـەتی کێڵگەکـە، لەدەســـت بەرازەکانـــدابێت، بـــەهۆی زیرەکیەکەیانـــەوە، دواتـــریش بەرنامـــەکان دەخرانـــە دەنگدانـــەوەو بـــەکۆی دەنـــگ ڕەزامەنـــدییان

لەســەردەدرا، ئەوشــێوازەش ســەرکەوتنی بەدەســت دێنــا، ئەگــەر ململانێی نێوان (سنوبلّ و ناپلیۆن)نەبایە، کەدژایەتی یەکتریان دەکرد، کاتێ یەکێکیان گوتبای پیواز باشە بیچێنین، ئەوەی تریان یەکسەر دەیگوت: نەخێر سیر باشترە، ئەگەر یەکێکیشیان گوتبای ئەوزەوییە بۆ ماش باشە، ئەوەی تریان یەکسەر دەیگوت: نەخێر بۆ نیسك باشترە، هەریەکەشیان جەماوەری خۆیان هەبوو، لەکاتی دەنگداندا دەنگیان بۆدەدان، لەزۆربەی دەنگدانەکانیشدا(سنوبلّ) دەنگی زیاتری دەهێنا، هەرچەندە (ناپلیۆن)یش لێهاتووبوو لەپلانداناندو، خاوەن جەماوەرێکی زۆریش بوو، مەڕەکانیش سەرکردایەتیەکەی خۆیانیان دابووە دەستی، بۆیە لەکاتی پێویستدا فەرمانی پێدەکردن بە وتاف لێدانی: (چوارپێیەکان چاکەکارن، دوو پێیەکانیش شەڕانگێزن) دژی بڕیارەکانی (سنوبلّ)ببنەوە.

لەڕاستیدا (سنوبلّ) توێژەرەوەیەکی هەوڵدەربوو، ژمارەیەکی زۆری لەو گۆڤارانە خوێندبوونەوە کەتایبەتبوون بەکشتوکاڵ و پەروەردەی ئاژەڵی، کە لەپاشماوەی کەلوپەلەکانی (مستەر جۆنز)دا دۆزیبوونیەوە، پرۆسەی زۆری بەدەستەوەبوو بۆ فرۆشتنی بەرووبوومەکان و عەمبارکردنیانو، پەینکردنی زەویەکانو، کەمکردنەوەی خەرجیەکان، هەستا بەجێبەجێکردنی بەرنامەیەکی ئاڵۆزیش، بەوەی هەموو ئاژەڵەکان لەکاتی دیاریکراوی خۆیاندا پاشەڕۆکەکانیان ڕۆکەنە شوێنە دیاریکراوەکانی سەرزەوی، بۆئەوەی لەهۆکاری گواستنەوەی پاشەڕۆکەکانیش ڕزگاریان ببێت، (ناپلیۆن)هەنگاوی لەوشێوەیەی نەبوون، تەنها ئەوەندە نەبێت

كە(سـنوبڵ)ی بـەوە تۆمـەتباردەكرد كـەخاوەن گرفتـەو ئـارەزووی لەدەمبەدمانیو كات بەفیرۆدانە.
توندترین دووبەرەكایەتی لەنێوان ئەو دووبەرازەدا، ئەو وتووێژەبوو كەڕویدا لەنێوانیانـدا، لـەبارەی دامەزرانـدی ئاشـێكی هەواییـەوە: سنوبڵ لەناو لەوەڕگاكەدا پەنجەی بۆ پارچە زەوییەك درێژكرد لەنزیك گردەكەوە، دوای ئەوەی كەخاكەكەی تاقیكردبۆوە، وای ڕاگەیاند كە ئەوشـوێنە باشـترین شـوێنە بۆدانـانی ئاشـێك كـە بـە(با) كاربكـاتو كارەبای لێوەربگرین بۆ ڕووناككردنەوەی تەویلەكانو، زستانانیش بۆ خۆگـەرم كردنـەوە بـەكاری بێـنینو، دەشـتوانین مشـارێكی كارەبـایی دانـێن بۆبڕینـەوەی دارو تەختـەكانو، ئاشـێكیش بۆهـاڕینی دانەوێڵـەكانو، وردكردنـی ئالفـەكانو، دۆشـینی كارەبـایی، ئەوانـە بابەتی تازەبوون، ئاژەڵەكان پێشتر ئەوشتانەیان نەبیستبوون، چونكە ئەوان لەكێڵگەیەكی كۆندا دەژیان، هەموو ئەو ئامێرو كەلوپەلانەی كە تێیدابوون زۆر سەرەتایی بوون، بۆیە تووشی سەرسوڕمان بوون كاتێ گوێبیستی (سنوبڵ) بوون باسی ئەم هەموو ئامێرە سەیرانەی بۆ شیدەكردنەوە، كە ئەوئامێرانە هەموو كارە قورسانەكانیان بۆئەنجام دەداتو، بۆخۆشـیان كاتەكـەیان بەبیركردنـەوەو ڕۆشـنبیرییەوە بەسەردەبەن.
لـەماوەی سـێ هەفتـەدا (سـنوبڵ) بەتـەواوی نەخشـەی میكـانیكی ئاشەكەی كێشا، بەپشت بەستن بە سێ سەرچاوەی نووسراوەی كۆن، كە لەكێڵگەكە مابوونەوەو ئەمانەبوون: (یەكەم: هەزارشت لەماڵەكەتدا كـەدەتوانیت بیانكـەی، دووەم: هـەموو كەسـێك دەتوانێـت خـۆی دروستبكات، سێیەم: زانستی كارەبا بۆئەوانەی تازە دەستپێدەكەن)،

(سنوبڵ)یش نوسینگەیەکی تایبەت بەخۆی دانا، کەپێشتر ژوورێکی لەتەختە دروستکراوبوو بۆهەڵگرتنی هێلکەکان، کەلەوێدا بۆچەندین کاتژمێر کاتەکەی لەناو کتێبەکانیدا بەسەردەبرد، لەبارێکی تورەیی و هەڵچوندابوو، لەناو دوو پەنجەکانیشی پارچە تەباشیرێکی دانابوو، لەسەر تەختەی ژێرپێکانی لەژوورەکەدا هێڵکاری پێدەکرد، لەماوەی چەند ڕۆژێکدا ئەوهێڵانە بوونە وێنەی ئاڵۆز لەپایەو دینگەو پێپیلکە، کەنیوەی ژێرپێی ژوورەکەیان داگیرکردبوو.

ئاژەڵو باڵندەکان بەلای کەمەوە ڕۆژی جارێك دەهاتن بۆ تەماشای وێنەکان، تەنانەت مریشكو مراویش دوانەدەکەوتن، زۆریش ئازاریان دەچێشت ئەگەر پێیەکانیان کەوتبایە سەر هێڵە تەباشیریەکان، بەلام (ناپلیۆن) ئامادەنەدەبوو، گوێشی بەگرنگیدانی ئاژەڵەکان نەدەدا بەو پڕۆژەیە، هەروەها بەئاشکرا ڕایگەیاند کە ئەو دژی بیرۆکەی دامەزراندی ئەو ئاشە هەواییەیە! ڕۆژێکیان چووە ژووری وێنەکانەوەو زۆر بەوردی سەرنجی دارشتنەکانی دەدا، بەوردەکاری و هەڵسەنگاندنەوە جارێك تەماشای کردن، ئینجا لەسوچێکی ژوورەکەدا ڕاوەستاو جارێکی تریش بەسیلەی چاو تەماشای کردنەوە، پاشان یەکسەر قاچێکی بەرزکردەوەو میزێکی پێداکردنو، بێ ئەوەی ورتەیەکی لێبێت یەکسەر ڕۆیشتە دەرەوە.

لێرەشدا هەروەکو ڕەوشتێکی ئاژەلایەتی لەجیاوازی بیروبۆچوونەکاندا، هەموویان بوون بەدووبەشەوە، لەنێوان پشتیوانیکەرو دژایەتی کەردا، بەتایبەتیش (سنوبڵ) بۆخۆی ئینکاری ئەوەی نەدەکرد کەئەنجامدانی پڕۆژەکە کارێکی قورسەو، ئاژەڵەکان دەبێت بۆخۆیان بەردەکان بێننو کاری بیناسازیەکە بەپێی نەخشەکان

ئەنجام بدەن، هەروەها ئاشەکە پێویستی بە پەروانەو وایەری کارەبا دەبێت، بۆئەوەی بکەوێتە کار، بەڵام وادەی ئەوەی پێدان کە لەماوەی ساڵێکدا دەتوانرێت ئاشەکە بخرێتە گەڕ!

بەڵام (ناپلیۆن) زۆری بەلاوە گرنگ بوو کەجوانکاریەکان وازلێبهێنرێن لەپێناوی شتە پێویستەکاندا، بۆنموونە: وەکوئەوەی هەوڵبدرێت بەرووبوومی خواردنەکان زیاتر بکرێت، باشترە لەدامەزراندی ئەو ئاشە، مەترسییەکی زۆریشی هەبوو دانانی ئاشەکە ببێتەهۆی کەمبوونەوەی بەرهەمەکان، بەهۆی سەرقاڵبوونی ئاژەڵەکان بەدروستکردنی ئاشەکەوە، بۆیە ئاژەڵەکان بوون بەدوو گروپەوە، هەریەکەیان ئامانجی دیاریکراوی خۆی هەبوو:

گروپی یەکەم، پشتیوانیان لەپرۆسەکەی (سنوبلۆ)دەکرد، کەدەبووە مایەی کەمکردنەوەی ڕۆژەکانی کارکردن بۆ سێ ڕۆژ لەهەفتەیەکدا، گروپی دووەمیش، زیادکردنی بەرهەمیان لەهەموو پرۆژەیەکی تر بەلاوە گرنگتربوو، ئەوەی لەنێوان ئەم دوو گروپەشدا نقەی لێوەنەدەهات، (بنیامین)ی گوێدرێژ بوو، کەگومانی هەبوو لەوەی ئاشەکە دابمەزرێت و ڕۆژەکانی ئیشکردنیش کەم بکرێنەوە، هەروەها گومانی لەبیرۆکەکەی (ناپلیۆن)یش هەبوو، کە بەرهەمهێنان زیادبکرێت، بۆیە بەبەردەوامی دەیگوت: (ئەگەر ئاشەکە دابمەزرێت یان دانەمەزرێت، ژیان هەر ژیانە بەهەموو ئێش و ژانەکانیەوە)!

لەگەڵ ئەم هەموو بابەتانەی کە لەبارەی ئاشەکەوە باسکران، باسی ئەوەش کرا کە واپێویستە پاراستنی کێڵگەکە تۆکمە بکرێتەوە، نەوەك دوژمنە ئادەمییەکان جارێکی تر بیانەوێت لەتۆڵەی دۆڕانی شەڕی (هۆڵی مانگاکاندا) پشتیوانی لە(مستەر جۆنز)بکەن و بیهێننەوە،

ئاژەڵەکانیش پێشبینی ئەوەیان دەکرد کەئادەمیزادەکان هەوڵێکی لەم شێوەیە دەدەن، بەتایبەتی دوای ئەوەی هەواڵی شکستەکەیان لەشەڕەکەدا بڵاوببۆوە، ئەوەش زیاتر گیانی قوربانیدانی لەنێو ئاژەڵەکاندا هێنابووە کایەوە.

ئەوجارەشیان وەکوجاران کێشە کەوتەوە نێوان (ناپلیۆن)و(سنوبڵ)، بیروبۆچوونی (ناپلیۆن) وەهابوو کەدەبێت چەکەکان بێننو هەموو ئاژەڵەکان ڕاهێنان بکەن لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانیان، لەکاتێکدا بۆچوونی (سنوبڵ) وابوو کەپێویستە بەهۆی کۆترەکانەوە پڕوپاگندەی زیاتر بەسەر هەموو ئاژەڵەکاندا بڵاوبکەنەوە دەربارەی شۆڕشو ئامانجەکانی، (ناپلیۆن)یش پێی وابوو هیچ شتێك جێگەی چەك ناگرێتەوە بۆ خۆپاریزی ئاژەڵەکان، ئەگەر هۆکارێکی خۆپارێزییان نەبێت، ئەوە بەدڵنیاییەوە فەوتانو تێداچوون چاوەڕێیان دەکات، ئاژەڵەکانیش گوێبیستی هەردووکلایان دەبوون، هەرچەندە نەشیاندەتوانی لەسەر بۆچوونی لایەکیان بڕیاربدەن، بۆیە لەگەڵ قسەی هەردووکیان خۆیان دەگونجاند هەتا لێدەبوونەوە.

دوا ئەنجام ئەوڕۆژە هاتەپێش کە (سنوبڵ) هەموو پلانەکانی تەواوکردنو، کاتی ئەوەهات دەنگی لەسەربدرێت، بەربەیانی ڕۆژی یەکشەممە هەموو ئاژەڵەکان لەتەویلەکەدا کۆبوونەوە بۆدەنگدان لەسەر دروستکردنی ئاشەکە، لەکاتێکدا کە(سنوبڵ) سەرقاڵی لێکدانەوەی هەندێك لەبیربۆچوونەکانی بوو، مەڕەکانیش بڕیاری بایکۆتی دانیشتنەکەیاندا، (ناپلیۆن)یش هەستایە سەرپێو دژایەتی خۆی بۆ پڕۆژەکە دەربڕیو، ڕایگەیاند کە ئەوپڕۆژەیە تەنها هۆسەو هەرایەو خزمەت بەئاژەڵەکان ناکات، بۆیە داوای لەلایەنگرانی کرد

دەنگـی بـۆ نـەدەن، بـەم پێیـە دوای سـێ چـرکە لەشـوێنی خـۆی دانیشتەوە، بەبێ ئەوەی گوێ بداتـە ئـەوەی قسـەکانی چ کاریگـەرییان لـەدوای خۆیـان جێهێشـتووە، لەودەمەیـدا (سـنوبڵ) هەسـتایە سـەرپێ لەهەوڵی پاراستنی بیرۆکەکەیدابوو، مەڕەکانیش بەباڕەباڕ نەیانهێشت قســەکانی بەچـاکی پێشــکەش بکــات، ئــەویش بــەدەنگێکی بــەرز بەسەریدا شیڕاندن و داوای کرد بێدەنگ بن، بابەتێکی تەواوی لەبارەی ئاشەکەوە خستەڕوو، لەچەند ڕستەیەکی ناسکدا باسی ئاشەکەی کرد کـەدەتوانێت ئاستی ژیـانی ئاژەڵـەکان بەرزبکاتـەوەو، بارقورسیشـیان لەسـەر لاببـات، خـەیاڵی خـۆی وابـەرەڵاکردبوو خۆشییەکی دەدا بـەو داهــاتووەی کــە خــەونی پێــوەدەبینی دوای تــەواوکردنی ئاشــەکە، کاریگەرییـەکی زۆریشـی خسـتبووە سـەر ئاژەڵـەکان کاتێك کەباسـی خۆشـیەکانی کارەبـای بـۆدەکردن لـەڕووناك کردنـەوەی تەویلـەکان و هاڕین و وردکردنی ئالفەکان و، سارد وگەرم کردنی ئاو.

لەوکاتـە هەستیارەدا (ناپلیۆن) هەسـتایە سـەرپێ، بەسـەرنج دانێکـی مەبەستاوییەوە تەماشایەکی (سنوبڵ)ی کردو، بەدەنگێکی تایبـەتی لەقوڕگیــەوە وەڕی، کەپێشــتر کــەس گــوێی لێنــەببوو بــەم شـێوەیە بوەڕێت، لەپڕ دەنگی وەڕینی سەگەلێك لـەدەرەوەی تەویلەکە بیسـترا، ئەوەنــدەی نــەبرد چــەند ســەگێك خۆیــان کــرد بــەژووردا، بازنــەی ڕوکەشکراو نوحاسیان لەملدابوون، ڕوویانکردە ئەوشوێنەی (سـنوبڵ) لێی دادەنیشت، (سنوبڵ)یش کـەبینینی، لەبـەریان هـەڵات و بـەبازێکی خێـرا خـۆی لەدەست قەپـەکانیان ڕزگـارکرد، ئاژەڵـەکانیش هـەموویان هاتنەدەرەوەو تەماشای ڕووداوەکەیان دەکرد، بینیان (سنوبڵ) پشـتی هـەڵکردو لـە لـەوەڕگاکان پەڕییـەوە بـەرەو شـەقامە گشـتیەکەو، وەکـو

بــــەرازێك لــــەخێراترین پلــــەی ڕاكــــردن دابــــوو، ســــەگەكانیش بەدوایــــەوەبوون، ئەوەنــــدەی نــــەبرد قاچــــی هەڵخلیســــكا، پاشــــان هەستایەوەو لەدەست سەگەكان هەڵات، ئەوەندەی نەمابوو سەگێكیان قەپێك لەكلكی بگرێت، بەم پێیە (سنوبڵ) هەستایەوەو هێزی دایەوە بەرخۆیو لەگۆمێكی نزیك كێڵگەكەوە هەنگاوهەنگاو بەناو قوڕو لیتەدا دەربازی بوو، ئەمە دوا قۆناغی سەركردایەتی (سنوبڵ) بوو بەسەر ئاژەڵەكانەوە.

لەبارێكی ترسو بێدەنگیدا ئاژەڵەكان گەڕانەوە شوێنەكانی خۆیان لەناو تەویلەی كۆبوونەوەكەدا، دوای ماوەیەكی كەم جارێكی تر سەگەكان گەڕانەوە، سەرەتا كەس نەیدەتوانی بیهێنێتە بەرچاوی خۆی ئەم سەگانە لەكوێوە هاتن، بەڵام ئەوەندەی نەبرد بۆیان ڕوونبۆوە كە ئەوسەگانە ئەو نۆ توتەڵەیەی (جیسیو بلوبیل)ن كەكاتی خۆی (ناپلیۆن) بردبوونیە ژوورەكەی سەرەوەو لەوێ بەخێوی كردبوون، سەگەكان هەرچەندە هێشتا هەر ساوابوون، بەڵام لەگەورەییو دڕایەتیاندا دەتگوت گورگن، لەدەووری (ناپلیۆن) دەهاتنو دەچوونو كلكیان بادەدا، دەتگوت دایكەكەیانن كە سەردەمی خۆی لەبەرانبەر (مستەر جۆنز)دا خۆیان دەنواند.

ئینجا (ناپلیۆن) لەناوتەویلەكەدا لەهەمان جێگای یەكەم جاری (ماجۆر)، ئەویش كۆمەڵێك پووشوپەڵاشی بەرزكردەوەو لەسەری ڕاوەستا، سەگەكانیش لەدەووری وەستابوون، لەوێدا ڕایگەیاند كە لەوساتەوە فەرمان دەكات بەوەی هەموو كۆبوونەوەیەكی بەیانیانی ڕۆژی یەكشەممان ڕادەگیرێت، ئەو وای دەبینێت ئەو كۆبوونەوانە هەموویان كات بەفیڕۆدانن، دەربارەی ئایندەی كێڵگەكەش ئەوەی

خستەڕوو کەچارەسەری هەمووکێشەکانی کێڵگەکە دەکەوێتە دەست لیژنەیەکی تایبەتمەند لەبەرازەکان بەسەرپەرشتی خۆی، پاشتریش ناوی ئەندامانی ئەو لیژنەیە ڕادەگەیەنێت.

بەم پێیە سستەمی نوێی کارکردن لەکێڵگەکەدا شێوازێکی تازەی وەرگرت، بەوەی بەیانی ڕۆژانی یەکشممە تەنها سڵاوی ئاڵاو سروودی (دڕندەکانی ئینگلتەرا)ی تێدا دەگوترێتەوە، پاشان فەرمانی ئیش وکارەکانی هەفتەکە ڕادەگەیەنرێت، لەسەر هەمووانیش پێویستە گوێڕایەڵی بنوێنن.

لەگەڵ ئەوکارەساتە لەپڕەش کە بەسەر ئاژەڵەکاندا هات بەهۆی نەمانی (سنوبڵ)ەوە، ئەم بڕیارانەش زیاتر بوون بەمایەی سەرسووڕمان بۆیان، لەڕاستیشدا ئەگەر ڕێگەیان پێدرابا تانە لەو بڕیارانە بدەن، شایستەی ئەوەبوون کە دژی ئەو بڕیارانە بووەستنەوە، تەنانەت (بۆکسەر)یش گوێچکەکانی قیت کردنەوەو سەرسوڕماوی و بێ هیوایی خۆی نیشانداو، سەری بەلای ڕاست و چەپدا بادەدا، ویستیشی بیروڕای خۆی دەربڕێت، بەڵام لەکۆتاییدا ڕێگەی نەبوو شتێك بڵێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك لەبەرازەکان پاشتر ڕق وقینەی خۆیان خستەڕوو، چوار لەو بەرازانە دەنگی ناڕەزایی خۆیان دەربڕی و، لەسەر قاچەکانی پاشەوەیان ڕاوەستان، کاتێك ویستیان تێڕوانینەکانی خۆشیان بخەنەڕوو، سەگەکانی دەووری (ناپلیۆن) مڕەمڕێکی ڕقاویان لێوەهات، بەرازەکانیش یەکسەر پێدەنگەیان لێکرد، ئینجا مەڕەکانیش بەباڕەباڕەوە بۆماوەی چارەگێك ئەوشیعارەیان دەگوتەوە: (چوارپێیەکان چاکەکارن، دووپێیەکان

شـەڕانگێزن)، ئەمـەش بووبەمایـەی ئـەوەی کەسـی تـر نـەتوانێت دژی بڕیارەکانی (ناپلیۆن) بوەستێتەوە.

دوای تــەواوبوونی کۆبوونەوەکــە، (ســکویلەر) هاتــەلای ئاژەڵــەکان، بۆئەوەی ئەم بارەتازەیەی ناو کێڵگەکەیان بۆ ڕوون بکاتـەوە، سـەرەتا بەوە دەستیپێکرد کە ئەو باوەڕێکی تەواوی هەیە بەوەی هاوڕێکانی ڕێـژەی قوربانیدانـەکانی (نـاپلیۆن) دەزانـن، کـە ئـەم ئەرکـە قورسـەی خسـتۆتە سەرشـانی خـۆی، بۆیـە گـوتی: ئـەی هاوڕێیـان، وامـەزانن ئەرکەکانی سەرکردایەتی کردن کارێکی ئاسانو خۆشبێت، لەڕاستیدا (هاوڕێ ناپلیۆن) یەکەم کەسە باوەڕی بەوەهێناوە کەهەموو ئاژەڵەکان وەکـو یـەکنو جیـاوازی نییـە لەنێوانیانـدا، (نـاپلیۆن) هیـوای ئـەوەی دەخواست ئاژەڵەکان سەربەستی تەواویان هەبایە بۆ ڕادەڕبڕین، بـەڵام مەترسـی ئـەوەی هەیـە نـەوەك هەنـدێك بڕیـاری هەڵـە بـدەن، لێـرەدا (سـکویلەر) گـوتی: ئایـا ئێـوە حاڵتـان چـۆن دەبـوو ئەگـەر بـەدوای (سـنوبل)و خەونـە تاریکـەکانی کـەوتبان؟ ئێـوە چـاك دەزانـن ئـەو لـەتاوانبارێك زیـاتر هیچـی تـر نییـە؟ یـەکێك لەئاژەڵـەکان قسـەکەی پێـبڕیو گـوتی: بـەڵام خـۆ (سـنوبل) ڕۆڵێکـی گرنگـی گێـڕا لەشـەڕی (هـۆڵی مانگاکانـدا)، (سـکویلەر)یش وەڵامیدایـەوە: ئازایـەتی بەتـەنها بەس نییە بۆ سەرکردایەتی کردن، ڕەوشتەکانی تری وەکو دڵسۆزیو گوێڕایــەڵی ڕۆڵیــان زیــاترە! بــەردەوامبوو لەقســەکانیداو گــوتی: دەربـارەی شـەڕی (هـۆڵی مانگاکـان)یش، ئـەوە کـاتی خـۆی دێـتو هەمووشـتێکی تێـدا ڕوون دەکرێتـەوە، کەچۆن خـەیاڵ هەمووشـتێکی جـوانی لەبەرژەوەنـدی (سـنوبل)دا هۆنیوەتــەوە، ئـەی هاوڕێکـانم، ڕێکخستنێکی پـۆڵایین پشـتوپەنای هەموومانـە، دوژمنـەکان چاویان

لەئێمە بڕیوە، لەگەڵ یەکەم بەربونەوەمان پانمان دەکەنەوە، ئایا ئێوە دەتانەوێت (مستەر جۆنز) جارێکی تر بگەڕێتەوە ناوتان؟ لەڕاستیشدا ئاژەڵێك نەبوو ئارەزووی ئەوەبکات (مستەر جۆنز) بگەڕێتەوە، بەدڵنیاییەوە بەڵگەکانی (سکویلەر) بێدەنگی کردن، بۆیە ڕازی بوون بەوەی واز لەکۆبوونەوەکانی ڕۆژی یەکشەممان بێنن، مادام دەبێتەهۆی ئەوەی (مستەر جۆنز)و دارودەستەکەی نەگەڕێنەوە.

لەودەمەیدا (بۆکسەر) بەقسەهاتو گوتی: ئەوە ئەگەر قسەی (ناپلیۆن) بێت، مانای وایە ڕاست دەکات، شیعارێکی تریشی(ناپلیۆن بەردەوام لەسەر حەقە) خستە سەر شیعارە کۆنەکەی: (ئەوەندەی بۆم بکرێت ئیش دەکەم).

دنیایەکە بەرەو بەهاربوو، ئاژەڵەکانیش خەریکی کێڵانی زەوی بوون، ژووری وێنەکێشانەکەش کە(سنوبڵ) تایبەت بەئیشوکارەکانی خۆی داینابوو، هەروەکو خۆی دەرگای لەسەر داخرابوو، ئاژەڵەکانیش هەمووشتێکیان لەبارەی ئاشەکەوە لەبیرچووبۆوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە گومانیان وادەبرد هەموو نەخشەکان لەسەر زەوی ژوورەکە ڕەش بوونەوەو شوێنەواریان نەماوە.

لەبەریەیانی ڕۆژی یەکشەممە، هەموو ئاژەڵەکان لەهۆڵە گەورەکە کۆدەبوونەوە، بۆئەوەی گوێبیستی فەرمانەکانی هەفتەی داهاتوو بن، بەرنامەی ئەوڕۆژە بەرزکردنەوەی ئالاو ریزبوون و تێپەربوون بوو بەژێر ئێسکی کەللەسەری پیرە(ماجۆر)دا، کە لەگۆڕەکەی دەریان هێنابۆوەو لەژێر ئالاکە لەتەنیشت تفەنگەکەوە بنکەیەکی ڕاگریان بۆ دروست کردبوو، پاشان دەچوونە ناو تەویلە گەورەکەوە، ئاژەڵەکان هەر وەکوجاران لەیەکتری دانەدەبڕان، بۆئەوەی وتووێژوو ڕاوێژی

نێــوان خۆیــان بکــەن، (نــاپلیۆن)یش ســەرکردایەتی دانیشــتنەکەی دەکــردو لەلایەکیــەوە (ســکیولر)و لەلاکــەی تریشــەوە (منیمــیس) دادەنیشت، کەبەرازێکی زەبەلاح بوو، توانایەکی باشی هەبوو لەدانانی شــیعرو ئــاوازی گۆرانیــدا، نــۆ ســەگەکانیش بەشــێوەی نیوەبازنــە لــەدەووری ئــەو ســێ ســەرکردەوە ڕاوەســتابوون، هەنــدێك لەبــەرازەکان جاروبار لەپشتەوە دادەنیشتن، بەڵام ئاژەڵەکانی تر دەبوو ڕووبەڕووی (نــاپلیۆن) دانیشــن، فەرمانــە هەفتەییــەکانی لەشــێوەی ئاگانامــە سەربازیەکان پێڕادەگەیاندنو، دانیشتنەکەش بەگوتنەوەی سروودی (ئەی دڕندەکانی ئینگلتەرا)کۆتایی دەهات.

دوای تێپــەڕبوونی ســێ هەفتــە بەســەر دەرکردنــی (ســنوبڵ)دا، لەبەربــەیانی ڕۆژێکــی یەکشــەمەدا ئاژەڵــەکان تووشــی سەرســوڕمان بوون، کەگوێبیستی ئاگانامەیەکی (ناپلیۆن) بوون دەڵێت: پێویستە بەبێ خستنەڕووی هیچ هۆکارێك، یەکسەر دەست بەبنیاتنانی ئاشەکە بکرێــت، هۆشداریشــی دابــوو بــەوەی کەکارەکــە زۆر گــەورەو قورســە، پێویســتی بەقوربانیــدان هەیــە، لەوانەشــە ببێتــەهۆی کەمکردنــەوەی بڕەخۆراکــەکان، ئەوەشــی خســتەڕوو کــە لــەماوەی ســێ هەفتــەی ڕابردوودا، دەستەیەکی تایبەت لەبەرازەکان ئامادەباشی وەرگرتووە بۆســازدانی پرۆژەویــەکی تــازە، دوای ئــەوەی چــەندین گۆڕانکــاریو چاکسازی بەسەر پرۆژە کۆنەکەدا دەهێنێتو، ئەگەری ئەوەش هەیە ماوەی جێبەجێکردنەکەی درێژبکرێتەوە بۆ دووساڵ.

دەمــەو ئێــوارە (ســکویلەر) ئاژەڵــەکانی کۆکردنــەوەو ئــەوەی بــۆ ڕوونکردنــەوە کــەهاوڕێ(ناپلیۆن) هــەر لەســەرەتاوە دژی پــرۆژەی ئاشەکە نەبووە، بەپێچەوانەوە بیرۆکەکە هی ئەو بووە، واشی ڕاگەیاند

کەنەخشەی ئاشەکە لەبنەڕەتدا لەو دزراوەو، پرۆژەکە لەسەرەتایەوە هەتا کۆتاییەکەی لەداهێنانی ئەوبووە، لەوێدا یەکێك لەئاژەڵەکان هاتە قسەو گوتی: ئەگەر وایە، ئەدی ئەم هەموو دژایەتیە چی بوو(ناپلیۆن) کردی بۆ پرۆژەکە؟ (سکویلەر)یش بەدڵپیسییەوە مۆڕەیەکی لێکردو گوتی: ئەی هاوڕێکانم، ئێوە وابەئاسانی لەزیرەکی و زرنگی سەرکردەکەتان تێناگەن، (ناپلیۆن) بۆخۆی ئەو دژایەتییەی دروستدەکرد، بۆئەوەی لەدەست کاریگەریە خراپەکان و ڕەوشتە لەکەدارەکەی (سنوبڵ)ڕزگاری بێت! ئەوەی (ناپلیۆن) کردی پێیدەگوترێت تاکتیك، ئاژەڵەکان نەیاندەزانی تاکتیك مانای چییە، بەڵام شێوازی قسەکان و بوونی سێ سەگەکەش لەدەووری (سکویلەر) لەباوەڕهێنان زیاتر هیچیان بۆ ئاژەڵەکان نەهێشتەوە، پاشان (سکویلەر) خۆی بەولاولادا دێناو، بەتوڕەییەوە کلکی بادەداو بەپێکەنینێکی گاڵتەجاڕییەوە گوتی: ئێستا کاتی ئەوەیە بەبێ دواکەتن کاربکەین.

## بەشی شەشەم

ئاژەڵـەکان بەدرێـژایی سـاڵ وەکـو کۆیلـە کاریـان دەکـرد، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا کۆڵیـان نـەدەدا لەقوربانیـدان و زیـاتر تێدەکۆشـان، زۆریـش دڵخـۆش بـوون، دڵنیـابوون لـەوەی ئەوقوربانیانـەی ئـەوان دەیـدن بۆخۆیـان و نەوەکانیانـە، بـەتاڵان نابرێـت بۆئـادەمیزادە تەمبەڵـە چاوچنۆکەکان، لـەکاتی هاوینـان و پایزانـدا هەفتانـە مـاوەی شەسـت کاتـژمێر کاریـان دەکـرد، لـەمانگی هەشـتیش دا (ناپلیۆن) ڕایگەیانـد هەرکەسە بەئارەزووی خۆی بۆی هەیـە خۆبەخشـانە دوای نیوەڕۆیـانی ڕۆژانی یەکشەممە کاربکات!

ئەوئاژەڵانەش کەبەشداری کـاری خۆبەخشیان نەکردبا، لـەنیوەی بـڕە خواردنـە دیاریکراوەکـەی زیـاتر نەدەدرایـە! لەگـەڵ ئەوهـەموو کـارە بەردەوامەشـدا کـەدەیانکرد، بـەڵام نـەیانتوانی پـێش هـاتنی زسـتان کارەکانیـان تەواوبکـەن، بەتایبـەتی لـەو دووکێڵگەیـەی کەلەسـەرەتای هاوینـەوە کـاتی چـاندنیان هـاتبوو بەشـینابییەکان، بـەڵام کارەکـە دواکـەوت بـەهۆی نـەکێڵانی زەویـەکان لـەکاتی خۆیـدا، بـەروبوومی ئەمساڵ لەهی ساڵی پێشتر کەمتربوو، بۆیـە دەکرا پێشبینی سـەختی زسـتانی داهـاتوو بکرێـت، هـەروەها ئاژەڵـەکان ڕووبـەڕووی گرفتـی جۆرارجۆر ببوونـەوە لەدروسـتکردنی ئاشـەکەدا، کەهـەرگیز چاوەڕێی ئەوکێشـانەیان نـەدەکرد، هەرچـەندە کەرەسـە سـەرەتاییەکانی دروسـتکردنی ئاشـەکەش لەناوکێڵگەکـەدا بەئاسـانی دەسـتدەکەوتن، وەکـو بـەردو لم و گـەچ، بـەڵام واپێویسـتبوو بـەردەکان بشـکێندرێن و بگوازرێنەوە شوێنی ئیشەکە، بۆئەم مەبەستەش واپێویستبوو کوتك و

باریــە بــەکاربێن بــۆ وردکــردن‌و جولاّنــدنی بــەردەکان، ئــەوەش بــۆ ئاژەڵـەکان نـەدەگونجا، چـونکە بـەکارهێنانی ئەوئامێرانـە پێویسـتیان بەوەهەیە بەکارهێنەرەکە لەسەر دووقاچ بووەستێت‌و بەدەستەکانیشی ئیشــەکە ئــەنجام بــدات، ئــەوەش بــۆ مرۆڤــەکان گونجــاوبوو، بــەلاّم بەئاژەڵەکان نەدەکرا.

دواتــر ئاژەڵــەکان گەیشــتنە بیرۆکەیــەکی گونجــاو بــۆ وردکردنـــی بــەردەکان، ئــەویش بــە کــەڵك وەرگــرتن لــەهێزی کێشــکردنی زەوی، بــەوەی بــەردە گــەورەکانیان بەگوریســەکان دەبەســتنەوەو وردەوردە ڕایاندەکێشان بۆسەر گردەکە، لەویَ خلۆریـان دەکرنـەوەو هەڵدەدرانـە خـوارەوەو پارچەپارچـە دەبـوون، لـەم کـارەدا بـەزۆری مانگـاو ئەسـپ‌و مەڕەکان بەشداری ڕاکێشانی بەردەکانیان دەکرد، لەکاتی تەنگانەشدا بەرازەکان یارمەتییان دەدان، جا دوای وردبوونی بەردەکان، مـەڕەکان پارچـــە گونجاوەکانیـــان لەگالیســـگەکە بـــاردەکردوو ئەســـپەکەش ڕایدەکێشـــا، (بنیامین)و(موریـــەڵ)یش بەگالیســـکەی منداڵـــەکان بەردەکانیان دەگواستنەوە بۆشوێنی دروستکردنی ئاشەکە.

کار گەیشتە ئەوەی لەکۆتایی هاویندا بەردی تـەواو ئامادەکرابێت بۆ دروســتکردنی ئاشــەکە، بــەم پێیــە لــەژێر چــاودێری بەرازەکانــدا هــەنگاوەکانی دروســتکردن کەوتنــەبواری جێبەجێکردنــەوە، ئــەوەش کـارێکی زۆر قـورس بـوو، ئەگـەر یارمـەتی (بۆکسـەر)ی تێدانەبایـە، وا بەئاسـانی تەواونـەدەبوو، هێـزی (بۆکسـەر) بەتـەنیا لـەهێزی هـەموو ئاژەڵـەکانی تـر زیـاتربوو، لەڕاکێشـانی بەردەکانیشـدا بۆسـەر گردەکـە لەهــەموو ئاژەڵــەکانی تــر مانــدووتر دەبــوو، ئەمــەش ببــووە مایــەی شـانازی لەلایـەن هاوڕێکانیـەوە، هەرچـەندە (کلۆفـەر)یش پێیـدەگوت:

زیـادەڕەوی لەئەنجامـدانی کـاری وەهـادا نـەکات کـە ڕکەبەرایـەتی و هیلاکی تێدابێت، بەڵام (بۆکسەر) گوێچکەکانی دادەخستن و، سووربوو لەسـەر گوتنـەوەی دوو شـیعارە هەڵبژاردەکـەی: (نـاپلیۆن بـەردەوام لەسەر حەقە)و(ئەوەندەی بۆم بکرێت ئیش دەکەم)، وەکو ئەوەی بڵێی شـیعارەکانی وەڵامـی هـەموو پرسـیارێك بـوون کەئاراسـتەی دەکـران، لەگـەڵ کەڵەشـێری کێڵگەکـەش ڕێککـەوتبوو کـەپێش دەسـتپێکردنی کارەکان بە سێ چارەگ سەعات بەخەبەری بێنێت، چونکە پێشتریش لەسـەرئەوە ڕێککـەوتبوون کەنیوسـەعات پێشـتر بەخەبـەری بێنێـت، لەوماوە کەمەی پشووی نێوان کاتەکانی ئیشکردنیشدا، خۆی بەتـەنیا بـەردەکانی بـاردەکردن و بەگالیسـگەکە ڕایدەکێشـان بـەرەو شـوێنی ئاشـەکە، لەگـەڵ ئەوهـەموو مانـدووبوون و هیلاکییـەش، بـەڵام ژیـانی ئاژەڵەکان هەر خۆشتربوو لەسەردەمی(مستەر جۆنز)، خواردنەکەشیان لـەدوای کەمکردنەوەشـی لـەهی سـەردەمی کـۆن زیـاتربوو، لەکارەکانیشیان زۆر دڵخۆش تر بوون، ماندووبوونەکەشیان نەدەبوو بەمایـەی تێرخـواردنی دەسـتەیەکی گەنـدەخۆری کارنەکـەر لەئادەمیزادەکان! بەڵکو ببووە خێرو بەرەکەت بۆخۆیان.

ڕێزو کەرامەتەکەیان، خەم و خەفەتەکانی ژیان و ڕووبەڕووبوونەوەکانی سـەرمای زسـتانی لەسـەر کـەم دەکردنـەوە، خاوەنداریەتیشـیان بۆکێڵگەکـە وای لێکردبـوون بـەرووبوومی کێڵگەکـەیان لێنـەدزرێت، ئەمەش کاتێکی زۆری بۆ پاشەکەوت کردبوون، ئەگەر وانەبایە دەبوو هەرچـواردەورەی کێڵگەکـەیان تەلبەنـد کردبـا، لەلایـەکی تریشـەوە ئاژەڵـەکان وردەکـارترن لـەئادەمیزادەکان بۆپاککردنـەوەو بـژارکردنی

کێڵگەکان، لەگیاوگۆڵە بێ کەڵکەکان، ئەوەش ببوو بەمایەی ئەوەی بەرهەمەکانیان زیاتربێت.

لەکۆتایی هاویندا ئاژەڵەکان بۆیان دەرکەوت ئەرکێکی قورسیان لەئەستۆدایە، بەهۆی کەمکردنی بەروبوومەکانیانەوە، بۆیە چاوەڕێی بەسەربردنی زستانێکی سەختیان دەکرد، هەروەها بۆیان دەرکەوت کەزۆربەی پێداویستیەکانی کشتوکاڵیان لەبەردەستدا نییە، وەکو پەینی کیمیاوی‌و تۆو، هەروەها کارکردن لەکێڵگەکەدا پێویستی بەسووتەمەنی‌و بزمارو پەت‌و گوریس‌و پێداویستی تر هەبوو، هەروەها دەبوو پسکیتیش بۆخواردنی سەگەکان دابین بکرێت، هەروەها بزوێنەرێکی کارەباییش زۆر پێویست بوو، بۆ بەگەرخستنی ئاشەکە، ئاژەڵەکانیش نەیاندەتوانی چارەسەری ئەو پێداویستیانە بکەن!

هەروەکو داب‌ونەریتی خۆیان ڕۆژی یەك شەممە لەهۆڵە گەورەکە کۆبوونەوە، بۆئەوەی ئەرکەکانی هەفتەی داهاتوو بزانن، (ناپلیۆن)یش بڕیارەکەی خۆی بەسەردا خوێندنەوە، کە نەخشە ڕێگایەکی تازەبوو، بەهۆیەوە پەیوەندی لەگەڵ کێڵگەکانی دەورووبەردا دەبەستەوە، لەوڕێگەیەوە دەتوانرا کەموکوڕیەکانیان پڕبکەنەوە، ئەوەشی ڕوونکردەوە کە ئەوپەیوەندییە مەبەست بازرگانی کردن نییە، بەڵکو مەبەست لەوەیە تەواوکردنی ئاشەکە بخرێتە پێش هەموو ئیشوکارەکانی ترەوە، بۆیە لەوپێناوەدا بڕیاریدا هەندێك لەقەسەڵ‌و گەنمەکە بفرۆشرێت، ئەگەر پێویستیش بکات، ئەوا هەندێك لەهێلکەکان لەبازاڕی شاری(وینلجدون)بفرۆشرێت.

(ناپلیۆن) ئەوەشی خستەڕوو کەمریشکەکان ئامادەی قوربانیدانن، بۆیە پێشوازی لەم بڕیارەدەکەن، لەپێناوی تەواوکردنی ئاشەکەدا، ئەو بۆچوونەی (ناپلیۆن) وایکرد جارێکی تر ئاژەڵەدان تووشی دڵەڕاوکێ بکاتەوە، ئەدی ئەوان پێشتر بڕیاریان نەدا کەمامەڵە بەپارەوە نەکرێ‌و، کڕین‌و فرۆشتن لەگەڵ ئادەمیزاددا نەکەن؟ ئەدی ئاژەڵەکان دوای کودەتا سەربازیەکەو دەرکردنی(مستەر جۆنز)، بەکۆی دەنگ بڕیاریان لەسەر ئەوەنەدا؟ ئەو بڕیارانەی کەکاتی خۆی درابوون تائەوکاتەش لەمێشکی ئاژەڵەکاندا دەزرنگایەوە، بۆیە چوار بەراز کەنوێنەرایەتی ئۆپۆزسیۆنیان دەکرد، بەشەرمەوە هەستانە سەرپێ، بەلاّم کەگوێیان لەمڕەی سەگەکان بوو، دانیشتنەوەو بێدەنگەیان لێکرد، مەڕەکانیش بەباڕەباڕەوە بەدەنگێکی بەرز دەیانگووت: (چوارپێیەکان چاکەکارن، دوو پێیەکانیش شەڕانگێزن)، بەم پێیە کۆبوونەوەکە کەمێك ئارام بۆوە، (ناپلیۆن)یش قاچەکانی پێشەوەی بەرزکردبوونەوەو داوای بێدەنگی دەکردو، ڕایگەیاند کە هەموو کارێکی پێویستی کردووە بۆئەوەی بڕیارەکانی بکەونە بواری جێبەجێکردنەوە، ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەو خۆی ئەرکی بەستنی پەیوەندی لەگەڵ ئادەمیزادەکان دەگرێتە ئەستۆ، پێویست ناکات هیچ ئاژەڵێك هیچ پەیوەندییەك لەگەڵ ئادەمیزادەکاندا ببەستێت، دانی بەوەشدانا کە بۆ ئەم مەبەستە پەیوەندی لەگەڵ بازرگانێکی (ویلنگدون)بەستووە بەناوی (مستەر ویمبر)، کە هەموو بەیانی دووشەممان دێتە کێڵگەکە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکان، بەم پێیە (ناپلیۆن) بەو وتافەی کەلەسەری ڕاهاتبوو: (بژی کێڵگەی ئاژەڵەکان)، کۆتایی

بەکۆبوونەوەکـە هێنـاو، ئاژەڵـەکانیش سـروودی (ئـەی دڕەنـدەکانی ئینگلتەرا)یان گوتەوەو کۆتایی بەکۆبوونەوەکە هات.
پاشان (سکویلەر) کەوتە گەڕان بەناوکێڵگەکەدا، بۆدیدەنی ئاژەڵـەکان، هـەوڵی دەدا دڵیـان ڕابگرێـتو، دڵنیـای دەکردنـەوە کەپێشـتر هـیچ بڕیارێـك نـەدراوە بـەوەی ئێمـە مامەڵـە بـەپارەوە نەکـەینو، کـڕینو فرۆشـتن لەگـەڵ ئادەمیزادەکـان نەکـەین، ئـەوە هـەر خـەیاڵ پـلاوە، (ناپلیۆن) دوورە لەوشتانە، یان ئـەوەتا درۆو دەلەسـەیە کاتی خۆی (سـنوبڵ) هەڵیبەسـتووە، ئینجـا (سـکویلەر) ڕووی قسـەکانی کـردە ئەوانەی کە دوودڵ بوونو گوتی: ئایا ئێوە بەبیرتاندا دێت شتی وا ڕوویدابێت؟ یان ئەوە زڕە خەونە بینیووتانە؟ ئایا ئێوە نوسراوێکتان لایە ئەوشتانەی تێدا نووسرابن؟ جا ئەگەر ئاژەڵـەکان نووسـراوێکی وایـان لەلانـەبێت، کەواتـە بێگومـان قسـەکانی (سـکویلەر) ڕاسـت دەردەچن.
بەپێی ڕێککەوتنەکەش (مستەر ویمبر) بەیانی دووشـەممان دەهات بۆ کێڵگەکــە، کەســێکی بــاڵاکورت بــوو، لاجانگــەکانی درێــژبوون، بـەدووربینیو مەکرکردنەکـەی لـە گـەوادو دەلاڵـەکانی دەکرد، بـەفێڵو تەڵکە بازیەکـەی خـۆی دەرکـی بـەوەکرد کـە ئەوکێڵگەیـەی ئاژەڵـەکان خاوەنداریەتی دەکەن پێویستی بەدەمڕاستێك هەیە، دەسکەوتەکانی ئەو دەمڕاستەش دەبێت بڕێکی زۆربێت.
ئاژەڵــەکانیش لەئاســت (مســـتەر ویمـــبر) لـــەبارێکی تـــرسو دڵەڕاوکێدابوون، بەوردی چاودێری جموجۆڵەکانیان دەکرد، چەندی بۆشیان کرابا لێی نزیك نەدەکەوتنـەوە، بـەڵام شێوەی مامەڵـەکردنی (ناپلیۆن) کاتێك فـەرمانی بەسـەر (مسـتەر ویمبر)دا دەکـردو، ئـەویش

بەڕێزەوە گوێڕایەڵی دەکرد، ببووە مایەی شانازی بۆیان کە ئادەمیزاد گوێڕایـەڵی فـەرمانی ئاژەڵـەکان دەکـاتو، ترسیشـیان کـەمترببۆوە لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئادەمیزادەکاندا.

بـەم پێیـە پەیوەنـدی نێـوان ئـاژەڵو ئـادەمیزاد وەکـو سـەردەمەکانی پێشوو گرژی بەخۆیەوە نەدەبینی، دوژمنایەتی نێوانیان هێور ببۆوە، بەتایبـەتی کـە ئادەمیزادەکـان گەیشـتبوونە ئـەوباوەڕەی چارەنووسـی کێڵگەکە مایەپوچ دەبێت، بەبێ ئەوەی ئەوان خۆی تێوەردەن، پڕۆژەی ئاشـەکەش بەدڵنیاییـەوە شکسـت دێنێـت، جـا یـان بەسـەریەکدا دەڕوخێـت، یـان کەسـێك نابێـت بـەڕێوەی بـەرێت، لەگـەڵ ئـەم هـەموو بیرکردنەوانەشـدا، کەچـی ئادەمیزادەکـان سەرسـام بـوون بەشـێوازی بـەڕێوەبردنی کێڵگەکـە، بۆیـە لـەتێڕوانینی ئـەم ڕێزلێنانـەوە لـەجیاتی ناوی(مـانۆر) کێڵگەکـەیان بـە نـاوە تازەکەیـەوە (کێڵگـەی ئاژەڵـەکان) ناودەبرد.

هەروەها ئادەمیزادەکان وازیانهێنا لەپشتیوانیکردنی (مستەر جۆنز)، ئـەوەش بـووە هـۆی ئـەوەی دەسـتبەرداربێتو بـەبێ هیـوای بـەرەو شوێنێکی تر کۆچ بکات.

بێجگە لەسەردانەکانی(مستەر ویمبر)، هیچ پەیوەندییەکی تـر لـەنێوان کێڵگەکـەو جیهـانی دەرەوەدا نـەبوو، هەرچـەندە هەنـدێك پڕوپاگنـدە بڵاوبوونـەوە بـەوەی (نـاپلیۆن) چـەند پەیوەندییـەکی لەگـەڵ (مسـتەر پیلکیـنگتن)ی خـاوەن کێڵگـەی(فۆکس وود)و، (مسـتەر فردریـك)ی خاوەن کێڵگەی(بنشفیڵد)ی جیرانیدا بەستووە.

لەودەمـەدا بـەرازەکان ویسـتیان بچـنەناو ماڵەکـەی (مسـتەر جـۆنز) نیشتەجێ بن، ئاژەڵەکانیش ئەوەیان هاتـەوەبیر کە بڕیارێکی پێشوو

هەیــە ڕێگــە لــەوكارە دەگرێــت، (ســكویلەر)یش وەكــو عــادەتی خــۆی ڕووبــەڕووی ئاژەڵــەكان بــۆوەو هەوڵیــدا قەناعــەتیان پێبێنێــت كــە بەرازەكان بەهۆی ئەوەی خاوەنی ئەوعەقڵیەتــەن كــەكاروباری كێڵگەكــە بەڕێوەدەبــەن، كەواتــە مــافی ئــەوەیان هەیــە شــوێنێكی ئــارامو شایســتەیان هــەبێت بۆئەنجامــدانی كارەكانیــان، هــەروەها ئەوەشــی پێڕاگەیاندن كە ڕێزی سەرۆكایەتی وا پێویست دەكات (ناپلیۆن) بە زەعــیم ناوبرێــتو، مــاڵێكی تایبــەت بەخۆشــی هــەبێت شایســتەی پلەوپایەكەی بێت، نەك لەگەڵ ئاژەڵەكانی تردا لەهۆڵەكە بمێنێتەوە.

لەگەڵ جوانی ئەو لێكدانەوەیەشدا، كەبوو بەمایەی ئەوەی قەناعەت بەئاژەڵــەكان بێنێــت، بــەڵام هەنــدێك لەئاژەڵــەكان ناڕەحــەتی خۆیــان دەربــڕی بەرانبــەر ئــەوەی بــەرازەكان لەچێشــتخانەكە نــان دەخــۆنو، لــەژووری پێشــوازی كردنەكــەش دادەنیشــن، لــەوەش خــراپتر ئەوەیــە بــــەرازەكان لەســــەر تەختــــەكان دەخــــەون، هەرچــــەندە (بۆكســــەر) بەشیعارەكەی خۆی كەدەیگوت: (هەموو كاتێك ناپلیۆن لەسەر حەقە)، ڕەزامەنــدی نیشــاندا لەســەر ئەوقســە پڕوپوچــانە، بــەڵام (كلۆفــەر) وای گومــــان دەبــــرد كــــەناوەڕۆكی حــــەوت وەســــیەتەكەی لــــەبیرماوە، كەهــەموویان ڕێككــەوتوون لەســەریو ئــەو ناوەڕۆكــەش دژی ئەوەیــە بــەرازەكان لەســەر تەختــەكان بخــەون، بۆیــە چــووە دەرەوە بۆئــەوەی نووســراوی ســەر دیوارەكــە بخوێنێتــەوە، كاتێــك كەنــەیتوانی بەتــەوای بیخوێنێتــــەوە، داوای یارمــــەتی لــــە بزنە(موریــــەڵ) كــــرد وەســــیەتی چــوارەمی بــۆ بخوێنێتــەوە، ئــەویش زۆر بەناڕەحــەتی خوێندیــەوە: (ئاژەڵەكان نابێت لەسەر پێخەفە چارپایەكان بخەون).

ئەمە بووبەمایەی سەرنجی (کلۆفەر)، هەرچەندی دەکرد نەدەهاتەوە بیری کە لەوەسیەتی چوارەمدا وشەی پێخەف هاتبێت، بەلاّم مادام لەسەر دیوارەکەش نووسراوە، کەواتە ڕاستە.

لەودەمەیدا (سکویلەر) بەخۆیو بەدوو یان سێ سەگەوە لەوێوە تێپەڕی، توانی شتەکانیان بەباشی بۆ ڕوون بکاتەوە، بۆیە گوتی: ئەی هاوڕێکانم، گوێبیستی ئەوەبوون کەبەرازەکان لەناومالّەکەدا لەسەر پێخەفەکان دەخەون، باشە ئەوە چ عەیبەیەکی تێدایە؟ لەوانەیە ئێوە حەوت وەسیەتەکە بهێننە بەرچاوی خۆتان کەدەلّێت: نابێت ئاژەلّەکان لەسەر چارپایەکان بخەون، وشەی چارپایە مانای چییە؟ زۆر بەئاسانی هاتە سەرئەوەی کەبلّێت: چارپایە شوێنی خەوتنە، هەروەها ئەوکۆمەلّە پووشەش کە کۆیدەکەنەوە، هەر شوێنی خەوتنەو هیچ عەیبەش نییە، بەلاّم قەدەغەکردنەکە لەدوای ڕاخستنی سەر تەختەکانەوە هاتۆتە ئاراوە، ئەوەش ئەو عەقلّیەتە شەڕانگێزەیە کەئادەمیزاد دایهێناوە، بۆیە بەرازەکان ئەو پێخەفانەیان لابردوونو تەنها سەرپۆشەکانیان هێشتوونەوە، وەکو مافێکی گشتیش خەوتن لەسەر چارپایە زۆر خۆشە، ئەوەش مافی بەرازەکانە پێویستییان پێیەتی بەئارامی بخەون، بۆئەوەی بەباشی بیر لەکاروباری بەڕێوەبردنی کێلّگەکە بکەنەوە، پاشان گوتی: ئەی هاوڕێیان، باوەڕ ناکەم لەناو ئێوە کەسێك هەبێت بەخیلیمان پێبەرێت، ئەگەر ئێمە نەبین (مستەر جۆنز) دەگەڕێتەوە، کێ لەئێوە پێی خۆشە ئەو بگەڕێتەوە؟ ئاژەلّەکانیش لەپێناوی سەلامەتی خۆیاندا، بەقسەکانی (سکویلەر) ڕازی بوون، دوای ئەوە جارێکی تر ئاژەلّەکان باسی خەوتنی بەرازەکانیان لەسەر پێخەفەکان نەکردەوە، پاشان بڕیاری

ئـەوەش درا کـە بـەرازەکان بـەیانیان کاتـژمێرێك لـەدوای ئاژەڵـەکانی تـــرەوە دەچنەســـەر کارەکانیـــان، کەســـێکیش دژی ئـــەو بڕیـــارە نەوەستایەوە.

لەگـەڵ هـاتنی پـایزدا ئاژەڵـەکان دڵخـۆش بـوون، هەرچـەندە تووشـی هیلاکیەکی زۆر ببوونو خواردنەکەشیان کەم ببۆوە، بەهۆی فرۆشتنی هەنـدێك گـەنمو ئالیـك بۆتـەواوکردنی کـاری ئاشـەکە، کـە لەپێناویـدا خۆڕاگربوون بەرانبەر هەر پێشهاتێك ڕووبەڕوویان بووبایـەوە، نیوەی ئیشـــەکەیان ئـــەنجام دابـــوو، دوای کۆکردنـــەوەی بەرهەمـــەکانیش بـەردەوامبوون لەسـەری، بـەهۆی کـەڵك وەرگـرتن لـە مـام ناوەنـدی ئاووهـەواو نـەبوونی شـیٚ، (بۆکسـەر)یش کـەڵکی لەدەرکـەوتنی مـانگ وەردەگرت، بۆئەوەی شەوانە دووکاتژمێری زیادە کاربکات، کاتێکیش کەپشـــوویەکی دەدا، ئاژەڵـــەکان لـــەدەووری دەســـوڕانەوە، ئـــەویش دڵخۆشی خـۆی دەردەبڕی بەبەرزبوونـەوەو کەوتنـە سـەپێی ئاشـەکەو، لەخۆشـیان بـاوەڕی نـەدەکرد، تاقـە ئاژەڵێـك کەبەشـداری (بۆکسـەر)ی دەکرد لەدەربڕینی ئەوهەستەیدا، (بنیامین)ی گوێدرێژ بوو، بەبیٚ هیچ هۆیەك لەبەرخۆیەوە دەیگوتو دەیگوتەوە: (گوێدرێژ تەمەنی درێژە).

مانگی نۆڤەمبەر بەخۆیو بە (با)یـە سەرکەشـەکانیەوە هاتـەپێش، کـە لەباشـووری ڕۆژئـاواوە هـەڵیان دەکـرد، دایکـردە بـارانو، ئیشوکـار لەئاشـەکە وەسـتا، لەشـەوێکی تۆفـدا، ڕەشـەبا خـانووی ناوکێڵگەکـەی هەژاندو، چەند پارچە قرمیدێکی سـەربانەکەی برد، لـەنیوەی شـەوێدا مریشکەکان لەدەنگێکی دووری بەیەکدادانی دووشتدا بەخەبەرهاتن، بـەیانی کەئاژەڵـەکان هەسـتان، بۆیـان ڕوونبـۆوە گرمەکـەی شـەوی ڕابردوو، ڕاگری ئالاٚکـەبووە تێکشـکاوەو دار گێوژەکـەش لەسـەرزەوی

بەلادا کەوتبوو، لەکاتێکدا ئەودیمەنەیان بینی، گوێبیستی دەنگی هاوارهاوارێك بوون، پاشان ڕوونبۆوە ئەوە ئاژەڵەکانن شین‌و بابەڕۆیانە بۆ ئاشەکە، کە بەسەریەکدا تێك شکابوو، هەموو ڕایانکرد بۆلای ئاشەکە، (ناپلیۆن) کەبەرازێکی گەورەی بەسام‌و هەیبەت بوو، لەپێشیانەوە بەنەرمەغار دەڕۆیشت، هەموو ئاژەڵەکانیش بەڕوویەکی گرژەوە بەرانبەر بەرهەمی بێبەری ماندووبوونەکەیان وەستابوون‌و، بیریان لەئاواتەکانیان دەکردەوە، کەچۆن ماندووبونێك پێوەی ماندووبوون‌و، ئێستاش ئاشەکە وەکو داروبەردی پەرش‌و بڵاوی لێهاتووە.

(ناپلیۆن) لەبەردەم کۆمەڵی داروبەردەکانی پاشماوەی ئاشەکەدا دەهات‌و دەچوو، زۆر بەگرنگییەوە لووتی بۆسەرخاك نزم دەکردەوەو بۆنێکی دەکردو، هەوڵی دەدا جارێکی تریش بۆنی بکاتەوە، کلکیشی بەرزکردبۆوەو بەولاولادا دەیهێناو دەیبرد، (ناپلیۆن) سروشتەکەی وابوو لەکاتی بیرکدنەوەدا ئەوجۆرە ڕەفتارانەی ئەنجام دەدان، لەپڕ لەوجووڵە ڕقاویانەی وەستاو، لەدەموچاویڕا وادەردەکەوت نهێنییەکی ترسناکی ئاشکرا کردبێت، ئینجا لەسەرخۆ کەوتە قسەکردن‌و گوتی: ئەی هاوڕێکانم، ئایا ئێوە دەزانن چی لەپشت ئەو ڕووداوەوە هەیە؟ ئایا ئێوە دەزانن دوژمنەکەی ئێوە کێیە، بەشەو هاتووە ئاشەکەی تێکداوە؟

پاشان بەدەگێکی بەرز هاواری کرد: ئەوە(سنوبڵ)ە، ئەو خائینە تاوانکەرە ئەوکارەی ئەنجامداوە، بۆئەوەی تۆڵەی سوکایەتی پێکردنەکەی بکاتەوە کەپێیکرا، کاتێك لەکێڵگەکە کرایەدەرەوە، پاشان لەقسەکانی بەردەوامبوو گوتی: ئەی هاوڕێکانم، من لەئێستاوە

سزای لەسێدارەدان دەسەپێنم بەسەر (سنوبڵ)، ئەی هاوڕێیان، هەرکەسێك تەرمەکەیم بۆ بهێنێت (وسامی پلەدووی ئاژەڵەکان)و نیو تەغار گەنمی دەدەمێ، هەرکسێکیش بەزیندوویی بیگرێتو بیهێنێت، وسامەکەو تەغارێکی تەواوی گەنم دەدەمێ!

ئاژەڵەکان تاسان لەوەی چۆن (سنوبڵ) توانیویەتی دەستی بخاتە ناو کارێکی تاوانکاری ئاوەهاوە! بانگی شەڕوتۆڵە لەناویاندا بەرزبۆوەو، بەخەیاڵ بیریان لەو دەسکەوتو خێروبەرەکەتە دەکردەوەو، لەبەرخۆیانەوە دەیانگوت: ئای لەخۆشیاندا چیمان دەکرد، ئەگەر (سنوبڵ)مان دەسگیر دەکرد؟

دوای کەمێك لەگەڕانو سوڕان شوێن پێی بەرازێکیان دۆزیەوە کە لەگردەکەوە بەرەو شوورەکە ڕۆیشتبوو، شوێنەوارەکە لەناو ئەوگۆمەدا تەواوببوو کە(سنوبڵ) کاتی هەڵاتنەکەی کەتبووە ناویەوە، (ناپلیۆن)یش بۆنی ئەو شوێن پێیانەی کردنو، دڵنیابوو لەوەی شوێنی (سنوبڵ)ەو، لەوانەیە لەکێڵگەکەی (فۆکس وود) خۆی شاردبێتەوە.

(ناپلیۆن) ڕایگەیاند: کەدەبێت هەرئێستا دەست بەدروستکردنەوەی ئاشەکە بکرێتەوە، بەسەر ئاژەڵکانیشدا هاواری کردو گوتی: ئەی هاوڕێکانم، کاتمان ئەوەندە بەدەستەوە نییە بەفیڕۆی بدەین، کارکردن چاوەڕێمان دەکات، بەهەرشێوەیەك بێتو لەهەر بارێکدابێت کارەکانمان ئەنجام دەدەین، ڕۆژ بەدەرەوەبێت، یان باران بباریێت ڕاناوستین، ئێمە دەبێت وانەیەك فێری دوژمنەکەمان بکەین، جا ئەی هاوڕێکانم، بۆپێشەوە، هەربژی ئاشەکەو بەردەوامبێت کێڵگەی ئاژەڵەکان.

# بەشی حەوتەم

زستانێکی ساردو باوبۆراناوی بوو، بەفرێکی زۆریش کەوتبوو، ئەم بارە بەردەوامبوو هەتا مانگی شوبات، ئاژەڵەکانیش بەهەموو توانایانەوە دەیانویست ئاشەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا بنیات بنێنەوە، زۆر بەباشیش هەستیان بەوەدەکرد کەجیهانی دەرەوە لەهەواڵەکانیان دەپرسن، (دەیانەوێت بزانن داخۆ بەکویێ دەگەن)، جا ئەگەر شکست بێنن، دەبنە بنێشتەخۆشکەی سەرزاری دوژمنەکانیان، ئادەمیزادەکانیش هیچیان لەبارەی هەوڵی تێکدانی ئاشەکەوە نەدەزانی، هۆکاری ڕوخانەکەشیان بۆ باریکی دیوارەکان دەگێڕایەوە.
هەرچەندە ئاژەڵەکان ڕووخانی ئاشەکەیان بەدەسیسەی (سنوبڵ) دەزانی، بەڵام بڕیاریاندا لەکاتی دروستکردنەوەیدا پانی دیوارەکان زیادبکەن لە(18)گرێوە بۆ (3)پێ، ئەوەش پێویستی بەکەرەسەو خۆماندوکردنی زیاتر هەبوو.
ئەوکاتانەش کە بەفر دەباری ناچاردەبوون کارەکەیان ڕابگرن، پاشان کە بەفربارینەکە دەوەستاو خاکەکە وشك دەبۆوە، دەستیان دەکردەوە بەکارکردن.
هەرچەندە کارەکە زۆر سەخت بوو، ورەی ئاژەڵەکانیش زۆر دابەزی بوو، بەلام (بۆکسەر)و (کلۆفەر) ڕۆڵێکی باڵایان هەبوو لەبەرزکردنەوەی ئاستی ورەی ئاژەڵەکان، نموونەی چاکەکارییان بۆدێنانەوەوە لەسەر کارکردنو قوربانیدان، (سکویلەر)یش وتاری هۆشدارکەرەوەی بەسەردا دەخوێندنەوە، دەربارەی قوربانیدان لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی سەرشاندا، بەڵام هەموو ئەو وتارانە بەقەد

ڕۆڵی(بۆکسەر) کاریگەرییان نەبوو، کاتێك دەستی دەکرد بەکارکردن، وەکو نموونەیەکی قوربانیدەر دەردەکەوت‌و شیعارە هەڵبژاردەکەی خۆی دەگوتەوە: (ئەوەندەی بۆم بکرێت ئیش دەکەم).

لەمانگی کانونی دووەمدا، خۆراك بەرەو کەمی دەڕۆیشت، ڕێژەی ژەمە گەنمەکان کەم ببوونەوە، بۆیە زیاتر هانا بۆبەر خواردنی بەتاتە دەبرا، بەڵام وەکو ئاژەڵەکان بۆیان ڕوونبۆوە، پەتاتەکەش هەمووی خراپ بووەو ڕەنگی گۆڕاوەو، بەشێکیشی ڕزیوە، کەمێك نەبێت ئەوەی تری بۆخواردن نەدەشیا، بەهۆی ئەوەی بەباشی عەمبار نەکرابوو بەپوش‌و پەلاش دانەپۆشرابوو، بۆیە ئاژەڵەکان ناچاربوون بۆماوەیەکی دوورودرێژ هانا بۆبەر خواردنی (کا)و چەوەندەر بەرن، تا کار گەیشتە ئەوەی برسیەتی هەڕەشەی مردنی لێدەکردن.

بۆئەوەی دوژمنەکانیش لەدەرەوەی کێڵگەکە بەم هەواڵانە نەزانن‌و دڵخۆش نەبن، ئاژەڵەکان بڕیاریاندا بەهەموو شێوەیەك پشێویەکانی ژیانیان بشارنەوەو باسیان نەکەن.

لەناوخەڵکیشدا وابڵاوبۆوە کەئاژەڵەکان خەریکە لەبرسان دەمرن‌و، نەخۆشییان لەناودا بڵاوبۆتەوەو، گەڕاونەوە سەر باری دڕندایەتی جارانیان، گەورەکان بچووکەکان دەکوژن‌و، لەناو خۆشیاندا گۆشتی یەکتری دەخۆن، (ناپلیۆن)یش کاتێك بەمەترسیەکانی ئەو پڕوپاگندانەی زانی، (ویمبر)ی دەلاڵی ناچارکرد لەناو ئادەمیزادەکاندا بەرپەرچی ئەو پڕوپاگندانە بداتەوە.

بۆئەم مەبەستەش (ناپلیۆن) هەندێك لەو ئاژەلانەی کەتەندروستیان باشە، هێنانیە سەر ڕێگەی هاتوچۆی (ویمبر)، کە زۆربەیان لەمەڕەکان

بوون، بۆئەوەی وای نیشاندات کەئاژەڵەکان تێرن و لەوپەڕی خۆش گوزەرانیدان.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر ناچاربوون لەکۆتایی کانونی دووەمدا هەندێك دانەوێڵە بکڕن، لەوماوەیەشدا (ناپلیۆن) بەئاشکرا دەرنەدەکەوت، هەموو کاتەکەی لەناوکێڵگەکەدا لەژێر چاودێری سەگەکاندا بەسەردەبرد، ئامادەی کۆبوونەوەکانی ڕۆژانی یەکشەممانیش نەدەبوو، جارجارەش لەشێوەی ئاهەنگ گێڕاندا دەردەکەوت، شەش لەسەگەکان پاسەوانیان دەکرد، ئەگەر یەکێکیش ویستبای لێی نزیك بکەوێتەوە، ئەوە مڕەومۆڕەی سەگەکان دەبوونە مایەی دوورخستنەوەی ئەوکەسە، بەم پێیە (ناپلیۆن) تەنها خەریکی فەرمان دەرکردن بوو، لەڕێگەی بەرازێکیشەوە فەرمانەکانی دەگەیەنرایە ئاژەڵەکان، بەزۆریش (سکویلەر) ئەو ڕۆڵەی دەبینی.

لەبەربەیانی ڕۆژێکی یەکشەممەدا، (سکویلەر)ڕایگەیاند کەپێویستە مریشکەکان جارێکی تر دەست بکەنەوە بەهێلکەکردن، بۆئەوەی گرێبەستەکەی نێوان (ناپلیۆن)و (ویمبر) بکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بەوەی هەتا هاوین دادێت و کەش وهەوا خۆش دەبێتەوە، هەفتانە (400) هێلکە بخرێتە بازاڕەوەو، بەپارەکەیان دانەوێڵەو خواردنی پێویست بکڕدرێت بۆ ئاژەڵەکان، هەرچەندە ئەم بابەتە پێشتریش بەمریشکەکان ڕاگەیەنرابوو، کەپێویستە لەپێناوی ئاژەڵەکاندا ئەم قوربانییە بدەن، بەڵام کاتێ کەگوێبیستی ئەوهەواڵەبوون، کردیان بەقرتەقرت و قیڕەقیڕ، چاوەڕێی ئەوەیان نەدەکرد ڕۆژێك دابێت مافی کورك بوونیان لێ زەوت بکرێت، ئەوان تازە بەتازە قۆختەکانیان ڕێخستوونەوەو، پوشیان تێدا ڕاخستووە،

بۆئەوەی لەسەرەتای بەهاردا لەسەر هێلکەکان کورك بن و جوجەڵەکان هەڵبێنن، بۆیە ڕایانگەیاند ئەو بڕیاری هێلکە فرۆشتنە، تاوانێکە دژ بەڕەگەزەکەی ئەوان دەکرێت.

لەدوای هەڵاتنی (مستەر جۆنز)وە یەکەمجاربوو لەکێڵگەکەدا ڕووبەڕووبوونەوەیەك دروست ببێت دژ بەیاساکانی (ناپلیۆن)، شەش مریشکی ڕەش سەرکردایەتی ئەو ڕووبەڕووبوونەوەیان دەکرد، سووربوون لەسەرئەوەی بەرنامەکەی (ناپلیۆن) هەڵوەشێننەوە، بەڵام هیچیان بۆ نەکرا، بۆیەمریشکەکان بڕیاریاندا هێلکەکانیان لەشوێنێکی بەرز بکەن، بۆئەوەی بکەونەخوارەوەو بشکێن، (ناپلیۆن)یش بەتوندی دژی یاخی بوونەکەیان وەستایەوەو، بڕیاریدا خواردنیان لێ ببڕێت و، سزای سێدارەشی سەپاند بەسەر ئەوانەی دەنکە جۆیەکیان دەدەنێ، سەگەکانیشی ڕاسپارد بۆئەوەی چاودێری جێبەجێکردنی بڕیارەکەی بکەن، خۆڕاگری مریشکەکان زۆری نەخایاند، بەتایبەتی دوای ئەوەی نۆ دانەیان لەبرسان مردن و خرانە ژێر خاکەوە، بۆیە هەر لەڕۆژی پێنجەمەوە دەستیان داداو گەڕانەوە ناو قۆختەکانیان بۆ هێلکەکردن، بەم پێیە توانرا هەفتانە هێلکە پێویستەکان ئامادەبکرێن و، بەهۆی ماشێنی خاوەن دوکانەکەوە بگوازرێنەوە دەرەوەی کێڵگەکە.

لەوماوەیەشدا هیچ هەواڵێکی وەهای (سنوبڵ) نەبوو کەشایستەی باسکردن بێت، جاروبار پڕوپاگندەیەك بڵاودەبۆوە کەگوایە لەکێڵگەکانی(فۆکس وود)و(بنشفلید) خۆی شاردبێتەوە، دۆستایەتی (ناپلیۆن)یش لەگەڵ جیرانەکانی زۆر باشتربوو لەجاران، بەتایبەتی دوای ئەوەی (ویمبر) پێی ڕاگەیاندبوو کەجیرانەکانی دەیانەوێت

ئەوکۆمەڵـە تەختــە(زان)ەی لێبکـڕن کـە دەیـان سـاڵە لەمەیدانەکـەدا فرێــدراون، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا دوو دڵ بــوو لەگــەڵ هــەردووك جیرانەکان، نەیدەتوانی بڕیارێکی گونجاویان لەسەر بدات، بەتایبـەتی کاتێـك کەبیسـتی (سـنوبڵ) لـەلای یـەکێکیان شارراوەتەوە، بڕیـاری فرۆشتنی تەختەکانی ڕاگرت.

لەگــەڵ هــاتنی بــەهاردا هەنــدێك ڕووداوی نــەخوازراوو ناڕەحــەت لەناوکێڵگەکـەدا ڕوویانـدا، وادادەنـران دەسـتی (سـنوبڵ)یان تێـدابێت، دەنگێکـی وەهـا بڵاوببـۆوە کەگوایـە شـەوانە دێتـەوە نـاو کێڵگەکـە، ئەمــەش ئاژەڵـەکانی بەشـێوەیەك ناڕەحـەت کردبـوو نـەیان دەتـوانی بچنەوە هۆڵەکانیانـەوە، لـەنێوان خۆشیاندا باسـی ئـەوەیان دەکـرد کـە لەتاریکایی شەودا (سنوبڵ) بەدزیەوە دێتەوە ناوکێڵگەکەو، زۆر کاری خــراپ ئــەنجام دەدات، هەنــدێکیان بــەوە تۆمــەتباریان دەکــرد کــە دانەوێڵــەکان دەدزێــت و، هەنــدێك جــاریش شــیرەکان دەڕێــژێت و هێلکەکان دەشکێنێت و تۆوەکـان بڵاودەکاتـەوەو قەدی داری میوەکـان دەکۆڵێـت، هەرشـتێکی خـراپ لەکێڵگەکـەدا ڕوویـدابا، دەخرایـە پـاڵ (سـنوبڵ)، ئەگـەر شوشـەی پەنجەرەیـەك شـکابا، یـان بـۆڕی زێرابێـك گیرابـا، ئـەوە بەدڵنیاییـەوە یـەکێك هـەر پەیـدادەبوو بڵـێ (سـنوبڵ) ئــەوکارەی ئــەنجام داوە، ئاژەڵــەکانیش هــەموویان گەیشــتبوونە ئـەوباوەڕەی کە(سـنوبڵ)ە ئەوکارانـە ئـەنجام دەدات، بەتایبـەتی دوای بزربــوونی کلیلــی ژووری کەلوپەلــەکان، وایــان دانــابوو کە(ســنوبڵ) کلیلەکــەی هەڵداوەتــە بــیری ئاوەکــەوە، ئــەوەی جێــی سەرنجیشــە تاوانـەکی هـەر لەسـەرمایەوە دوای ئـەوەی کلیلەکەشیان لـەژێر گونیـە گەنمەکانـدا دۆزییـەوە، مانگاکـانیش وایـان ڕادەگەیانـد کـە (سـنوبڵ)

بەشەو هاتۆتە هۆڵەکەیانەوەو لەکاتی خەوتنیاندا دۆشیونی، کاتێك مشکەکانیش جموجۆڵێکیان دەکرد، ئاژەڵەکان دەیانگوت: ئەوە بەفەرمانی (سنوبڵ) وادەکەن.

(ناپلیۆن) بڕیاریدا لێکۆڵینەوەیەکی فراوان بکرێت لەسەر جموجۆڵەکانی (سنوبڵ)، بۆخۆشی ئەوئەرکەی گرتە ئەستۆ، لەناومالی کێڵگەکەوە بەخۆیو سەگەکانیەوە هاتەدەرەوەو دەستیکرد بەپشکنینی خانوبەرەو کێڵگەو لەوەڕگاکان، ئاژەڵەکانیش وەکو ڕێزێك بۆ سەرکردەکەیان، بەماوەیەکی کەم لەدوایەوە دەڕۆیشتن، (ناپلیۆن) دوای چەند هەنگاوێك دەوەستاو، بۆنی خاکەکەی دەکردو بەدوای شوێنەواری قاچەکانی (سنوبڵ)دا دەگەڕا، واشی ڕادەگەیاند کە بەهۆی بۆنکردنەوە دەتوانێت هەست بەشوێنەواری (سنوبڵ) بکات، بەم شێوەیە هەموو کونو قوژبنێکی کێڵگەکە گەڕا، لەهەرشوێنێك ئاسەواری شوێن پێیەکانی (سنوبڵ)ی هەست پێکردبا، بەدەنگێکی ترسناکەوە هاواری دەکردو دەیگوت: بەڵێ، بەڵێ، ئەوە شوێنی (سنوبڵ)ە، من خەریکە لەهەموو شوێنێکی کێڵگەکەدا دەیبینم، هەرکە هاواریشی دەکرد سەگەکانیش دەیانمڕاندو ددانەکانی خۆیان لەچیڕەوە دەبرد، ئەودیمەنە ترسێکی زۆری خستبووە دڵی ئاژەڵەکانەوە، وایان لێکدەدایەوە (سنوبڵ) تارماییەکە بەدەوریانەوە، ئەوان نایبیننو هەوڵی تۆڵەکردنەوە دەدات.

(سکویلەر)یش بارێکی ناهەموار بەسەر دەموچاویەوە دیاربوو، دەمەو ئێوارە ئاژەڵەکانی کۆکردەوەو پێیڕاگەیاندن، کەهەواڵێکی زۆر ترسناکی پێیە، بەپەشۆکاوییەوە هاواری کرد: ئەی هاوڕێکانم، کارێکی ترسناکمان ئاشکرا کردووە کەزۆر مەترسیدارە، (سنوبڵ)

خۆی فرۆشتووە بە(فردریك)ی خاوەنی كێڵگەی(بنشفیڵد)، ئێستاش سەرقاڵی ئەوەن هێرشمان بۆبێنن و كێڵگەكەمان داگیربكەن، ئەوەشی ڕوونكردەوە كە(سنوبڵ)ی خۆفرۆش ڕێخۆشكەرە بۆ ئەنجامدانی ئەوكارە، گوتیشی: ئێمە واماندەزانی ئەوەی كە(سنوبڵ) دەیكرد تۆڵە سەندنەوەبوو، لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیدا، بۆئەوەی سەركردایەتی شۆڕشەكە بگرێتە دەست، بەڵام لەڕاستیدا وانەبوو، (سنوبڵ) هەر لەسەرەتاوە بەكرێگیراوی (مستەر جۆنز) بووە، كارە نهێنیەكانی و ئەو بەڵگەنامانەش كە لەدوای بەجێماون ئەوڕاستیە دەسەلمێنن، بەدڵنیاییەوە ئەو خیانەتی لەخەڵكەكەی خۆی كردووە، ئەم لێكدانەوانەش وامان لێدەكات تیشك بخەینە سەر ڕووداوەكانی ڕابردوو، ئەدی ئێمە بەچاوی خۆمان نەماندیت یارمەتی دوژمنی دەدا لەشەڕی(هۆڵی مانگاكاندا)، بەڵام بەخت یاوەری نەبوو؟!

ئاژەڵەكان هەموو سەرسام بوون لەمەترسی ئەوشتانەی كەگوێبیستی بوون، لەڕاستیدا ئەو خۆفرۆشیانەی درابوونە پاڵ (سنوبڵ) زۆر گەورەتربوون لەڕووخاندنی ئاشەكە، بۆیە ئاژەڵەكان بیریان دەكردەوەو ئازایەتی (سنوبڵ)یان دێنایەوە بەرچاوی خۆیان لەكاتی شەڕی (هۆڵی مانگاكاندا)، بەتایبەتی دوای ئەوەی بەهۆی فیشەكێكی تفەنگەكەی (مستەر جۆنز)وە گوللەیەك بەر پشتی كەوت و بریندار بوو، كارێكی ئاسان نەبوو بۆئاژەڵەكان باوەڕ بەو لێكدانەوانە بكەن، پرسیاریان لەخۆیان دەكرد: چۆن دەبێت (سنوبڵ) بەكرێگیراوی (مستەر جۆنز) بووبێت، لەكاتێكدا (مستەر جۆنز) ویستی بیكوژێت؟ تەنانەت (بۆكسەر)یش كەزۆر بەكەمی پرسیاری دەكرد، كەچی قاچەكانی پێشەوەی بردبوونەوە ژێر زگی و چاوەكانی نوقاندبوون و دەیگوت:

باوەڕم بەوقسانە نییە! لەڕاستیدا بەچاوی خۆم بینیم (سنوبلّ) لەشەڕی(هۆڵی مانگاکاندا) مەردانە شەڕی دەکرد، دوای شەڕەکەش وسامی پلەیەکی(پاڵەوانی ئاژەڵەکان)ی پێبەخشرا، (سکویلەر)یش یەکسەر وەلاّمی دایەوە: ئێمە دوای ئەوەی بەڵگە نهێنیەکانمان دەستکەوتن، بەتەواوی بۆمان ڕوونبۆوە کەئەو ویستویەتی ئێمە تێداچین، (بۆکسەر)یش وەلاّمیدایەوە: خۆ ئێمە بەچاوی خۆمان بینیمان کەبریندار بوو، ڕایدەکردوو خوێن لەپشتی دەچۆڕایەوە، (سکویلەر)یش وەلاّمی دایەوە: ئەوە تەنها بەشێك بوو لەو بەرنامەیەی کە دایاننابوو، فیشەکەکەی (مستەر جۆنز) تەنها بەسەر پشتیدا خشابوو، دەشتوانم ئەوەت بۆ بسەلمێنم، ئەگەر خوێندەواریت هەیە ئەوتا (سنوبلّ) بەخەتی خۆی نووسیویەتی کەلەلایەن دوژمنەوە ڕاسپێردراوە لەمەیدانی جەنگەکەدا ترس و پشێوی و هەلاّتن بنێتەوە، ئەوەندەشی نەمابوو هەوڵەکانی سەرکەون، ئەگەر وریایی و لێهاتویی (ناپلیۆن)ی سەرکردەمان نەبوایە.

(سکویلەر) خێراتر کلکی بادەداو بەسەر ئاژەڵەکاندا قیژاندی: لەبیرتان نایەت کە(مستەر جۆنز)و پیاوەکانی هاتنە مەیدانەکەوە، چۆن (سنوبلّ) پشتی هەڵکردوو هەندێك لەئاژەڵەکانیش بەدوایدا هەڵدەهاتن؟ ئەدی لەبیرتان نایەت کە(ناپلیۆن) هاتە مەیدانەکەوە لەوکاتەی کە ترس و دڵەڕاوکێ زاڵببوو بەسەر دڵ و دەرونی ئاژەڵەکاندا؟ ئەی هاوڕێیان، ناکرێت ئێوە ئەوەتان لەبیرچووبێتەوە کە (ناپلیۆن) گەزەیەکی لەقاچی (مستەر جۆنز)داو هاواری کرد: (مردن بۆ مرۆڤایەتی)!

دوای ئـەوەی کە(سـکویلەر) چـەند دیمـەنێکی شـەڕەکەی بۆگێڕانـەوە، ئاژەڵەکان وایان هەست دەکرد شتێك لەوبابەتانە ڕوویـدابێت، ئـەوەیان دەهاتـــەوەبیر کـــە لـــەکاتێکی هەســـتیاری ناوشـــەڕەکەدا (ســـنوبڵ) هەڵدەهات.

(بۆکســـەر)یش ڕاڕاو دوودڵ بـــوو، مێشـــکی ئـــاڵۆزبوو، وای دەربـــڕی باوەڕناکات (سنوبڵ) لەسەرەتادا خۆفرۆش بووبێت، بەڵکو هاوڕێیەکی ڕاسـتگۆبووە لـەکاتی شـەڕی(هۆڵی مانگاکانـدا)، هەرچـەندە پاشـتر شتێکی خیانەتکاری لێبینرابێت، (سکویلەر)یش قسەکانی پیێ بڕیو بـەدەنگێکی نـەرمو باوەڕبـەخۆبوونێکی تـەواوەوە گـوتی: (ناپلیۆن)ی هـــاوڕێو ســـەرکردەمان، هـــەر لەســـەرەتاوە ڕایگەیانـــد کە(ســـنوبڵ) بـەکرێگیراوی (مسـتەر جـۆنز) بـووە، تەنانـەت پـێش دەسـتپێکردنی شۆڕشیش، (بۆکسەر)یش گوێچەکانی داهێشتن و گوتی: ئەگـەر ئـەوە قسـەی (ناپلیۆن) بێـت، ئـەوا(ناپلیۆن بـەردەوام لەسـەر حەقـە)، لێـرەدا (سکویلەر) بەتێڕوانینێکی شەڕاویی لەچاوە تەسکەکانیەوە بەسـەریدا شیڕاندو گوتی: ئەوەیە گیانی شۆڕشگێری. پێش ئەوەی ئاژەڵەکانیش جێهێڵێـت بەهەڕەشـەوە گـوتی: مـن هـەموو ئاژەڵـەکانی کێڵگەکـە ئاگادارەدەکەمـــــەوە: چـــــاوەکانتان بکەنـــــەوەو نەکەونـــــە داوی سیخوڕەکانی(سنوبڵ)ەوە کە بەناوماندا بڵاوبوونەوە.

دوای چوار ڕۆژ (ناپلیۆن) فەرمانی کرد ئاژەڵەکان لەمەیدانی کێڵگەکە کۆببنـــەوە، لەخانوەکـــە هاتـــەدەرەوەو هـــەموو وســـامە کۆنـــەکانی و، وسامێکی تازەی پلە دووشی بەبەرخۆیدا کردبوو، هەر نۆ سەگەکەشی لەگەڵدابوون، بـەجۆرێك دەوەڕیـن لـەرزیان دێنایـە دڵـی ئاژەڵەکانـەوە،

ئاژەڵــەکانیش دڵنیابوونــەوە کــە ئــەم ماســتە بــەبێ مــوو نییــەو، واپێدەچێت ئاژاوەیەك خەریکی سەرهەڵدان بێت.
(ناپلیۆن) وادەردەکەوت کە لەنمایشێکی سەربازیدایە سەربازەکانی بەسەردەکاتەوە، پاشان بەتوندی نەڕاندی، سەگەکانی لەگەڵیدا هاتنە پێشەوەو گوێچکەی چوار لەبەرازەکانیان گرتن‌و، خستیاننە ژێر پێی (نــاپلیۆن)ەوە، بــەرازەکانیش لەترســان‌و لــەئازاری گوێچــکەکانیان هاتوهاواریــان بــوو، ســەگەکانیش تام‌ولــەزەتیان لــەخوێنی برینــی بەرازەکان وەردەگرت، جێگای سەرنج بوو بەبەرچاوی هەمووانەوە سێ ســەگیش هێرشــیان کــردە ســەر (بۆکســەر)، ئــەویش نــەیکردە نامــەردی، سمێکــی لەیەکێکیانــداو هەڵیدایــە ئاسمــان‌و کەوتــەوە سەرزەوی‌و، قاچێکی لەسەر گیرکرد، دەیویست بیکوژێت، سەگەکەش دەنوزایــەوەو داوای یارمــەتی دەکــرد، (بۆکســەر)یش مەبەســتی بــوو سەگەکە تێك بشکێنێت، بەڵام وەکو ڕێزێك تەماشایەکی (ناپلیون)ی کــرد، ئــەویش فــەرمانی پێکــرد وازی لێبێنێــت، ئینجــا ســەگەکە هەستایەوەو گەڕایەوە لای سەگەکانی ترو کلکی شۆڕببوەوە نێوان ڕانەکانی، دووسەگەکەی تریش کە بینیان هاوڕێکەیان تووشی ئەم کارەساتەبوو، سەری خۆیان شۆڕکردوو هەڵاتن، ئینجا لێشاوی ئەو هات‌وهــاوارە هێــدی بــۆوەو، ئاژەڵــەکان ڕووی خۆیــان کــردە چــوار بــەرازەکان، کەلەترساندا هەڵدەلــەرزین‌و، سیمای تــاوان‌و پەشــیمانی بەســەر دەموچــاویانەوە دیــاربوو، بــەرازەکان هــەمان ئــەو چــوار بــەرازەبوون کەدژایــەتی لابردنــی کۆبوونــەوەکانی یەکشــەممانیان کردبوو، ئینجا (ناپلیۆن) ڕوویکردە بەرازەکان‌و داوای لێکردن دان بەتاوانەکانیانــدا بنــێن، بــەرازەکانیش لەترســان بــەبێ چــاوەڕێکردن

کەوتنە دان نان بەتاوانەکانیان، بەوەی بەردەوام لەپەیوەندی دابوون لەگەڵ (سنوبڵ)، دوای ئەوەی کە لەکێڵگەکە هەڵاتووەو، ئەوان یارمەتی (سنوبڵ)یان داوە لەتێکدانی ئاشەکەداو، بەشداربوون لەو نەخشەیەی (سنوبڵ) دایناوە بۆ ڕادەستکردنی کێڵگەکە بۆ (فردریك)، هەروەها بەرازەکان دانیان بەوەشدانا کە(سنوبڵ) پێی گوتون: کە ئەو پێش شۆڕش بەکرێگیراوێکی نهێنی (مستەر جۆنز) بووە، هەرئەوەندە بەرازەکان لەدانپێدانانەکانیان بوونەوە، سەگەکان هێرشیان کردنە سەریان‌و پارچە پارچەیان کردن، دوای ئەوە (ناپلیۆن) بەدەنگە ترسناکەکەی هاواری کرد: کێ ماوە دان بەتاوانەکانیدا بنێت؟ سێ دانەش لەو مریشکە ڕەشانەی کەکاتی خۆی ناڕازی بوون بەبڕیاری فرۆشتنی هێلکەکان، هاتنەپێشێ‌و گوتیان: شەو لەخەودا (سنوبڵ)مان دیوە، دنەدنەی داوین گوێ بەفەرمانەکانی (ناپلیۆن) نەدەین، (ناپلیۆن)یش بڕیاری سەربڕینی بۆدەرکردن، قازێکیش دانی نا بەشاردنەوەی شەش گوڵەگەنم لەکاتی دروێنەی ساڵی ڕابردوو، پاشانیش شەو بەدزیەوە خواردوونی، مەڕێکیش دانی نا بەوەی بەهۆی دنەدنی (سنوبڵ)ەوە پیسایی کردۆتە ناو ئاوی خواردنەوەکە، دوو مەڕی تریش دانیان نا بەوەی بەرانێکی دۆستی (ناپلیۆن) یان کوشتووە، ئەمانە هەموویان سزای سێدارەیان بۆدەرچوو.

بەم پێیە هەرچی دانی بەتاوانەکانیدا نابا لەداردەدرا، لاشەیەکی زۆر لەژێر پێی (ناپلیۆن) لەسەرخاك کەوتبوون، بۆنی خوێن دەووروبەرەکەی پڕکردبوو، لەدوای نەمانی (مستەر جۆنز)ەوە کارەساتی وەها ڕووینەدابوو.

کـەدادگایی کردنەکـە تـەواوبوو، هەمووئاژەڵـەکان گەڕانـەوە، تـەنها سـەگ و بـەرازەکان نـەبێت، هـەموویان لـەبارێکی وادابـوون لەترسـان هەڵدەلـەرزین و نەیانـدەزانی کامـەیان مەترسـیدارترە، خۆفرۆشـی ئەوئاژەڵانـەی لەگـەڵ (سـنوبڵ) هەڵگەڕابوونـەوە؟ یـان دیمەنـە ترسناکەکانی لەسێدارەدان؟

ئاژەڵـەکان دوای گەڕانـەوەیان هـەموویان لەسـەر گـردە بچـووکەکە کۆببوونـەوە کـە ئاشـەکەی لەسـەر دروسـتدەکرا، هـەموویان پاڵیـان پێکدابوو، وەکو بڵێی بەدوای خۆ گەرم کردنەوەو خۆپارێزیدا بگەڕێن، تەنها پشیلەکە دیارنەبوو، هەر لەسەرەتاوە نـەهاتبوو بۆکۆبوونەوەکـە، (کلۆفـەر)و (موریـەڵ)و (بنیـامین)و مانگـا و مـەڕو قـازوو مریشـکەکان، هـەموو پاڵیـان پێکـدابوو، تـەنها (بۆکسـەر) نـەبێت، بەتـەنیا بـەپێوە دەهـات و دەچـوو، وەکـو سەرسـامییەکیش کلکـە ڕەشـەکەی بـەولاو ئـەولادا بـادەداو بەنـەرمی دەیحیلانـد، دوای بیرکردنەوەیـەکی قـوڵ، گـوتی، ئـەی هاوڕێکـانم، نـاتوانم تێبگـەم ئەوەچـییە لەناومانـدا ڕوودەدات؟ سەری ڕادەوەشاندو بەتوندی دەیپڕماندو، دەیگوت: باوەڕ ناکـەم گونجاوبێـت کارەسـاتێکی ئاوەهـا لەناوکێڵگەکەمانـدا ڕووبـدات، ئەوە هەموو دەگەڕێتەوە بۆهەندێك کەموکوڕی نێـوان خۆمـان، مـن وای دەبینم کـارکردن شـوێنەواری ئـەم کارەسـاتەمان لەسـەر لادەبـات، بۆیـە ئەوە من بڕیارمدا لەئیمڕۆوە کاتژمێرێك پـێش هـەموو ئاژەڵـەکان بچمە سەر کارەکـەم، بـەرەو شـوێنی بـەردەکان ڕۆیشـت و دوو کـاروان بـەردی کێشایەوە، پێش ئەوەی بچێتەوە ناو ئاخوڕەکەی.

ئاژەلـەکان لەسـەر گردەکـە خۆیـان مـات دابـوو، (کلۆفـەر)یش خـۆی کڕکردبـوو، هـەموویان لـەوێوە دەیانڕوانیـە ئـەو ئاسـۆ فراوانـەی کـە

لەبەردەمیاندابوو، دەیانتوانی لەوێوە شارەکەو بەشەکانی کێڵگەکەو لەوەڕگا سەوزەکان‌و قۆریە پوشەکان‌و کێڵگە سەوزە داچێنراوەکانی گەنم‌و گۆمی ئاوەکە ببینن، هەروەها سەربانی خانووەکانی ناوکێڵگەکەشیان لێوەدیاربوو لەدوکەڵ کێشەکانەوە دوکەڵیان لێ بەرزدەبۆوە، ئێوارەیەکی بێگەردی بەهاری بوو، تیشکە زێڕینیەکانی خۆر لەگەڵ ئاوابوونیدا خۆی بەسەر گیاوگۆڵ‌و پەرژینەکانی کێڵگەکەدا دەخشاند، ئاژەڵەکان لەبارێکدابوون دەتگوت خەون بەوەوە دەبینن کەکێڵگەکە بەهەموو جوانیەکانەوە سەروەت‌و سامانی ئەوانە، وەکوئەوەی بڵێی ئەوە یەکەمجارە جوانی‌و کاریگەری کێڵگەکە دەردەکەوێت، (کلۆفەر)یش کاتێک تەماشای بەرزاییەکانی دەکرد، چاوەکانی پڕببوون لەفرمێسک، دەیویست ئەوەی لەناخیدایە دەری ببڕێت‌و بڵێت: ئەوە ئەوئاواتە نییە کەپێش چەند ساڵێك لەمەوبەر ئاژەڵەکان هەوڵیان دەدا بیهێننەدی، کاتێك بڕیاریان لەسەر ئەوەدا کە ئادەمیزاد لەکێڵگەکە بکەنەدەرەوە، دیمەنی ئەوهەموو ترس‌و خوێن ڕشتنانەش ئەوهیوایانە نەبوون کەپیرە (مێجۆر)لەپێناویدا شۆڕشەکەی داگیرساندو، لەبیرو هۆشماندا وێنەیەکی بۆ داهاتوومان نەخشاند، بۆ لەدایکبوونی کۆمەڵگایەکی سەربەست‌و ڕزگاربوو لەکۆیلەیی‌و ترس‌و تۆقاندن‌و برسیەتی، هەموو بەیەك چاو سەیر دەکرێن، کەس لەتوانای خۆی ئەرکی زیادەی ناخرێتە سەرشانی، بەهێزەکانیان پشتیوانی لاوازەکانیان دەکەن، بەتەواوی وەکوئەوەی کە (کلۆفەر)بەزەیی بەبەچکە مراویەکەدا هاتەوەو لەناو قاچەکانی خۆیدا داینا، ئەوشەوەی کە پیرە(ماجۆر)ئاژەڵەکانی کۆکردبوونەوەو قسەی بۆدەکردن، پاشانیش کەڕۆژەکان تێپەڕین گەیشتین بەڕۆژێکی

وەکو ئەمڕۆ، ئەوە حاڵی شۆڕشە سەرکەوتووەکەیە، ئاژەڵەکان ناتوانن بیروڕای خۆیان دەربڕن، سەگەکانیش بەناویاندا دەسوڕێنەوە، ئاژەڵەکان ناچاردەکرێن هاوڕێکانی خۆیان ببینن پارچە پارچە دەکرێن لەسەر تاوانێك کە نەیانکردووە، ئەم بیرکردنەوانە وەکو یادەوەری بەمێشکی (کلۆفەر)دا دەهاتن، ئاژەڵەکان ڕۆژێك لەڕۆژان بیریان لەیاخی بوون و سەرپێچی نەکردۆتەوە، لەگەڵ ئەوهەموو ڕووداوانەش کەبەسەریاندا تێپەڕیوە، باوەڕیان وابووە کەئێستا ژیانیان زۆر باشترە لەسەردەمی (مستەر جۆنز)، پێویستیشە لەسەریان بەبەردەوامی تێکۆشن بۆئەوەی نەبنە تالانی دەستی مرۆڤ.

لەپێناوی ئەوئامانجەشدا پێویستە دڵسۆزبێت و بەدروستی کارەکانی ئەنجام بدات و، فەرمانەکان کەبەسەریدا دەکرێن، بەبێ دمبەدمانێ جێبەجێیان بکات و، گوێڕایەڵبێت بۆ (ناپلیۆن)ی سەرکردە، بەدڵنیاییەوە لێرەوە خەونە خۆشەکانی کۆتاییان پێهات کە لەپێناویاندا تێکۆشاو قوربانیداو ڕووبەڕووی فیشەکەکانی (مستەر جۆنز) بۆوە.

هەموو ئەوشتانە بەبێدەنگی لەناو ناخی (کلۆفەر) دابوون، پاشان ئەو بێدەنگییەی بەگۆرانی دەربڕی، وەکوئەوەی گۆرانیەکە دووری بخاتەوە لەئازارە قوڵەکانی و لەو بارەتاڵەی کەتێیدایە، ئاژەڵەکانیش بەدوای ئەودا بەئاوازێکی هێواشی خەمبار سروودی(دڕندەکانی ئینگلتەرا)یان دەگوتەوە، هێشتا جاری سێیەمیان تەواونەکردبوو کە(سکویلەر) بەخۆی و دووسەگەوە هات و لەهەگبەکەیدا مەبەستێکی گرنگ هەبوو، ئینجا ئاگاداری کردنەوە بەوەی کە سەرۆك (ناپلیۆن)

سروودی (درندەکانی ئینگلتەرا)ی لابردووە، بۆیە لەئێستاوە قەدەغەیە ئەو سروودە بگوترێتەوە.
ئاژەڵەکان بەم بڕیارە سەرسام بوون، (موریەڵ)یش هاواری کرد: بۆچی قەدەغەیە؟ (سکویلەر)یش وەڵامیدایەوە: ئەم سروودە لەگەڵ ئەوسەردەمەدا ناگونجێت، ئەوە سروودی شۆڕشگێڕەکانە پێش سەرکەوتنی شۆڕش، ئێستاش شۆڕش ئەنجام دراوەو مەبەستەکانیشی هاتوونەدی، لەداردانی خۆفرۆشەکانیش ئیمڕۆ دوای نیوەڕۆ، کۆتایی ئەوقۆناغەیە، شۆڕشیش سەرکەوتنەکانی خۆی لەدەرەوەو لەناوەوەدا بەدەست هێناوە، سروودەکەش مەبەست لەتێڕوانینی دواڕۆژێکی ڕوونە، ئەودواڕۆژە ڕوونەش بەدەستهێنرا، کەواتە لێرە بەدواوە سروودەکە پێویست نییە، هەرچەندە ئاژەڵەکان لە ترس و سەرسامییەکی زۆردابوون، بەڵام ئەگەری ئەوەهەبوو هەندێکیان دژی بڕیارەکە وەستابانەوە، ئەگەر مەڕەکان لەوکاتەدا بەبارەبارەوە بۆچەند خولەکێك شیعارەکەی خۆیان نەگوتبایەوە کەدەڵێت: (چوارپێیەکان چاکەکارن، دوو پێیەکانیش شەڕانگێزن)، دوای ئەوە (سکویلەر) گەڕایەوە ئەوشوێنەی کە لێوەی هاتبوو.
لەوڕۆژەوە ئەو سروودە نەگوترایەوەو، (منیمیس)ی شاعیر سروودێکی تری نووسیەوە، کە ئەمەی خوارەوەیە:

کێڵکە گەورەکەی ئاژەڵان...... کێڵکە گەورەکەی ئاژەڵان

یاخوا هەر بۆمان بمێنی........ ڕزق و دانامان بۆ بەربێنی

ئەم سروودە لەبەیانیانی ڕۆژی یەکشەممان دوای بەرزکردنەوەی ئاڵا دەگوترایەوە، هەرچەندە لەلای زۆربەی ئاژەڵەکان پارسەنگی سروودی (درندەکانی ئینگلتەرا)ی نەدەکرد لەڕووی ئاوازو وشەکانەوە.

## بەشی هەشتەم

دوای چەندڕۆژێك لەکوشت وکوشتارەکە، هەستی ترس و تۆقاندن لەدەروونی ئاژەڵەکاندا کەمێك ئارام ببۆوە، هەندێکیان بەبیریان دەهاتەوە یان وایان بیردەکردەوە کەخاڵی شەشەمی وەسیەت نامەکە، کوشتنی ئاژەڵێك لەسەردەستی ئاژەڵێکی تر قەدەغەدەکات، هەرچەندە ئاژەڵەکانیش ئەوەندە لێهاتوونەبوون بتوانن بوێرانە ئەم ڕاستیانە لەبەردەم بەرازو سەگەکان باس بکەن، بەلاّم هەموویان وەکو بیروباوەڕێکی ئاژەڵی، باوەڕیان بەوەهەبوو کە لەسێدارەدان پێچەوانەی ناوەڕۆکی حەوت وەسیەتەکەیە، هەموو ئاژەڵەکانیش لەدەرەوەی تەویلەکە وەستابوون تەماشای حەوت وەسیەتەکەیان دەکرد کەبەگەورەیی لەسەر دیوارەکە نووسرابوونەوە، (کلۆفەر) داوای لە(بنیامین) کرد وەسیەتی شەشەمیان بۆبخوێنێتەوە، ئەویش وەکو داب ونەریتی خۆی ڕازی نەبوو، بەبیانوی ئەوەی دەست لەکاروبارێك وەرنادات کەپەیوەندیی بەوەوە نەبێت، بۆیە (کلۆفەر) داوای لە(موریەڵ) کرد بۆیان بخوێنێتەوە، ئەویش زۆر بەناڕەحەتی خوێندیەوە: (قەدەغەیە هەر ئاژەڵێك ئاژەڵێکی تر بکوژێت.....بەبێ هۆ)، ئاژەڵەکان نەدەهاتەوە بیریان کە دووشەی(بەبێ هۆ) لەوەسیەتەکەدا هەبووبێت، بەلاّم ئەوەئێستا بۆیان ڕوونبۆوە کە ڕووداوەکانی ئەم دواییە دژایەتی ناوەڕۆکی وەسیەتەکەیان نەدەکردوە، لەسێدارەدانی ئاژەڵەکانیش بەپێی هۆ نەبووە.

ئیش وکاری ئاژەڵەکان لەوساڵەدا زۆر سەختتربوو لەساڵی ڕابردوو، لەگەڵ ئەوهەموو ئیش و کارانەی کەلەسەر شانیشیان بوو،

دروستکردنەوەی ئاشەکەو تەواوکردنیشی لەکاتی خۆیدا کارێکی ئاسان نەبوو، لەکاتێکدا کەبڕیاردرابوو ئەستووری دیوارەکان زیادبکرێن.
هەرچەندە ماوەی کارکردنەکەشیان زۆر درێژبوو، کەچی ئەو بڕە خۆراکەی دەیاندرایە لەچاو بڕەخۆراکەکەی سەردەمی (مستەر جۆنز) زۆر کەمتربوو، لەگەڵ ئەو کەم خۆراکییەشدا، کەچی (سکویلەر) هەموو بەیانی ڕۆژانی یەکشەممە لستێکی بەسەردا دەخوێندنەوە لەبارەی ڕێژەی زیادکردنی جۆری بەرووبوومەکانەوە، بەڕێژەی200٪ و 300٪ و 500٪ ، بەپێی جۆری بەروبوومەکان، لەبارەی ڕاستودروستی ئەو ژمارانەشەوە، شتێکی وەها لەگۆڕێ نەبوو ببێتە مایەی دوودڵی ئاژەڵەکان، لەکاتێکدا کەئەوان هیچ شتێکیان نەدەهاتەوەبیر دەربارەی ڕێژەی بەرهەمهێنان لەپێش هەڵگیرسانی شۆڕشدا.
وایلێهات (سکویلەر) یان بەرازێکی تر فەرمانەکانیان دەگەیاندنە ئاژەڵەکان، (ناپلیۆن)یش زۆر بەکەمی دەردەکەوت، لەماوەی دوو هەفتەدا تەنها جارێك دەبینرا، ئەگەر هاتبا بۆلای ئاژەڵەکانیش، کۆمەڵە سەگێکی لەگەڵ دەهات، ئەمجارەیان شتێکی تریش لەڕێوڕەسمی هاتنەکەی زیادی کردبوو، ئەویش کەڵەبابێکی ڕەش بوو لەپێشیەوە دەڕۆیشت، هەرکە (ناپلیۆن) دەچووە سەر سەکۆیەکە، قوقەیەکی تیژی لێدەدا، وەکو ئاگادارکردنەوەیەك بۆ ئاژەڵەکان، بەوەی کەئێستا (ناپلیۆن) وتارەکەی دەستپێدەکات!
دەنگۆی ئەوەش بڵاوبۆوە کەگوایە شوێنێکی تایبەتی بۆخۆی دیاریکردووە لەناو خانووی کێڵگەکەدا، لەکاتی نان خواردنیشدا

بەتـەنها نانەکـەی دەخـوات و، دوودانـەش لەسـەگەکان لەخزمەتیـدا دەوەسـتن، هـەروەها تاقمـە بـەهادارەکانی (مسـتەر جـۆنز)یش بـەکاردێنێت کـە لـەڕێوڕەسمی بۆنەکانـدا بـەکاری دێنـان و، لـەناو قاپ وقاچاغەکانی ژووری دانیشتن دەری دێنان، پاشان ئەوەش بەناو ئاژەڵەکانـدا ڕاگەیـەنرا کەپێویسـتە لـەیادی لـەدایکبوونی (ناپلیۆن)دا ئاهـەنگ بگێڕدرێـت و فیشـەکێکیش بتەقێنـدرێت، بەتـەواوی وەکـو ئاهـەنگ گێڕانـی دووجەژنـەکانی تـر: (یـادی شـۆڕش) و یـادی شەڕی(هۆڵی مانگاکان)، وایلێهات بوو بەئەرکی سەرشانی ئاژەڵەکان کەس بەسادەیی ناوی (ناپلیۆن) نەهێنێت، ئەگەر یەکێك ویستی ناوی بێنێت، ئـەوا دەبێت بڵێت: (سـەرکردەی گـەورەمان هـاوڕێ ناپلیۆن)، بـەرازەکانیش نازنـاوی تریـان پێـوە دەلکانـد وەکـو: (بـاوکی هـەموو ئاژەڵـەکان، تۆقێنـەری ئادەمیزادەکـان، پـارێزەری ئاغـەڵی مـەڕەکان، دۆستی بەچکە مراویەکان) و نازناوی تری لـەم بابەتـە، (سکویلەر)یش لەوتارەکانیـدا فرمێسـك بەچـاوەکانیدا دەهاتنـەخوارێ کاتێـك باسـی (نـاپلیۆن) و دەسـەڵات و سـینگ فراوانـی و ڕەوشـتە بـەرزەکانی و خۆشەویسـتی بۆئاژەڵـەکان دەکـرد، بەتایبـەتی ئـەو نـۆ پۆلـەی تـاکو ئێسـتا لەکێڵگـەکانی تـردا دەنـاڵێنن بـەهۆی کۆیلەبوویانـەوە بەدەسـت ئادەمیزادەکانـەوە، هـەموو ئاژەڵـەکان لەسـەرئەوە ڕاهـاتن کـەهۆکاری سەرکەوتن و دڵخۆشییان، بۆ ڕابەرایەتی (ناپلیۆن) دەگەڕێتـەوە، ئەگـەر مریشکێك لەگـەڵ مریشـکێکی تـردا قسـەی کردبا دەیگـوت: لەسایەی ڕێوشـوێنەکانی سـەرکردایەتی (نـاپلیۆن)دا لـەماوەی شـەش ڕۆژدا پێـنج هێلکـەم کـردووە، ئەگـەر مانگایـەکیش لـەکاتی ئاوخواردنـەوەدا لەسـەر گۆمەکـە، مانگایـەکی تـری دیتبایـە دەیگـوت: سـوپاس

بۆ(ناپلیۆن)ی سەرکردەمان، لەسایەی سەری ئەوەوە دەبێت چ شتێك لەوئاوە بەتامتربێت؟ (منیمیس)یش ئەو بەرازەی کەشاعیربوو لەناو ئەوگوزەرانەدا ئیلهامی شیعری بۆ هاتو گوتی:

ئەی باوکی هەتیوو سەرچاوەی خۆشی
دەسکی گوڵەجۆو نانەدری برسی
بڵێسەی وەك گڕ، ئارامی وەك بەرد
ئەی ناپلیۆنی قارەمانو مەرد
ئەی پەنای ئاژەڵ لەزوڵمی زەمان
قەسەڵ بەتەڕی دەنێری بۆمان
گشت بەرازەکان هەموو دڵنییان
بژی ناپلیۆن گەورەی نیشتیمان

* * *

کاتێ پەپولە دەفڕێتو باڵندەکانیش دەخوێنن
کاتێ بەرازی شارەزا لەبەربەیان بەچکە دێنن
کۆرپەکانیان لەناو بێشکە هاواردەکەن دەقیژێنن
زیرەکیەکەی (ناپلیۆن)ە نەمریمان بۆدەهێنن

(ناپلیۆن) ڕایگەیاند ئەو دوو پارچە هۆنراوەیە جوانو سەرنج ڕاکێشن، بۆیە بڕیاریدا لەسەردیواری تەویلەکە بەرانبەر حەوت وەسیەتەکە بەخەتێکی گەورەو جوان بنووسرێنەوە، هەروەها (سکویلەر)یش لەگەڵ دوو هۆنراوەکەدا وێنەیەکی گەورەی (ناپلیۆن)ی بەبۆیاغی سپی لەسەر دیوارەکە کێشا.

لەودەمەدا (ناپلیۆن) بەیارمەتی (مستەر ویمبر) لەگەڵ هەردووك جیرانەکانی، سەرقاڵی کۆبوونەوەیەکی زۆر گرنگ بوو، کۆبوونەوەکە

دەربـارەی فرۆشـتنی ئەوتەختـەو دارانـەبوو کـە دەیـان سـاڵ بـوو لەمەیدانەکــەدابوونو تائەوکاتــە نەفرۆشــابوون، دوو جیرانەکــەش کێبڕکێیان بوو لەسەر کڕینی داروتەختەکان، دەنگۆیەکی واش لەئارادا بـوو کـە(فردریك)و دارودەسـتەکەی هـەر لەسـەر بەزمەکـەی جـارانن‌و، بـەردەوامن لـەپیلان گێـڕان بۆتێکـدانی ئاشـەکە، کـەببوو بەمایـەی حەسـودی لـەدڵی ئادەمیزادەکانـدا، ئـەوە لەکاتێکـدا دەنگـۆی ئـەوەش هــەبوو کە(ســنوبڵ) لەکێڵگەکــەی (فردریــك) خــۆی ماتــداوە، نــەك هەرئەوەنـدە بـەڵکو ڕۆژێکیـان سـێ لەمریشـکەکان دانیـان بـەوەدانا لەدەسیسـەیەکەوە گلاون کە(سنوبڵ) نیـازی وایـە (ناپلیۆن) بکوژێت، ئەوقسـەیەش گرنگییـەکی زۆری پێـدراو، لەوکاتـەوە ڕێوشـوێنی تونـد گیرانەبـەر بـۆ پاراسـتنی (نـاپلیۆن)، چـوار لەسـەگەکان بەبـەردەوامی پاسەوانی شوێنی خەوتنەکەیان دەکردو، بەرازێکی گەنجیش کەناوی (بنکاری) بوو، بۆئەوە دانرابوو پێش (ناپلیۆن) لەخواردنەکان بخـوات، نەوەك ژەهراوی کرابن.

هـەر لەهـەمان ڕۆژ، دەنگـۆی ئـەوە بڵاوبـۆوە کەڕێککەوتنەکـە خەریکـە واژۆ دەکرێت لەنێوان کێڵگەکەیان‌و کێڵگەی (فۆکس وود)ی جیرانیان، هەرچەندە ئاژەڵـەکانیش باوەڕیـان بـەهیچ ئادەمیزادێـك نـەمابوو، بـەڵام مامەڵەکردنیان لەگەڵ (پیڵکینگتن) پـێ باشـتربوو وەك لـە(فردریك)، کـە ڕقیان لێی دەبۆوەو لێشـی دەترسـان، چونکە کـاتی خـۆی لەسـەرەتای هاوینـدا کەخـەریکی بنیاتنانــەوەی ئاشــەکەبوون، چــەند هــەواڵێك بڵاوبوونـەوە بـەوەی (فردریـك) بەیارمـەتی بیسـت کـەس بەچـەکەوە لەدارودەستەکەی نیازی ئەوەیان هەیە هێرش بکەنە سەر کێڵگەکەیان، بەرتیلیشـی داوە بەپۆلیسـی ناوچـەکە خۆیـان لەوکێشـەیە بێـدەنگ

بکـەن، هـەروەها هـەواڵی ئـەوەش بڵاوبـۆوە کە(فریـدریك) مامەڵەیـەکی توندوتیـژ لەگـەڵ ئاژەڵـەکانی کێڵگەکـەی خۆیـدا دەکـات، بەشـێوەیەك جارێکیـان کەوتۆتـە لێـدانی ئەسـپێکی بەتەمـەن، هـەتا مـردن وازی لێ نەهێناوە، هەروەها مانگایەکی بەستۆتەوەو خواردنی نـەداوەتیێ، هـەتا گەیوەتـە ئـەوەی لەبرسـان بمرێـت، سـەگێکی خۆشـی هەڵداوەتـە نـاو تەندورەکەوەو سووتاندوویەتی، ئێوارانیش بۆ بەزمو ئارەزووی خـۆی کەڵەبابەکان بەشەڕەدات، زۆر کاری دڕندانەی تریشی ئەنجامـدابوون، وەکو ئەوە وابوون موسێکی تیژ بەگیانی کەسێکی زیندوودا بهێنرێت. بۆیە بۆ تۆڵەسەندنەوەی هاوڕێکانیان، خوێنی ئاژەڵـەکان هاتـە کوڵین، هیـوای ئەوەشـیان دەخواسـت ڕێگـەیان پێبـدرێت هێـرش بکەنـە سـەر کێڵگـەی (بنشـفیڵد)و، ئادەمیزادەکـان دەرکەنـەدەرەوەو، ئاژەڵـەکان ئازادبکـەن، بـەڵام (سـکویلەر) ئامۆژگـاری کـردن بـەوەی دان بەخۆیانـدا بگـرنو هـیچ کاردانـەوەیان نـەبێت، ئەوکارانـەش بۆ(ناپلیۆن) لێگـەڕێن ئەو چارەسەرییان دەکات.

ئاسـتی ڕەزاگرانـی (فردریـك) لـەناو ئاژەڵەکانـدا گەیشـتە لوتکـەی ڕقوقینـە، لەکۆبوونـەوەی ڕۆژی یەکشەممەشـدا، (ناپلیۆن) ئـەوەی خسـتەڕوو کـە هـیچ کاتێـك نەیوسـتووە تەختـەکان بـە(فردریك) بفرۆشـێتو، بەبـەردەوامیش وای دانـاوە مامەڵـە لەگـەڵ کەسـێکی وەکو(فردریـك) لەگـەڵ ڕێـزو کەرامـەتی (ناپلیۆن) تێـك ناکەنـەوە، هـەروەها ئەوەشـی بۆئاژەڵـەکان ڕوونکـردەوە کـە ماوەیـەکی زۆرە بـەکۆترەکانی گوتـووە پڕوپاگنـدەکان لەکێڵگـەی (فـۆکس وود) بڵاونەکەنـەوەو، تـەنها خـەریکی ئـەوەبن هـانی ئاژەڵـەکانی کێڵگـەی (بنشفلید) بدەن بۆ شۆڕشکردن دژی (فردریك)، فەرمانیشی دەرکرد

ئەوشـیعارە کۆنـەی کـەدەڵێت: (مـردن بـۆ مرۆڤـەکان)، بگۆڕدرێـت بەشیعاری (مردن بۆ فردریك).

لەکۆتایی هاوینیشدا وا لەئاژەڵەکان گەیەنرا پیلانێکی تری (سنوبڵ) ئاشکرابووە، گوایە بەشەو هاتۆتە ناوکێڵگەکەوەو هەموو تۆوەکانی تێکەڵ بەیەکتری کردوون، ئەوکارەش دوای ئەوە ئاشکرابوو کەقازێکی نێر دانی بەوەدانا لەم کارەدا یارمەتی (سنوبڵ)ی داوەو، پاشان ئەوکارەی بەخیانەت زانیوە، بۆیە بەچەند دەنکە دانێکی ژەهراوی کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە، ئەم پڕوپاگندانە ئاژەڵەکانی گەیاندە ئەوباوەڕەی کە(سنوبڵ) هەرگیز شایستەی وسامی پلەیەکی (پاڵەوانی ئاژەڵەکان) نەبووە لەشەڕی (هۆڵی مانگاکاندا)و، هەرگیز بەدەستیشی نەهێناوە وەکو پێشتر باسی لێوەدەکرا، ئەوشتانە هەموو دروستکراوی خۆی بووەو، لەبەرژەوەندی خۆیدا کردوونی و، دوای شەڕەکەش بۆماوەیەك لەبەر ترسنۆکی لەبەرچاوان بزربووە، جارجارەش هەندێك لەئاژەڵەکان دوودڵی خۆیان دەردەبڕی لەسەر ڕاستی ئەو ڕووداوانە، بەڵام (سکویلەر) بەزیرەکی خۆی کاری دەکردە سەر ئاژەڵەکان کەبەهۆی لاوازی بیرکردنەوەیانەوە ئەو ڕووداوانەیان نەدەهاتەوە بیر.

لەپایزدا ئاژەڵەکان هەموو توانایەکی خۆیان نواند بۆکۆکردنەوەی بەرهەمەکان لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا، لەگەڵ نەبوونی شارەزاییەکی باش و ئامێری چاکی بیناسازیشدا، بەڵام توانیان ئاشەکە لەکاتی خۆیداو بەشێوەیەکی باشتر لەجاری پێشوو دروست بکەنەوەو، لەهەوڵی کڕینی ئامێرو پێویستەکانیشدابن بۆ تەواو بەگەر خستنی، بۆئەم مەبەستەش (مستەر ویمبر) لە وتوێژدابوو بۆکڕینی ئەوئامێرانە.

بەم پێیە ئاژەڵەکان زۆر شانازییان بەخۆیانەوە دەکرد کەتوانیویانە ئاشەکە لەجاری پێشوو باشتر دروست بکەنەوەو دیوارەکانی پانتر بکەن، بەشێوەیەك ئەمجارەیان هیچ شتێك نەتوانێت بیڕوخێنێت، مەگەر بەهۆی تەقینەوەکانەوە بتەقێندرێتەوە، بەبەردەوامی هیلاکی و ماندووبوونەکەی خۆیان دەهاتەوە بەرچاو، کە خۆڕاگرییەکی پتەویان نواند بۆتەواوکردنی ئاشەکە، بۆیە وایان لێکدەدایەوە کاتی ئەوە هاتووە پیرۆزبایی لەئایندەیەکی گەش بکەن بۆخۆیان و نەوەکانیان، وایان بیردەکردەوە ئەوەندەی نەماوە هەمووی پێنج ودوو ڕۆژێکەو پەروانەکان دەبەسترێن و بزوێنەری کارەباکە دەکەوێتە کارکردن، هەموو ئەوهیواو ئاواتانە بەبیروهۆشیاندا دەهاتن ودەچوون و هیلاکی و ماندووبوونی لەبیردەبردنەوەو، بەنەرمەغار بەدەووری ئاشەکەدا غاریان دەداو بانگی سەرکەوتنیان لێدەدا.

(ناپلیۆن)یش بەخۆی و سەگەکانیەوە هات بۆ بینینی ئاشەکە، کەڵەبابێکی ڕەشیشی لەپێشەوە دەڕۆیشت، هەر کەگەیشتە ئەوێ، پیرۆزبایی لەئاژەڵەکان کرد بۆ ئەودەسکەوتە گەورەیەی کە بەدەستیان هێناوە، ئەوەشی ڕاگەیاندە لەمڕۆ بەدوواوە ئاشەکە بەناوی (ئاشی ناپلیۆن) ناودەنرێت.

دوای دوو ڕۆژ لەتەواکردنی ئاشەکە، هەموو ئاژەڵەکان بانگکران بۆدیدارێکی تایبەت لەناو تەویلەکەدا، لەوێدا (ناپلیۆن) پێیڕاگەیاندن کەهەموو تەختەو دارەکانی بە(فردریك)فرۆشتووەو، بەیانیش گالیسکەکان دێن تەختەکان باردەکەن، ئەم هەواڵە بووە مایەی سەرسامی ئاژەڵەکان، بەلأم (ناپلیۆن) ئەوەشی پێڕاگەیاندن کە لەوماوە دوورودرێژەی دۆستایەتی کردنیدا لەگەڵ (پیلکینگتن)،

لەپەیوەندییـــەکی نهێــنش دابــووە لەکــەڵ (مســـتەر فردریــك)، بۆیـــە لەئێســـتاوە هــەموو پەیوەندییـــەکانی لەگــەڵ کێڵگــەی (فــۆکس وود) دەپچڕێنێت و پڕوپاگندەکانیش ئاراستەی (پیڵکینگتن) دەکەن، ئەو شــیعارەش کەبــەناوی (مــردن بــۆ فردریــك) بڕیــاری لەســەردرابوو، دەگــۆڕدرێ بــە(مردن بــۆ پیڵکیــنگتن)، ئەوەشــی پێڕاگەیانــدن کــە ئەوهەوالانەی باسی ئەوەدەکەن (فردریك) بیەوێت هێرشمان بکاتە ســەر، هــەموویان دوورن لەڕاســتیەوە، ئەوهەوالانــەش کــە بــاس لــە توندوتیــژی (فردریــك) دەکــەن بەرانبــەر ئاژەڵــەکانی کێڵگەکــەی، هەموویان زیادەڕەوویان تێداکراوە، ئەوپڕۆپاگندانە هەموو (سنوبڵ)و بەکرێگیراوەکانی بلاویان کردوونەوە، هەروەها ئەو هەوالانەش هەموو درۆن کە(ســنوبڵ) لەکێڵگــەی (بنشــفیڵد) خــۆی شــاردبێتەوە، بــەڵکو لەکێڵگەی (فۆکس وود)ە، بەدوای خۆشی و لەزەتدا دەگەڕێت.

ئاژەڵەکان هەموو دڵخۆش بوون بەوزیرەکی و وریاییەی (ناپلیۆن)، ئەوەندەی ڕوودا‌وەتە (پیڵکینگتن)، (فردریك)ی ناچارکردووە زیاتر لێی بێتە پێشەوەو پارەی زیاتر بەتەختەکان بدات، بۆیە (فردریك) بەناچاری تەختەکانی بەو نرخەکڕین کە(ناپلیۆن) دەیوست، هەر تەختەیەك بە(12)دینار، (سکویلەر)یش ئەوەی بۆ ڕوونکردنەوە کە(ناپلیۆن) باوەڕی بەهیچ کامێکیان نەبووە، بەلام وایکردووە بۆئەوەی تەختەکانی بەبەرزترین نرخ بفرۆشێت، لەکاتی پارەدانەکەشدا، (فردریك) ویستوویەتی چەکی بانقی بداتێ، بەلام ڕازی نەبووەو، سوربووە لەسەرئەوەی کەهەموو پارەکەی بەکاشی دەوێت، لەجۆری پێنج دیاریو، پێش ئەوەش کە تەختەکان باربکات،

(سکویلەر) ئەوەشی پێڕاگەیاندن ئەوپارەیەی لەفرۆشتنی تەختەکان دەستیان کەوتووە، بەشی کڕینی هەموو ئامێرەکانی ئاشەکە دەکات.

لەودەمەیدا کە تەختەکان باردەکران، (ناپلیۆن) هەموو ئاژەڵەکانی لەهۆڵی تەویلەکەدا کۆکردەوە، بۆئەوەی پارەی تەختە فرۆشراوەکانیان نیشان بدات، (ناپلیۆن) بەڕوویەکی گەشەوە لەسەر کۆمەڵە پوشێك دانیشتبوو لەسەر سەکۆیەکە، کەوەکو جێگایەکی شایستە بۆی ئامادەکرابوو، هەموو وسامەکانیشی بەبەرخۆیدا کردبوون، پارەکانیشی لەسەر قاپێکی سەوزی صینی دانابوون، کە لەچێشتخانەی کێڵگەکەوە هێنابوویان، هەموو ئاژەڵەکانیش بەڕیز یەك لەدوای یەك دەچوونە پێشیٚ بۆئەوەی پارەکان ببینن، بەچاوێکی سەرنجاوییەوە تەماشایان دەکردن، (بۆکسەر)یش بەوەندە نەوەستایەوە، لووتی درێژکرد بۆئەوەی بۆنیان بکات، ئەوەش بووبەمایەی ئەوەی بەهۆی هەناسەیەوە پارەکان بەهەوادا بلاٚوببنەوە.

دوای سیٚ ڕۆژ لەوکۆبوونەوەیە، (مستەر ویمبر) بەسواری بایسکلەکەیەوە هات بۆکێڵگەکە، مرچ و مۆن دەموچاوی تێك نابوو، هەرکەچووە ناومالٚی کێڵگەکەوە، ئاژەڵەکان گوێیان لەدەنگێك بوو دەیشیڕاند، ئەوەندەی نەبرد هەواڵەکە وەکو ئەوەی ئاگر بەپوشەوە بنێیت لەناو کێڵگەکەدا بلاٚوبۆوە، کە پارەکان هەموویان تەزویرن، واتە (فردریك) تەختەکانی بەبەلاش دەسکەوتن، بۆیە (ناپلیۆن) بەزووترین کات لەگەڵ ئاژەڵەکاندا کۆبۆوەو بەدەنگێکی ترسناك هاواری کرد: مردن بۆ (فردریك)و، بڕیاریدا بەزیندوویی لەناوئاودا بیکولێنێت، ئاژەڵەکانیشی ئاگادارکردوە بەوەی کەپێویستە چاوکراوەو ئاگاداربن، لەدوای ئەم خیانەتەوە لەوانەیە (فردریك) خۆیو داروەدەستەکەی

هێرشمان بکەنەسەر، بۆیە بڕیاریدا بەبەردەوامی دەستەی گەڕۆك بەناو کێڵگەکەدا بگەڕێن، چوار کۆتریشی ناردن بۆئەوەی پەیامی برایەتی بگەیەننە کێڵگەی (فۆکس وود)و، پەیوەندییەکە لەگەڵ (پیڵکینگتن) چاك بکەنەوە.

چاوەڕێکردنەکە زۆری نەخایاند، هێرشەکە ڕۆژی دواتر دەستی پێکرد، لەکاتێدا ئاژەڵەکان خەریکی خواردنی نانی بەیانی بوون، یەکێك لەپاسەوانەکان هەواڵی ئەوەی هێنا کە(فردریك)و پیاوەکانی لەدەرگای سەرکی کێڵگەکەوە هاتوونە ژوورەوە، ئاژەڵەکانیش بەهەڵپە دەرپەڕین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکان، بەلأم ئەمجارەیان سەرکەوتن وابەئاسانی بەدەست نەهات، وەکو جارەکەی تر کە لەشەڕی(هۆڵی مانگاکان) بەدەستیان هێنا، ژمارەی هێرشکەرەکان (15) پیاوبوون، شەشیان تفەنگیان بەدەستەوەبوو، لەماوەی پەنجا مەتردا ڕووی تفەنگەکانیان کردە ئاژەڵەکان، کەهیچ توانایەکیان نەبوو ڕووبەڕووی فیشەك و تەقینەوەکان بوەستنەوە، بۆیە هەموو ئاژەڵەکان لەیەکتری بڵأوبوونەوە، هەرچەندە (ناپلیۆن)و (بۆکسەر)یش لەهەوڵی ئەوەدابوون ڕیزی ئاژەڵەکان یەکخەنەوەو، هێڵەکانی خۆپاریزی دانێنەوە، ناچار ئاژەڵەکان بەرەو خانوبەرەکانی کێڵگەکە پاشەکشەیان کردوو، لەدرزی نێوان دیوارو تەختەکانەوە تەماشای دەرەوەیان دەکرد، بۆیان دەرکەوت کە لەوەڕگای بەرازەکان و ئاشەکە کەوتوونە دەست دوژمن، وایان هەست دەکرد سەرگەردانن و هیچیان پێناکرێت، تەنانەت (ناپلیون)یش هەر لەهاتوچووندابوو ورتەیەکی لێنەدەهاتە دەرەوە.

ئاژەڵـەکان بەچاوێکی داواکاری‌و پڕهیـواوە چاویان بڕیبـووە کێڵگـەی (فۆکس وود)، بەخۆزیای ئەوەی ئەگەر ئەوان بێن بۆ یارمـەتی دانیـان، ئەوا دەتوانن بەرپەرچی هێرشەکە بدەنەوەو سەرکەوتن بەدەست بێنن، بـەڵام پێشـهاتەکان بەوشـێوەیە نـەبوون کەئاژەڵـەکان مـەیلیان دەکـرد، کۆترەکانی دوێنێ گەڕانـەوەو نامەیـەکیان لەکێڵگـەی (فـۆکس وود)ەوە هێنایـەوە کەبەقەڵـەمی ڕەش لێـی نووسـرابوو: (نۆشـی گیانتـان بێـت، هەر ئەوەتان شایستەیە).

ئاژەڵەکان لـەناو خانوەکانـەوە بـەردەوامبوون لەتەماشاکردنی دەرەوە، بینیان کە(فردریك)و هاوڕێکانی لەلای ئاشەکە ڕاوەستاون، دوو کـەس بــەکوتکی گــەورەوە خــەریکی هەڵوەشــاندنی دیــواری ئاشــەکەن، ئاژەڵـەکان لـەبارێکی زۆر ناڕەحەتـدابوون، (نـاپلیۆن)یش بـەدەنگێکی بـەرز هـاواری کـرد: ئـەی هاوڕێکـان، مەحاڵـە! نـاتوانن لـەماوەی یـەك هەفتەشدا بیڕوخێـنن! (بنیـامین)یش زۆر بـەوردی سـەرنجی جموجۆڵی پیاوەکانی دەدا، کاتێك دووکەسـی بینـی کونێکیـان لـەدیواری ئاشـەکە کـرد، گـوتی: ئـەوەبوو مـن لێـی دەترسـام، ئێسـتا ئـەو کونـە پڕدەکـەن لەتەقەمەنی‌و ئاشەکە دەتەقێننەوە.

ئاژەڵـەکانیش بەتـەواوی خۆیـان مـاتکردبوو، زۆر دەترسـان، چاوەڕێی تەقینــەوەی ئاشــەکەیان دەکــرد، بــەهیچ شــێوەیەك نەیانــدەتوانی بچـنەدەرەوە، دوای چـەند خولـەکێك پیاوەکـان هەریەکـە بەلایەکـدا رایکـردوو، دەنگـی تەقینـەوەیـەك کێڵگەکـەی هەژانـدو، پەڵـە دوکـەڵێکی سپی لەئاسمانی ئاشەکە بەرزبۆوە، ئاژەڵەکانیش لەدەنگی تەقینەوەکە هــەموویان کەوتــە ســەرزەوی، دوای ماوەیــەك دیمەنەکــە ڕوونبــۆوەو بەدەرکەوت، واتدەزانی کە ئەوشوێنە پێشتر هـەر ئاشیشـی لێنـەبووە،

لــەناو ئەودیمەنــە ترســناکەدا ئاژەڵــەکان جورئــەتیان هاتەوەبــەرو مەردایەتیەکــەیان جــولاو، ترســەکەیان لــەخۆیان ڕەوانــدەوەو، وەکــو دەربڕینــی ڕق‌وقینەیــەك بــەدەنگێکی بــەرز داوای تۆڵەســەندنەوەیان دەکرد، بەبێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ فەرمانێك بکەن، هەموو بەیەکەوە بەرەوپێشەوە ملیان نا، ئەمجارەیان گوێیان بەرێژنەی فیشەك نەدەدا، کە وەکو تەرزە بەسەریاندا دەباری، بەردەوامبوون لەهەڵمەتەکەیان، ئەوەنــدەی نــەبرد پیاوەکــان هــەلاتن، هــەلاتنێك کەوشــە گــەورەکانیان بەدوای خۆیاندا ڕادەکێشا.

شەڕەکە بووبەمایەی کوژرانی مانگایەك‌و سێ مەڕوو دوو قاز، هیچ ئــاژەڵێکیش نــەمابوو برینــدار نــەکرابێت، تەنانــەت (نــاپلیۆن)یش کەسەرکردایەتی شەڕەکەی دەکرد، گوللەیەکی چیغماڵی بەر کلکی کەوتبوو.

پیاوەکانیش بەسەلامەتی ڕزگاریان نەببوو، سیانیان سەریان شکابوو، بــەهۆی دەســت وەشــاندنە بــەهێزەکانی (بۆکســەر)ەوە، مانگایــەکیش بەقۆچــەکانی ورگــی یــەکێکیانی دڕیبــوو، (جیســی‌و بلوبیــل)یش پــەلاماری شــەرواڵی هێرشــکەرەکانیان دابــوو، هــەموویان شــەت‌وپەت کردبوون، کاتێك کە (ناپلیۆن)یش فەرمانی بەسەگەکانی کرد دەوریان بگرن، ئەوانیش بە مڕەمڕو دڕندایەتییەوە دوایان کەوتن‌و ترسێکی زۆریان خستە دڵ‌و دەرونیانــەوە، کــەبوو بەمایــەی ئــەوەی (فردریــك) فەرمان بەپیاوەکانی بکات پاشەکشە بکەن‌و، هەوڵی خۆ ڕزگارکردن بــدەن لەدەســت ســەگەکان، بــەم پێیــە ســەگەکان بەدوایانــەوەبوون، بەناچــاری بــۆ خۆدەربــازکردن بەســەر تەلــە دڕکاویەکانــدا خۆیــان ئاواکردە ئەو دیوی شورەکانەوە.

ئاژەڵــەکان ســەرکەوتن، بــەڵام سەرکەوتنەکەشــیان ئاســان‌و بــەبێ قوربانیــدان نــەبوو، پاشــان ئاژەڵــەکان لەمەیــدانی شــەڕەکەوە بەئێش‌وئازارو برینـەوە لەسـەرخۆ گەڕانـەوە ناوکێڵگەکـە، هەنـدێکیان کەچـاویان بەلاشـەی هاوڕێکانیـان دەکـەوت کـوژراوون‌و لەسـەرزەوی کەوتوون، تێرتێر بۆیان دەگریان.

کاتێك لەشوێنی ئاشەکەش ڕاوەستان، خەم‌وخەفەتەکە زۆر گەورەبوو، هەنــدێکیان نەیانــدەتوانی فرمێســکەکانیان ڕابگــرن، ئەوهــەموو ماندووبوونەیان بەبەلاش تێداچوو، لەچەند کۆمەڵە بەردو گڵێك زیاتر هیچ لەئاشەکە نەمابۆوە، تەنانەت بناغەکەشی هەندێکی هەڵتەکابوو.

کــاتێ ئاژەڵــەکانیش لەخانوبــەرەکانی کێڵگەکــە نزیــك بوونــەوە، (سـکویلەر)یان لێ بەدەرکـەوت، کـە لەشـەڕەکەدا بەشـداری نـەکردبوو، بـازی دەداو کلکیشـی لـەباری ئاسـایی زیـاتر ڕادەوەشـاند، وەکـو نیشـانەیەکی دڵخۆشـی‌و خـۆش گـوزەرانی، پاشـان ئاژەڵـەکان گوێیـان لـەدەنگی فیشـەکێك بـوو لەدەوروبـەری خانوەکانـەوە دەنگـی هـات، (بۆکســەر)یش دوای ئـەوەی کـە سـەری بـەرزکردەوەو گوێچـکەکانی لەقانـدن، گـوتی: ئـەم تەقەیـە بـە کـام بۆنەوەیـە؟ (سـکویلەر)یش بــەدەنگێکی بــەرز شــیراندی: ئــەوە بەبۆنــەی ســەرکەوتنەوەیە! (بۆکسـەر)یش کـە خـوێن لەشـانەکانی دەچـۆڕاو سمێکـی لـەت ببـوو، ناڵێکیشـی کـەوتبوو، کۆمەڵـە فیشـەکێکیش لەڕانەکانیـدابوون، ڕووی لە(ســکویلەر) کــردو گــوتی: کــام ســەرکەوتن؟ (ســکویلەر)یش بەشێوەیەکی سەرسوڕمانەوە وەڵامیدایەوە، ئەی هاوڕێکەم، پێمـدەڵێی کــام ســەرکەوتن؟ ئــەوە چــۆن پرســیارێکە؟ ئــەدی ئەوەنیــە ئادەمیزادەکانمــان لەکێڵگــە پیرۆزەکــەی خۆمــان بــەدەرناون؟

(بۆکسەر)یش گوتی: بەڵام خۆ ئەوان ئاشەکەیان تێکوپێکدا، لەکاتێکدا دووساڵی ویست هەتا تەواومان کرد؟ (سکویلەر)یش بەدەنگێکی نەرمەوە وەڵامیدایەوە: گرنگ نییە، ئەگەر مەیلمان لێبێت ئاشێك یان شەش ئاشی تر دروست دەکەینەوە، بەدەنگێکی بەرزتریشەوە گوتی: ئەی هاوڕێ، واپێدەچێت جەنابتان ڕێز لەوسەرکەوتنە گەورەیە نانێن کەبەدەستمان هێناوە، دوژمن ئەوپارچە خاکەی داگیرکرد کەئێستا ئێمە لەسەری وەستاوین، بەهۆی سەرکردایەتی و لێهاتوویی سەربازیەکانی هاوڕێ (ناپلیۆن)ەوە، هەموو بستێکی ئەم خاکەمان وەرگرتەوە! (بۆکسەر)یش بەسەرسوڕمانەوە ملی بۆبادەداو گوتی: ئێمە ئەوەی وەرمانگرتۆتەوە هی خۆمان بووە، لەوەزیاتر چیمان بەدەستهێناوە؟ (سکویلەر)یش کەگوێی لەو وەڵامەبوو، چاوەکانی زەق بوونەو گوتی: ئەوە سەرکەوتنی ئێمەیە.....ئەوە سەرکەوتنی ئێمەیە.

ئاژەڵەکانیش بەردەوامبوون لەسەر ڕۆیشتن تا گەیشتنەوە مەیدانەکە، (بۆکسەر)یش بەهۆی ئەو فیشەکانەی لەناو جەستەیدا مابوونەوە دەشەلی و ئازارێکی زۆری هەبوو، بیریشی لەوەدەکردەوە کە ئەوشەڕە ئەرکێکی زۆر گەورەتری خستە سەرشانی ئەوان، وای بیردەکردەوە ئەو ئاشەی کەتەختکرا، دەبێت جارێکی تر دروست بکرێتەوە! بیریشی لەتەنگەبەری ئەو یازدە ساڵانەی تەمەنی دەکردەوەو، هەستیشی بەپیربوون و لاوازی ماسولکەکانی دەکرد، بەڵام لەسەرخۆی کرد بەماڵ کە هێزو توانا بداتەوە بەرخۆی و ئەوکارە پیرۆزەی دروستکردنەوەی ئاشەکە بگرێتە ئەستۆ.

لەکاتێکیشـدا کەئاژەڵـەکان ئـالآ سـەوزەکەیان بینـی بەڕاگرەکەیـەوە دەشـەکایەوەو بۆجـاری حەوتـەمیش گوێیـان لەتەقـەی خۆشـی بـوو، (ناپلیۆن)یشـیان بینـی دەستخۆشـیو پیرۆزبـایی ئـەو سـەرکەوتنە مەزنـەی لێـدەکردن، وایـان هاتـە بەرچـاو کـە لـەکۆتایی ڕووداوەکـەدا ئـــەوان ســـەرکەوتنێکی گـــەورەیان بەدەســـتهێناوەو، بڕیاریانـــدا لـەڕێوڕەسمێکی شایستەشـدا کوژراوەکانیـان بـەخاك بسـپێرن، تـەرمی کوژراوەکانیـــان خســـتە گالیســـکەکەو، (بۆکســـەر)و (کلۆفـــەر) ڕایاندەکێشاو (ناپلیۆن)یش لەپێشیانەوە دەڕۆیشت.

بۆمـاوەی چـەند ڕۆژێـك ئاهـەنگ گێڕانو سـروودو وتـار خوێنرانـەوەو، تەقەی خۆشـی کـراو، دیاریـەکان بەخشـرانەوە، هـەر ئاژەڵێـك سـێوێکی وەرگــرتو هـــەر باڵندەیـــەکیش دوو قـــاپ دانیـــان وەرگـــرتو هـــەر ســـەگێکیش ســـێ پارچـــە پســـکیتی درایـــە، (نـــاپلیۆن)یش بڕیاریـــدا ئەوشەڕە بەناوی (شەڕی ئاش)ەکەوە ناوبنرێتو، بڕیاریشـیدا یـەکێك لــە ویســـامەکان بـــەناوی وســـامی (شـــەڕی ئـــاش) ناوبنرێـــت، وەکـــو نەمرییەك بۆ ناوبانگی شـەڕەکە، ئـەو وسـامە لەئاسـتی وسـامی(کۆبەی ئالآ)دابوو، کە (ناپلیۆن) دانەیەکی بەبەرخۆیدا دەکرد.

ئاژەڵـەکان لەوماوەیـەدا کەخـەریکی دەربڕینـی هەسـتو خۆشـیەکانی ســـەرکەوتن بـــوون، هـــیچ شـــتێکیان لـــەبارەی پـــارەی تەختەکانـــەوە لەخەیاڵیدا نەمابوو.

بـەرازەکان لەبەشـێکی سـەرەوەی یـەکێك لـەژوورەکانی خانووەکـەدا کـــــارتۆنێکی شەراب(ویســــکی)یان دۆزییـــــەوە، دەســـــتیانکرد بەخواردنەوەو گۆرانی گوتن، ئاژەڵەکانیش لەدەرەوە گوێیـان لـەدەنگی ئاهـەنگێڕانو گـۆرانی گـوتن بـوو، جاروبـاریش بەشـێکی پچڕپچـڕی

سروودی(ئەی دڕندەکانی ئینگلتەرا)ی لەگەڵدا دەگوترایەوە، پاشان دەوروبەری سەعات نۆو نیو چاویان بە(ناپلیۆن) کەوت کاسکێتەکەی (مستەر جۆنز)ی لەسەرنابوو بەغار هاتەدەرەوەو بەبازبازێن لەدەوری مەیدانەکە غاری دەداو، ئەوەندەی نەبرد خۆی بەخانووەکەدا کردەوە.

بۆبەیانی بێدەنگییەکی سەیر باڵی بەسەر کێڵگەکەدا کێشابوو، بەرازێك بەدەرەوەنەبوو، دەنگیشیان نەدەبیسترا، دەوروبەری سەعات نۆ، (سکویلەر) بەبێ خشپە لەناو ماڵێکی کێڵگەکە هاتەدەرەوە، هێزی لەبەرنەمابوو، چاوەکانی لێڵ ببوون و کلکیشی بەدوای خۆیدا ڕادەکێشا، بانگی ئاژەڵەکانی کردو هەواڵێکی ناخۆشی پێڕاگەیاندن، گوتی: هاوڕێ (ناپلیۆن) لەسەرەمەرگدایە! دەنگی شین و بابەڕۆ بەرزبۆوەو خەم و ماتەمینی باڵی کێشا بەسەر هەموو کێڵگەکەدا، ئاژەڵەکان قەسەڵیان بەسەرزەویدا بڵاوکردەوە، نەوەك خشبەی قاچەکانیان دوا ساتەکانی گیانکێشانی سەرکردەکەیان ناڕەحەت بکات، فرمێسك لەچاوی هەمووان دەهات، لەنێوخۆیاندا دەیانگوت: ژیانی ئێمە دوای (ناپلیۆن) بەکوێ دەگات؟ کارێکی زۆر ئاساییش بوو کەپەنجەی تاوان بۆ (سنوبڵ) درێژ بکرێت، کەدەستی لەومردنەدا هەبێت، چونکە دەنگۆیەکی وەها بڵاوبۆوە کەگوایە لەدوا قۆناغدا (سنوبڵ) توانیویەتی خواردنەکەی (ناپلیۆن) ژەهراوی بکات، لەکاتژمێر یازدەش جارێکی تر (سکویلەر) هاتەوە بۆلای ئاژەڵەکان و گوتی: (ناپلیۆن) بڕیاریداوە: (هەرکەسێك مەشروب بخواتەوە لەسێدارە دەدرێت).

هەواڵی ڕوحدانی (ناپلیۆن) زۆری نەخایاند، دەمەو ئێوارە دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە کەتەندروستی بەرەو باشی دەڕوات، بۆ بەیانیش

(سـكويلەر) ڕایگەیانـد: تەندروسـتی (نـاپلیۆن) بەبـەردەوامی بـەرەو باشبوونە، بۆئێوارەی ڕۆژی دواتر گەڕایەوە سەر کارەکانی، بۆ ڕۆژی دواتـریش فـەرمانی بە(مسـتەر ویمـبر) کـرد، لەهـەولی ئـەوەدابێت سەرچـاوەی ئـەو زانیاریانـەیان بـۆ پەیـدابکات کـە لـەبواری گـەنین و دلۆپاندا کەڵکیان لێ وەردەگیرێت، دوای هەفتەیەکیش فەرمانی دەرکرد ئەو لەوەڕگایانـەی پـاش باخچـەی میوەکـان کـەبۆ ئاژەڵـە بەتەمەنـەکان دیـاریکرابوو، بـژارێکی زۆریـان تێـدا پەیـدابووەو پێویسـتە بکێڵێـرن و سـەرلەنوێ بچـێنرێنەوە، پاشـان ڕوونبـۆوە کـە فـەرمانی کـردووە لەجیاتی شینایی بە چۆ دابچنرێت.

لەوماوەیەدا ڕووداوێکی سەیروگوماناوی لەکێڵگەکەدا ڕوویدا، کەس لێکدانەوەی بۆ نەکردبوو، لەیەکێك لەشەوەکاندا لەنزیکی نیوەشەودا، هەموو ئاژەڵەکان گوێیان لەدەنگێکی کپکراو بوو، تێکڕا هاتنەدەرەوە بۆئەوەی بزانن چی ڕوویداوە، لـەژێر تریفـەی مانگەشـەودا ئاژەڵـەکان لەسـەردیواری تەویلەکـە لەوشـوێنەی کـە وەسـیەتەکانی لەسـەر نوسرابوونەوە، بینییان قادرمەیەك دووپارچە بووەو، (سکویلەر)یش لـەخوارەوە لەسـەر پشـت کـەوتووەو ترسـی لێنیشـتووە، لـە تەنیشتیشیەوە فانۆزێك سەروژێر بۆتەوەو، قتوە بۆیاغێکیش ڕژاوەتە سەرزەوی، جا(سکویلەر) هەرکە توانای پەیداکردەوە هەستایەوە سەر پێکـانی، بـەلام بـەلادا دەهـات، سـەگەکانیش چـواردەوریان گـرت و بردیانـەوە ناومـالی کێڵگەکـە، ورتەیەکیشـی لـەدەم نەهاتـەدەرەوە لـەڕووی ئـەو ئاژەڵانـەی بـەدەم هاوارەکـەوە هـاتبوون، ئاژەڵـەکان بـێ توانابوون لەوەی دەرك بەونهێنیە بکەن، کە ئایا(سکویلەر) بەوشەوە خـەریکی چـی بـووە؟ تـەنها (بنیـامین)ی گوێدرێـژ نـەبێت، سـەری

ڕاوەشاند، بەمانای ئەوەی من تێدەگەم چی ڕوویداوە، بەڵام هەروەکو نەریتی خۆی قسەیەکی نەدەکرد لەبارەی ئەوئەنجامەی بەدەستی هێناوە، دوای چەند ڕۆژێك بزنە(موریەڵ) کە حەوت وەسیەتەکانی خوێندنەوە سەرنجیدا وەسیەتی پێنجەم کەدەڵێت: (ئاژەڵەکان بۆیان نییە شەرابو سەرخۆشکەرەکان بخۆنەوە)، لەکۆتاییەکەیدا شتێکی بۆ زیادکراوە کەدەڵێت: (ئاژەڵەکان بۆیان نییە شەرابو سەرخۆشکەرەکان بخۆنەوە....بگاتە ئەوەی لەسنوور تێبپەڕێت).
(وادیارە سکویلەر بەئارەزووی خۆی دەهات دەسکاری وەسیەتەکانی دەکرد، کە وەکو دەستورێك وابوون بۆ کێڵگەکە).

## بەشی نۆیەم

سمـی (بۆکســەر) زۆر بەهێواشــی یــەکتری دەگرتــەوە، ئاژەڵــەکانیش ڕاســـــتەوخۆ دوای ئاهەنگـــــەکانی ســـــەرکەوتن، دەســـــتیان بەدروســتکردنەوەی ئاشــەکە کــردەوە، (بۆکســەر) ڕازی نــەبوو بــۆ تاقــەڕۆژێکیش مۆڵــەت وەربگرێــت، ڕازی نــەبوو بــەوەی ئــازاری برینــەکانی جەســتەکەی ببنەمایــەی لەکــەدارکردنی ڕێــزو کەرامــەتی، کەلەلایەن ئاژەڵەکانەوە پێیدرابوو، بەتایبەتیش لەوڕۆژگارە سەختەی کەگێڵگەکــە پێیــدا تێدەپــەڕی، شــەوانەش ئــێش و ئازارەکــانی خــۆی بۆ(کلۆفــەر) باســدەکرد، لەکاتێکــدا کە(کلۆفــەر) هەنــدێك گیــاوگۆڵی دەجــوو، وەکــو دەرمــان دەیخســتە سەرشــوێنی برینــەکانی، لەگــەڵ (بنیامین)یشدا زۆریان لێدەکرد بۆئەوەی ئەوەندە خۆی ماندوو نەکات کەلەتوانایدا نەبێت، زۆرجارانیش (کلۆفەر) بەبن گوێیدا دەچرپاند کە خاڵی لاوازی ئەسپ لەسیپەلاکەکەی دایە، ماندووبوونی زۆریش کار لە سیپەلاك دەکات، بەڵام (بۆکسەر) گوێی لێ نەدەگرت، هەموو هیواو ئاواتەکەی ئەوەبوو پێش ئەوەی خانەنیشین بکرێت، هەوڵدات ئاشەکە تــەواوبکات، چونکە لەســەرەتای شۆڕشــدا کــەتازە یاســاکان دادەنــران، تەمــەنی خانەنیشــینی ئەســپ و بــەرازەکان لــەدوای دوانــزدە ســاڵی دیــاریکران، تەمــەنی مانگــاش لــەدوای چواردەســاڵی و، تەمــەنی سەگەکانیش لەدوای نۆساڵی و، تەمەنی مەڕەکانیش لەسەروی حەوت ساڵی و، تەمەنی قازو مراوی و مریشکەکانیش لەدوای پێنج ساڵی، ئەم بڕگە یاساییانە بەکۆی دەنگ بڕیاریان لەسەردراو، کەوتنە بواری جێبەجێکردنــەوە، بڕیــاریش لەســەرئەوەدرا کەهــەموو خانەنیشــینێك

مووچـەیەکی گونجـاوی بـۆ دیـاری بکرێـت، هەرچـەندە هـیچ کـام لەئاژەڵـەکان تـا ئەوکاتـە نەگەیشـتبوونە تەمـەنی خانەنیشـینی، تـەنها (بۆکسـەر) نـەبێت لـەکۆتایی هـاوینی سـاڵی داهـاتوودا خانەنیشـین دەکرا، بەڵام باری خانەنیشینەکان بەم دواییانە زۆر باسـی لێـوەدەکرا، بەتایبـەتیش بڕیارێـك دەرچـوو لەسـەرئەوەی لەوەڕگاکـەی ئـەودیوی باخچەی میوەکان شووره بکرێتو بە جۆ داچێنرێتو، تایبەت بکرێت بەئاژەڵـە خانەنیشـینەکانەوە، دەنگـۆی ئـەوەش بڵاوبـۆوە کەمووچـەی خانەنیشینی ئەسپەکان ڕۆژانە چوار ڕەتڵ گەنمو، لەزستانیشدا پـازدە ڕەتـڵ (کا)یـان بـدرێتیو، لەئاهـەنگو بۆنەکانیشـدا گێزەرێـك یـان سێوێکیان بدرێتی.

ئەوسـاڵەش وەکـو سـاڵی ڕابـردوو زسـتانەکەی سـەخت بـوو، ئـەو بڕەخۆراکەش کەدەیاندرایە، زۆر کەمتربوو لەوەی لەسەری ڕاهـاتبوون، بۆجارێکی تـریش بـڕە خۆراکـەکان کەمکرانـەوە، تـەنها بەشـە خـۆراکی بـەرازو سـەگەکان نـەبێت کـەمی نـەکردبوو، (سـکویلەر)یش هـەروەکو جـارانی پێشـوو، کـە دەهـات بـۆلای ئاژەڵـەکان قەناعـەتی پێـدەهێنان، بـەوەی پێداویسـتیەکانی کێڵگەکـە ڕێگـرن لەبـەردەم زیـادکردنی بەشەخۆراکی ئاژەڵەکان، بنەما بنەڕەتیەکانی ئاژەڵایەتیش لەگەڵ ئەوە تێك ناکەنـەوە کـە ژەمـە خواردنـەکانیان وەکـو یـەکبن، بەبـەردەوامیش لـەجیاتی وشـەی(کەمکردنەوە) وشـەی (ڕێکخسـتنەوەی) بـەکاردێنا لەباسـی بڕەخۆراکەکانـدا، دڵنیاشـی دەکردنـەوە کـە ئـەو خـۆش گوزەرانیـەی بەسـەر ژیـانی ئاژەڵەکانـدا هـاتووە، زۆر باشـترە لـەوەی سـەردەمی (مسـتەر جـۆنز)، وای دەردەخسـت کەئاژەڵـەکان ئێسـتا لەبارێکی گـوزەرانی زۆر باشـدانو، بـەدەنگێکی خێـراو بڵنـدیش بـۆی

سەلماندن کە لەچاو ڕابردوودا ئالیکەکانیش بەڕێژەیەکی بەرچاو لەعەمبارەکاندا زیادیان کردووە، هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کەماوەی کارکردنیش کەم کراوەتەوە، ئەوەشی خستەڕوو کەئێستا ئاوی خواردنەوەیان لەجاران باشترەو، ڕێژەی مردنیش کەمتربۆتەوە لەناویاندا.

ئاژەڵەکان وایان لێهاتبوو سەردەمی (مستەر جۆنز)یان بەباشی بەبیر نەدەهات، بۆیە بەناچاری باوەڕیان بەقسەکانی (سکویلەر) دەکرد.

ئاژەڵەکان زۆر بەباشی دەیانزانی، کەئێستا زۆرماندوون و ژیانیان سەختەو، زۆرینەی کاتەکانیان خەریکی کارکردنن و، کەمێکیش لەخەوتندان، بەبەردەوامیش هەست بەبرسیەتی و سەرما دەکەن، گەیشتبوونە ئەوباوەڕەش کەژیانیان لەچاو ڕابردوودا سەختترە، بەڵام هەرچۆنێك بێت ئێستا سەربەستن، ئەوسەربەستیەش وایکردووە بەمەیلی خۆیان ئیش وکارەکان بەجێ بێنن.

لەگەڵ هاتنی پایزدا، ئەندامی نوێ هاتنە ناوکێڵگەکەوە، چوار بەراز زان و سی ویەك بەچەکەیان بوون، ئەمەش بوو بەئەرکێکی قورس بەسەر کێڵگەکەوە، بەهۆی بەخێوکردن و ناندانیانەوە، بەچکە بەرازەکان هەموویان ڕەنگیان پنۆکاوی بوو(تووك ڕەش خاڵی سپی تێدابوو)، (ناپلیۆن)یش تاقە بەرازبوو نەخەسێنرابوو، بۆیە ئاژەڵەکان وایان لێکدەدایەوە (ناپلیۆن) باوکی ئەو بەچکە بەرازانەبێت، هەر واش دەرچوو، وەکو پاشان بەشێوەیەکی فەرمی هەواڵەکەیان بڵاوکردەوە.

بڕیاریشدرا دوای کڕینی تەختەو قرمید، لەناوباخچەی کێڵگەکەدا قوتابخانەیەکی تایبەتییان بۆ دروست بکرێت، هەتا کاتی تەواوبوونی ئەو قوتابخانەیەش، (ناپلیۆن) بۆخۆی لەژووری چێشتخانەکەدا

وانەکانی بەو بەچکە بەرازانە دەگوتەوە، بەشێکیشی لەباخچەکە بۆ دیاری کردبوون، بۆ یاری‌و گاڵتەو گەپ، بەڵام لێیان قەدەغەبوو لەگەڵ بەچکەی ئاژەڵەکانی تردا تێکەڵ ببن، ئەم هەڵسوکەوتەی (ناپلیۆن) لەهەمان ئەوکاتەدابوو کەبڕیارێکی دەرکردبوو، بەوەی هەرکاتێك بەرازێك بەڕێگەدا ڕۆیشت، دەبێت ئاژەڵەکانی تر لادەن‌و ڕێگەکەی بۆ چۆڵ بکەن، مافێکی زیاتریشی دابوونێ، بەوەی ڕۆژانی یەکشەممە هەموو بەرازێك قردێلەیەکی سەوز لەکلکی خۆی ببەستێت.

هەرچەندە داهاتی بەرووبوومەکان زۆربوو، بەڵام کێڵگەکە بۆکڕینی کەرەسەی خاوی پێویست لەدروستکردنی قوتابخانەکەدا، بەدەست نەبوونی پارەوە دەینالاند، هەروەها واپێویست بوو بڕێك پارەش کۆبکرێتەوە بۆکڕینی ئامێرەکانی ئاشەکە، جگە لەوەش دەبوو سووتەمەنی‌و مۆم بکڕدرێن بۆ ڕووناککردنەوەی ژوورەکانی ماڵەکە، شەکریش بکڕدرێت بۆ (ناپلیۆن)، کەپێشتر لەئاژەڵەکانی تری قەدەغەکردبوو، نەوەك ببێتە هۆی قەڵەوبوونیان، هەروەها واپێویست بوو کەرەستەکانی وەکو بزمارو پەت‌و گوریس‌و ئاسن‌و، بسکیتی سەگەکانیش بکڕدرێت، بۆیە بڕیاردرا ڕێژەیەکی دیاریکراو لەقەسەڵ‌و پەتاتە بفرۆشرێت‌و، گۆڕانکاریشیان هێنا بەسەر گرێبەستی فرۆشتنی هێلکەکاندا، لە(400) هێلکەوە کردیان بە(600)، ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی ژمارەی مریشکەکان لەناوکێڵگەکەدا زیاد نەکات، بەتایبەتیش دوای ئەوەی بۆیان ڕوونبۆوە کە ئیمساڵ ڕێژەی هێلکەی پیتراو بۆهێنانی جووجەڵە زۆر لەکەمی داوە، لەگەڵ ئەو شت فرۆشتنانەشدا، بڕیاری ئەوەیاندا لەمانگی دیسەمبر بەشەخۆراکی ئاژەڵەکان کەم بکرێتەوە، پاشان جارێکی تریش لەمانگی شوباتدا

بەشە خۆراکەکەیان کەم کرایەوە، بڕیاریشدرا وەکو دەستگرتنەوەیەك لەخەرجکردنی سووتەمەنیدا، لەمەودوا ئاژەڵەکان لەتەویلەکانیاندا چراکان دانەگیرسێنن، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ژیانی بەرازەکان زۆر باشتربوو لەئاژەڵەکانی ترو چاکتریش قەڵەو ببوون.
دوای نیوەڕۆی ڕۆژێك لەدواڕۆژەکانی مانگی شوبات، بۆنێکی خۆش‌و بەتام لەپشت چێشتخانەکەوە لەژووری دروستکردنی شەڕابەکانەوە دەهاتەدەر، لەدوای نەمانی (مستەر جۆنز)ەوە ئەو ژوورە پشتگوێ خرابوو، ئاژەڵەکان پێشتر بۆنی شتی وەها خۆشیان نەکردبوو، بەبۆنی جۆی کولاو دەچوو، زۆریان ئارەزوو لێبوو ئێواریێ لەگەڵ ساردبوونی دەورووبەرەکە ژەمێکی گەرمی لێبخۆن، بۆئەوەی ناوزگیان گەرم بکاتەوە لەسەرمای ئەوئێوارەیە، بەڵام ئەو ئاواتەیان نەهاتەدی، بەڵکو بەپێچەوانەشەوە بوو، لەکۆبوونەوەی ڕۆژی یەکشەممەدا فەرمانیان پێکرا بەکارهێنانەکانی جۆ تایبەتە بە بەرازەکانەوە، بۆ ئەم مەبەستەش کێڵگەکەی ئەودیوی باخچەی میوەکان بە جۆ داچێنرابوو.
ئەوەندەی نەبرد هەواڵێك لەناوئاژەڵەکاندا بڵاوبۆوە کەبڕیاردراوە هەربەرازێك ڕۆژی پەرداخێك شەڕاب‌و (ناپلیۆن)یش ڕۆژی گالۆنێکی بدرێتیێ، کە لەقاپێکی قوڵی نایابی چینیدا پێشکەشی دەکرێت.
ڕاستە ئاژەڵەکان لەژیانێکی سەختدابوون، بەلاّم هەرچۆنێك بێت لەژیانێکی سەربەرزیدابوون کەپێشتر بەم شێوەیە نەژیابوون، ژیانێك پڕبوو لەڕێوڕەسم‌و یادوبیرەوەری‌و گۆرانی‌و سروودو وتار خوێندنەوە، (ناپلیۆن) بڕیاریدابوو هەفتانە ئاهەنگێکی بیێ بەرنامە بگێڕدرێت، مەبەست لەو ئاهەنگە ئەوەبوو، بەبەردەوامی یادی سەرکەوتنی ئاژەڵەکانی کێڵگەکە بکرێتەوە، بۆیە لەکاتی دیاریکراودا

هەموو ئاژەڵەکان دەستیان لەکارەکانیان هەڵدەگرت و، لەڕێوڕەسمێکی سەربازیدا بەدەووری شوورەی کێڵگەکەدا دەخولانەوە، بەرازەکان لەپێشەوە دەڕۆیشتن و کەڵەبابێکی ڕەشیش لەپێشیانەوە، مانگا و ئەسپەکان لەدەوایانەوە دەبوون و، پاشتریش مەڕو بزنەکان، ئیجا باڵندەکان، سەگەکانیش بەدەووریان دەهاتن و دەچوون، (بۆکسەر)و (کلۆفەر)یش وەکو عادەتی خۆیان، ئالا سەوزەکەیان بەرزدەکردەوە کەلەسەری نوسرابوو: (بژی هاوڕێ ناپلیۆن)، لەکۆتایی ڕێوڕەسمەکەشدا ئەو وتارو هۆنراوانە دەخوێندرانەوە کە بەبالای (ناپلیۆن)یاندا هەڵدەدا، دواتریش (سکویلەر) وتارێکی دەخوێندەوە، کەتایبەت بوو بەزیادبوونی بەرهەمهێنانی خۆراکەکان، لەکۆتایی مەراسیمەکەشدا تەقەی خۆشی دەکرا، ئاژەڵەکانیش بۆماوەیەك لەبیردەچۆوە کەبژێویەکەیان کەمەو زگەکانیان خاڵییە لەخۆراك.

مەڕەکان لەهەموو ئاژەڵەکان زیاتر مەیلی بەشداربوونی ئەم جۆرە ئاهەنگانەیان هەبوو، کە بەپیادەیی ئەنجام دەدرا، ئەگەر یەکێك لەئاژەڵەکانیش هەستێکی ناڕەزایی دەربڕیبا، ئەوا لێیان بەجواب دەهاتن و تافەکەی خۆیان لێدەداو دەیانگوت: (چوارپێیەکان چاکەکارن، دوو پێیەکانیش شەڕانگێزن)، زۆرینەی ئاژەڵەکانیش دڵخۆش دەبوون بەوجۆرە ئاهەنگانە، کە وتارو هۆنراوەو سروودی تێدا دەخوێندرانەوەو باسی سەربەستی تێدادەکرا.

لەمانگی چواردا سستەمی کۆماری بۆکێڵگەکە ڕاگەیەنرا، (ناپلیۆن)یش بەبێ هیچ ڕکەبەرێك وەکو یەکەم سەرکۆمار دەستنیشان کرا، لەهەمان ڕۆژیشدا ئەوە بلاوکرایەوە کەهەندێك بەڵگەنامەی تازە دەستکەوتوون، زۆر بەڕوونی دەیسەلمێنن (سنوبڵ)و (مستەر جۆنز)

دەســتیان تێکــەڵ کــردووە بۆدژایــەتی کردنــی کێڵگــەی ئاژەڵــەکان، بەڕوونو ئاشکرا ئەوە لەبەڵگەنامەکاندا هاتووە کە(سنوبڵ) خۆفرۆش بووەو، وەکو نەخشەیەکی داڕێـژراویش، لەشەڕی(هۆڵی مانگاکـان)دا، بـەڕۆژی ڕوونـاك لـەدواوەڕا خەنجـەری ژەهـراوی لەپشـتی هاوڕێکـانی خۆیـداوە، بەئاشـکراش پشـتیوانی لە(مسـتەر جـۆنز) کـردووەو، خـۆی داوەتــە دەســت ڕابەرایــەتی ئادەمیزادەکــان، پەلەشــی کــردووە لەئەنجامدانی شەڕەکەو، بەدەنگێکی بەرزیش هاواری کردووە: (بـژی ئـادەمیزاد)، ئـەو برینـەش کـە بەپشـتیەوەبوو خـوێنی لێـدەهات، شـوێنەواری فیشـەك نـەبوو، بـەڵکو شـوێنەواری کەڵپـەکانی (ناپلیۆن) بوو، کاتێك قەپێکی لەپشتی (سنوبڵ) گرت.

لـەنیوەی هاوینیشـدا (موسـیس)ی قەلـەڕەش، لـەدوای حـەوت سـاڵ لەدیارنـەمانی، جـارێکی تـر بەدەرکەوتـەوە، هـەر تەمبەڵەکـەی جاران بـوو، ئـارەزووی بەئیشـکردن نـەدەهات، لەسـەر لق وپـۆپی دارەکـە هەڵدەنیشـت و باڵـەکانی لێکدەکردنـەوەو، بۆماوەیـەکی درێـژ قسـەی بۆئەوانەی دەورووبەری دەکرد، چیرۆکە کۆنەکەی خـۆی دەگێڕایـەوە، دەربارەی ئەوەی مەملەکەتێکی تر هەیە ناوی(چیای شـەکرو نـەبات)ە، بـەو پـەڕی ڕێزیشـەوە دندوکەکـەی دەکـردە ئاسمـانو دەیگـوت: ئـەی هاوڕێکـانم، ئـەوەتا لێرەیە(چـیای شـەکرو نـەبات)، ئـەوەتا لێرەیـە لەبەرزاییەکانــە، لەســەروی ئــەو هــەورە ماتەوەیــە، نیشــتیمانی خۆشـگوزەرانی لەوێیـە، نـۆ پۆلەکـەی ئاژەڵـەکان، لەدەسـت ئـێش و ژانەکانی ژیانی دنیا، بۆ پشووی هەتاهەتایی ڕوو لەوێ دەکەن.

ئەوقەلەڕەشـە کەناوی(موسـیس)بوو، واشـی ڕادەگەیانـد بەئاسمانـدا بەرزبۆتەوەو گەیشتۆتە ئەوباخچەیەی کەهەمووی سێوەڕەی سـەوزە،

شوورەکەشی بەبابۆڵەو پاروە نان‌و پارچەی شەکر دەوورەدراوە، زۆر لەئاژەڵەکانیش کەژیانیان لەناخۆشییەوە بەرەو ناخۆشتر دەچوو، لەبرسیەتیەکی تاڵ‌و ناڕەحەتدابوون‌و، گوێبیستی(موسیس) دەبوون‌و باوەڕیان بەقسەکانی دەکرد، واشیان دێنایە بەرچاوی خۆیان، ئەوژیانەی ئەودیویان کەحەق‌و دادپەروەری تێیدا بەرقەرارە، چاوەڕێیان دەکات.

کەسیش لەپەیوەندی نێوان ئەو قەلەڕەشەو بەرازەکان تێنەدەگەیشت، لەکاتێکدا کەگاڵتەیان بەپێشبینەکەی دەهات لەبارەی (چیایی شەکرو نەبات)ەوە، کەچی ڕێگەیان پێدابوو لەکێڵگەکە نیشتەجێ بێت‌و ڕۆژانەش پیاڵەیەکی بچووک بیرەیان دەدایە.

سمەکەی بۆکسەریش یەکی گرتەوەو بەگڕوتینەوە لەکارەکانی بەردەوام بوو، نەیدەزانی ماندووبوون چییە! کەبەتەواویش چاک بووەوە، بەگڕوتینێکی بەهێزتر لەجاران کەوتەوە ناو ئیشەکەیەوە، لەڕاستیشدا لەوساڵەدا هەموو ئاژەڵەکان وەکو کۆیلە بەدرێژایی ساڵەکە کاریان دەکرد، لەگەڵ کارە ئاساییەکانی ناو کێڵگەکەو دروستکردنەوەی ئاشەکەشدا، کارێکی تریشیان کەوتبووە ئەستۆ، ئەویش دروستکردنی قوتابخانەی بەچکە بەرازەکان بوو، کە لەمانگی پێنجەوە دەستکرابوو بەدروستکردنی.

لەگەڵ سەختی ئیش‌وکارەکان‌و کەمی ژەمە خۆراکەکاندا، کەچی (بۆکسەر)سووربوو لەسەر ئیشکردن، هیچ لاوازییەکی پێوە دیارنەبوو، کارەکانی بەبێ ماندووبوون یان خۆخافڵاندن ڕادەپەڕاندن، هەرچەندە کەمێك شێوەی گۆڕابوو، بریقەی توکەکەی کاڵ ببۆوەو، ڕانەکانی لاواز ببوون، کەچی لەقسەکردن‌و کارو کردەوەکانیدا

شـوێنەواری پـیری پێـوە دیارنـەبوو، هاوڕێکانیشـی هیـوای ئـەوەیان بۆدەخواسـت لەگـەڵ هـاتنی بـەهاردا بگەڕێتـەوە سـەر بـاری جـارانی، کەچی ئەم ویستەیان نەهاتـەدی، بـەرەو خراپـی دەڕۆیشـت، وایلێهات بەتەوای شـوێنەواری لاوازی پێـوە دیـاربوو، کاتێـك سـەردەکەوتە سـەر شـوێنی بەرزکردنــەوەی بــەردەکان، لــەژێرباری قورســی بەردەکانــدا نرکــەنرکی لێوەدەهــات، وادەردەکــەوت کــەهۆی ڕاوەســتانی لەســەر قاچـەکانی، تـەنها پتـەوی بیروباوەڕەکەیـەتی بۆتـەواوکردنی کارەکـە، ئاژەڵەکان دەیانبینی چۆن تێدەکۆشێت و خەریکی گوتنەوەی شیعاری (ئەوەندەی بۆم بکرێت ئیش دەکەم)بوو، بەڵام لێوەکانی وشك ببـوون و دەنگـی دەرنـەدەهات، (کلۆفـەر)و (بنیـامین)یش هۆشـدارییان دەدایـە بۆئـەوەی زیـاتر خـۆی مانـدوو نـەکات و، ئاگـاداری تەندروسـتی خـۆی بێـت، بــەلام گــوێی نــەدەدانێ، ئەوەنــدەی نــەمابوو دوازدە ســاڵی تەواوبکات، بەڵام هەموو خەمێکی ئەوەبوو پێش ئەوەی بگاتە قۆنـاغی خانەنیشـینی، زۆرتـرین ئەنـدازە لەبـەردەکان کۆکاتــەوە، بۆئــەوەی ئاژەڵەکان ئاشەکەی پێ تەواوبکەن.

لەدرەنگانی یەکێك لەشەوەکانی هاویندا، لەپڕ دەنگۆیەك لەکێڵگەکەدا بڵاوبۆوە، کەگوایە (بۆکسـەر) تووشـی کارەسـاتێك بووە، بـەڵام پاشـان ڕوونبـۆوە کە(بۆکسـەر) بەتـەنها چـۆتەدەرەوە، بۆئـەوەی بـەردێکی زۆر کۆکاتـەوە بۆدروسـتکردنەوەی ئاشـەکە، ئەوەنـدەی نـەبرد دوو کـۆتر هـەواڵێکیان هێنـا، کە(بۆکسـەر) بەربۆتـەوەو، لەسـەرلا لێـی کـەوتووەو توانای هەستانەوەی نییە، لەگەڵ بیستنی ئەم هەواڵە، زیـاتر لـەنیوەی ئاژەڵـەکان ڕایـانکردە سـەرگردەکەی کەئاشـەکەی لێ دروسـت دەکـرا، لــەوێ (بۆکســەر)یان بینــی، کــەوتبووە نێــوان دووداری دەســکی

گالیسـکەکەو ملـی شـۆڕبۆتەوەو، توانـای ئـەوەی نییـە سـەری بەرزبکاتـەوەو، هـەمووگیانی ئارەقـەی لێدەچـۆڕێت و، چـاوەکانی بریقەبریقیان لێوەدێت و، هیچ هەستیش بەوەناکرێت هۆشی لەخۆی بێت، یان دەرك بەشتێك بكات، خوێن و لیکاویش لەشێوەی ڕایەڵێکی باریك لەدەمیەوە دەڕژایە سەرزەوی.

(کلۆفـەر)یش لەتەنیشـیەوە لەسـەر قاچـەکانی پێشـەوەی دانیشـت و کەوتـە بـانگ کردنـی و گـوتی: (بۆکسـەر)...حاڵت چـۆنە؟ ئـەویش بـەدەنگێکی لاواز وەلامیدایـەوە: ئـەوە بـەهۆی بـاری سـیەکانمەوەیە، گوێمەدەیـە، مـن بەخەیاڵمـدا نایـەت، مـادام توانیومـە بـەردی زۆر کۆکەمـەوە، واش لـەئێوە ڕادەبیـنم لـەدوای مـن دەتـوانن ئاشـەکە تەواوبکەن، گوتیشی: من لەتەمەنی دیاریکراوی خانەنیشینی نزیك بوومەوە، لەهەموو بارەکاندا یەك مانگم ماوە، من بەهیواوە دەمڕوانیە قۆنـاغی خانەنیشـینی، بـەلام ئەوڕاسـتیەم لـەئێوە دەشـاردەوە، دڵخۆشیشم بەوەی (بنیامین)یش خەریکە دەگاتە ئەوتەمەنە، وابزانم کەسێك لەئێوە بەخیلیمان پێنابات من و (بنیامین) بەیەکەوە بکەوینە پشوودانەوە.

کاتێـك (کلۆفـەر) گـوتی: بـا یـەکێك بچـێت هەواڵەکـە بگەیەنێتـە (سـکویلەر)، هـەموو ئاژەڵـەکان ڕایـانکرد، تـەنها (کلۆفـەر)و (بنیـامین) لەلای مانەوە، (بنیامین) بەسەر سەریەوە وەستابوو بەکلکە درێژەکەی مێشـەکانی لێـدەردەکرد، بـەبێ ئـەوەی ورتەیـەکی لـەدەم بێتـەدەرەوە، دوای چارەگە سەعاتێك (سکویلەر) گەیشتە ئەوێ و، هـەموو هەست و سـۆزی خـۆی بـۆ دەربـڕی و گـوتی: هـاوڕێ (نـاپلیۆن) هەواڵەکـەی پێگەیشـت و، خـەم و پـەژارەی خۆشـی دەبـڕی بـەهۆی ڕوودانـی ئـەو

کارەساتە، بەتایبەتیش ئەو وای داناوە کە(بۆکسەر) دڵسۆزترین کارکەری ناو کێڵگەکەیە، بۆیە ئامادەکاری بۆئەوە کردووە بەزووترین کات بیگوازنەوە بۆ نەخۆشخانەی ئاژەڵان لە ویلنگدون.
ئاژەڵەکان هەستیان بەناڕەحەتی کرد کاتێك گوێبیستی ئەوەبوون (بۆکسەر) دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانە، چونکە تائەوکاتە کەسێك لە(سنوبڵ)و(مۆڵی) زیاتر نەچووبوونە دەرەوەی کێڵگەکە، بیرۆکەی چارەسەرکردنی (بۆکسەر)یش لەژێر ڕەحمەتی ئادەمیزادەکاندا، ببوو بەمایەی ترس و خەمی هەموو ئاژەڵەکان، بەڵام (سکویلەر) قەناعەتی پێهێنان کەپزیشکی ئاژەڵی لەنەخۆشخانەی ویلنگدون باشتر چارەسەری دەکات، وەکو لەوەی لەکێڵگەکەدا بمێنێتەوە.
دوای نزیکەی نیو سەعات، (بۆکسەر) کەمێك هاتەوە هۆش خۆی، زۆر بەناڕەحەتی لەسەر پێیەکانی ڕاوەستاو، بەشەلە شەل بەرەو تەویلەکەی ڕۆیشتەوە، (کلۆفەر)و (بنیامین)یش لە قەسەڵ و پوش و پەڵاشەکان شوێنێکی خەوتنی باشیان بۆئامادەکرد، بەدرێژایی دووڕۆژو دواتریش، هەر لەسەر جێگەکەی کەوتبوو، کەسیش نەهات بۆچارەسەرکردنی، بەرازەکانیش لەژووری حەمامەکەدا شووشە دەرمانێکیان دۆزیبۆوەو بۆیان نارد، (کلۆفەر)و (بنیامین)یش شەوانە لەلای دەمانەوەو قسەیان لەگەڵ دەکردو چاودێرییان دەکرد، (کلۆفەر) دوای هەموو نان خواردنێك، دووئەندازەی دیاریکراوی لەدەرمانەکە دەدایە، (بنیامین)یش مێشەکانی لێدەردەکرد.
(بۆکسەر) وەکو عادەتی خۆی، لەنەخۆشیەکەشیدا هەر ئازابوو، خەفەتی لەحاڵی خۆی نەدەخوارد، وای بیردەکردەوە ئەگەر چاك ببێتەوە، ئەوە سێ ساڵی تریشی تەمەن بۆخۆی دانابوو، لەسوچێکی

کێڵگە گەورەکەدا بەئارامی بەسەریان بەرێت، تامەزرۆی ئەوەش بوو ئەو هەلەی بۆ بڕەخسێت، بۆئەوەی فێری خوێندن‌و زانست ببێت، هیوای ئەوەشی دەخواست دوازدە پیتەکەی ئەلف‌و بێ بەتەواوی لەبەربکات، (کلۆفەر)و (بنیامین)یش دوای ئەوەی کارەکانی خۆیان تەواودەکرد بەردەوامی سەردانیان دەکرد.

لەنیوەڕۆی ڕۆژی سێیەمدا عەرەبانەیەك هات بۆئەوەی (بۆکسەر) بگوازێتەوە بۆ نەخۆشخانەی ئاژەڵەکان، لەوکاتەدا هەموو ئاژەڵەکان لەژێر چاودێری بەرازێکدا خەریکی بژارکردنی گیاوگۆڵە زیانبەخشەکان بوون، لەپڕ (بنیامین) لەلای خانوبەرەکانەوە بەغار هات بۆلایان، بەدەنگێکی بەرز دەیزەڕاندو هاواری دەکرد: خێرابن پەلەبکەن! هەر ئێستا وەرن! ئەوە هاتوون (بۆکسەر) بەرن، ئاژەڵەکانیش بەبێ ئەوەی مۆڵەت لەبەرازەکە وەربگرن، کارەکەیان جێهێشت‌و بەپەلە بەرەو خانوبەرەکان گەڕانەوە، هەر کە عەرەبانەکەیان بینی، دڵنیابوونەوە لەقسەکەی (بنیامین)، عەرەبانەکە داخرابوو، دوو ئەسپ ڕایاندەکێشا، تەنیشتەکانی نووسرا بوون، پیاوێکی دیمەن ناشیرینیش شەبقەیەکی لەسەربوو ئەسپەکانی لێدەخوڕین، لەکاتێکدا ئاژەڵەکان بەفرمێسکێکی زۆرو بێدەنگییەوە لەدەووری عەرەبانەکە کۆبوونەوە بۆ ماڵ ئاواییی کردن لە(بۆکسەر)، (بنیامین)یش قاچەکانی پێشەوەی لەزەوی وەردەدان‌و، بەدەنگێکی بەرز هاواری کرد: ئەی بێ مێشکەکان....ئەی بێ مێشکەکان! ئەوە ئێوە نابینن چی لەسەر تەنیشتەکانی عەرەبانەکە نووسراوە؟ لەودەمەیدا ئاژەڵەکان بێدەنگ بوون، (موریەڵ)یش زۆر لەسەرخۆ بەناڕەحەتی خەریکی خوێندنەوەی نووسینی سەر تەنیشتەکانی

عەرەبانەکەبوو، بەڵام (بنیامین) پاڵێکی پێوەناو خۆی بردەپێشەوەو، وای خوێندەوە کەنووسراوە: (الفرید سوموندز، سەربڕی ئەسپەکان و بازرگانی هێلم و بەڵێندەری ئێسك و پێستەو، دابینکەری خواردنی سەگەکان لەشاری ویلنگدون)، پاشان قیژاندی بەسەریاندا، ئەوە ئێوە نازانن چی ڕوودەدات؟ ئەوە ئێوە نازانن ئەوە مانای چییە؟ ئەوان دەیانەوێت (بۆکسەر) بەرن بۆ سەربڕین خانە! ئاژەڵەکانیش هەموو تێکڕا کردیانە هات و هاوار، کابرای سەر عەرەبانەکەش ترسی لێنیشت و قامچیەکەی وەشاندو ئەسپەکان دەپەڕین، ئەوەندە بەخێرایی دەپەڕین لەدیمەنێکی زۆر جواندا عەرەبانەکە بەلادا دەهات و ئەوبەرەو بەری دەکرد، ئاژەڵەکانیش بەدوایەوە بوون، بەدەنگەدەنگ و لورەلورەوە هێرشیان دەکردەسەری، (کلۆفەر)یش تینی دابووە بەرخۆی و، دەیویست پێش عەرەبانەکە بکەوێتەوە، بەدەنگێکی بەرزیش هاواری دەکرد: (بۆکسەر)... (بۆکسەر)، (بۆکسەر)یش کە پەڵەیەکی سپی بەناچاوانیەوە بوو، کاتێ گوێی لەدەنگەکان بوو، لەپەنجەرە بچووکەکەی عەرەبانەکەوە سەری بەرزکردەوەو تەماشایەکی ئاژەڵەکانی کرد، (کلۆفەر)یش بەدەنگێکی ترسناکەوە هاواری کرد: ئەی (بۆکسەر) خۆت هەڵدەخوارەوە، ئەوانە دەتبەن لەناوت دەبەن! ئاژەڵەکانیش هاواریان دەکرد: ئەی (بۆکسەر) خۆت دەربازکە، بەڵام عەرەبانەکە لەوان خێراتر دەڕۆیشت و، واپێدەچوو کار لەکار ترازابێت، نەدەزانرا (بۆکسەر) گوێی لەقسەکانی ئەوان بووە یان نا، ئەوەندەی نەبرد سەری لەپەنجەرەکەوە دیار نەما، ئاژەڵکانیش گوێیان لەگرمەیەك بوو لەناو عەرەبانەکەوە دەنگی هات، ئەوە (بۆکسەر)بوو، قاچەکانی لەدیواری عەرەبانەکە ڕادەکێشا، بۆئەوەی

تێکـی بشـکێنێت و بچـێتەدەرەوە، بـەڵام ئـەو سـەردەمە تێپـەڕیبوو کەقاچـەکانی (بۆکسـەر) ئـەو هێـزو توانایـەیان تێـدامابێت بتوانێـت دیـــواری عەرەبانەکـــە لەیـــەك هەڵوەشـــێنێت، ئاژەڵـــەکان بـــەدوای عەرەبانەکەوەبوون، هیچیان بۆنـەکرا، بیّ هیوابوون، ئەوەنـدە مـابۆوە کەئاژەڵـەکان هانـا بۆبـەر ئـەو دووئەسـپانە بـەرن کەعەرەبانەکـەیان ڕادەکێشا، بۆیە هەموو ئاژەڵەکان هاواریان کرد: ئەی ئەسپەکان، ئایا ئێـوە نـازانن لـەناو عەرەبانەکـەی ئێـوەدا ئەسـپێك دەبرێـت بۆئـەوەی لەناوببرێت؟! دوو ئەسپەکانیش گوێچکەکانی خۆیـان قیت کـردەوە، بەڵام واپێدەچوو شتێك لەداواکاری ئاژەڵەکان تێنەگەیشتبن، بۆیە هیچ هەڵوێستیان نەبوو، ئاژەڵەکانیش ویستیان پـێش بەعەرەبانەکە بگـرن، پـێش ئـەوەی بگاتـە دەرگـا سـەرەکیەکە، بـەڵام عەرەبانەکـە خێراتربـوو لـەوان، بـەم شـێوەیە عەرەبانەکـە دەربـازی بـوو، جـارێکی تـریش (بۆکسەر) نەبینرایەوە.

دوای سـیّ ڕۆژ ڕاگەیـەنرا کـە (بۆکسـەر) لەنەخۆشـخانەی ویلنگـدون هەرچـەندە زۆریـش گرنگـی پێـدراوە، بـەڵام دواجـار کۆچـی دوایـی کردووە، (سکویلەر) سەرەخۆشی لەئاژەڵەکان کردوو پێیڕاگەیانـدن کـە لـەماوەی ئـەو سـیّ ڕۆژەدا لەنەخۆشـخانە لەگەڵیـدا بـووە، گوتیشـی: ئەوکاتـەی کـەمرد، لەهـەموو کاتـەکانی تـری تەمـەنم زیـاتر کاریگـەریی هەبووە لەسەرم، فرمێسـکی چاوەکانی دەسڕینەوەو نەیدەتوانی بیـان وەستێنێت و دەیگوت: پێش ئـەوەی گیـانی دەرچێت بەسـەر سـەریەوە بـووم، زۆر بەنارەحـەتی بـەدەنگێکی کـپ بەگوێیـدا چـرپاندم: (زۆر خەفـەتبار دەبم ئەگـەر پـێش تـەواوکردنی ئاشـەکە بمـرم)، (سـکویلەر) بـەردەوامبوو لەقسـەکانی و گـوتی: ئێسـتاش لەگوێمـدا دەزرنگێتـەوە

کـەکاتی گیـان دەرچـوونی دەیگـوت: (ئـەی هاوڕێکـانم، بـەناوی شۆڕشـەوە بـەرەو پێشـەوە هەڵمـەت بـەرن، هـەر بـەردەوامبێت کێڵگـەی ئاژەڵـەکان، نـەمری بۆ (هـاوڕێ نـاپلیۆن)، بەڕاسـتی (نـاپلیۆن) هـەموو کاتێك لەسەر حەقە).

ئینجا لـەپڕ (سـکویلەر) بێـدەنگ بـوو، گـرژو مـۆن لـە ڕقـان دەموچـاوی خۆی تێکنابوو، چاوە بچووکەکانی دێنانو دەبردنو سـەرنجی دەدایـە ئاژەڵەکان، چاوەکانی بەشێوەیەکی وەها دەگێڕان سەرسوڕمانو شكو گومانیـان دەردەبـڕی، ئەوەنـدەی نـەبرد بەهەڵچـوونەوە کەوتـەوە قسـەکردنو گـوتی: لـەکاتی گواسـتنەوە (بۆکسـەر)دا، گوێبیسـتی پڕوپاگندەیـەکی خـراپو مەبەسـتاوی بـووین، کەگوایـە (بۆکسـەر) بـۆ سـەربڕین دەبردرێـت! چـونکە لەسـەر تەنیشـتەکانی عەرەبانەکـە نوسـرابوو (سـەربڕخانەی ئەسـپەکان)، (سـکویلەر) گـوتی: مـن بـاوەڕ ناکـەم هەنـدێك لەئاژەڵـەکان لەوپلەیـەی نـەزانیو نەفامیـدابن، کلکـی بـادەداو بـازی دەداو بەتوڕەییـەوە شیڕاندی: بەدڵنیاییـەوە ئاژەڵـەکان (ناپلیۆن)ی سەرکردە خۆشەویستەکەی خۆیان باش دەناسن، کە زۆر لەوە گـەورەترە ڕێگـە بەوکارانـە بدات، ڕاسـتی ڕووداوەکە ئەوەیـە: کـە ئەوعەرەبانەیـە پێشـتر هـی سـەربڕخانەیەك بـووەو پاشـتریش دکتـۆری نەخۆشـخانەکە کڕیویەتیـەوە، لەبیریشـی نـەبووە نووسـینەکان بسڕێتەوە.

لێـرەدا بەهەڵـە تێگەیشـتێك ڕوویـدابوو، بـەڵام ئـەم ڕوونکردنەوەیـە دەروونـی ئاژەڵـەکانی ئاسـوودەکردەوە، کـاتێکیش کەدەسـتی بەقسـەکانی کـردەوەو باسـی دوا سـاتەکانی ژیـانی (بۆکسـەر)و نەخۆشخانەو دکتۆرو ڕۆڵی (ناپلیۆن) لـەکڕینی دەرمانی گران بەهای

بۆدەكردن، ئەوەندەی تر شكو گومانی ئاژەڵەكانی ڕەواندەوەو ئارامی پێبەخشین، دوای ئەوە دڵنیابوون لەوەی هاوڕێ كەیان بەلای كەمەوە لەكاتی گیانداندا زەبروزەنگی لەسەر نەبووەو ئارام بووە.

ڕۆژی یەكشەمەی داهاتوو، (ناپلیۆن) بۆخۆی بەشداری كۆبوونەوەكەی كردوو، وتەیەكی تایبەت بە(بۆكسەر)ی پێشكەش كرد، ئەوەشی خستەڕوو: ئەگەر نەشتوانین تەرمی هاوڕێی كۆچكردومان بێنینەوە لەكێڵگەكەدا بینێژین، ئەوا بڕیارماندا چەپكە گوڵێكی گەورە لەگوڵەكانی باخچەی ناوماڵی كێڵگەكە ببرێت لەسەر گۆڕەكەی دابنرێت، بەرازەكانیش بڕیاریاندا بۆیادی هاوڕێی كۆچكردوویان نانخوانێكی گەورە سازبكرێت، (ناپلیۆن)یش بەو وتە دروستانەی (بۆكسەر) كۆتایی بەقسەكانی هێنا كەدەڵێت:( (ناپلیۆن بەردەوام لەسەر حەقە)و (ئەوەندەی بۆم بكرێت ئیش دەكەم).) داواشی لەئاژەڵەكان كرد پەیڕەوی ئەو وتانەی (بۆكسەر) بكەن.

لەڕۆژی دیاریكراوی ئاهەنگەكەشدا، عەرەبانەیەك هاتە ناوكێڵگەكەوە، سندوقێكی گەورەی تەختەیان بردە ناوماڵەكەوە، كاتێ كە بوو بەشەو ئاژەڵەكان گوێیان لەدەنگی گۆرانیو هەڵپەڕین بوو، زۆر جاران خرمەو شریخەی شوشەی شكاو هاتوهەرایەكەی كپ دەكردەوە، تابەتەوای لەیازدەی شەودا كۆتایی پێهات، ڕۆژی دوایی هەتا نیوەڕۆ، بێدەنگی باڵی كێشابوو بەسەر ماڵی ناوكێڵگەكەدا، پاشان دەنگۆی ئەوە بڵاوبۆوە كەدوێنێ ئاژەڵەكان بەهەرشێوەیەك بێت توانیویانە سندوقێك وێسكی بكڕنو بیهێننە ناوكێڵگەكەوە.

## بەشی دەیەم

بەهۆی یەك لەدوای یەکی کەژەکانەوە، ساڵەکانیش هاتن و تێپەڕین و، ژیانی ئاژەڵەکانیشیان بەخۆیانەوە تێپەڕاندن، سەردەمێك هاتەئاراوە، جگە لە(کلۆفەر)و (بنیامین)و (موسیس)ی قەلەڕەش و هەندێك لەبەرازەکان زیاتر، کەسێك نەبوو ڕۆژگارەکانی پێش شۆڕشی لەبیربێت، زۆر لەئاژەڵەکانی وەکو (موریەڵ)و (بلوبیل و جیسی و بنشر)، کۆچی دواییان کردبوو، (مستەرجۆنز)یش بەهۆی خوگرتنیەوە بەشەڕاب خواردنەوەوە، نەخۆش کەوتبوو، بەتەنها لە نەخۆشخانەیەکی ناوچەیەکی دوور خەوێنرابوو بۆچارەسەری، هەرلەوێش کۆچی دوایی کردبوو، سەردەمی (سنوبۆڵ) بەتەواوی لەبیرچووبۆوە، یادەوەریەکانی (بۆکسەر)یش تەنها لەدڵی کەمینەیەك لەبرادەرکانیدا مابوو، (کلۆفەر)یش ببوو بەماینێکی چاکی لاشە زل، ئەژنۆکانی تووشی کەمێك ڕەقبوون ببوون، وات دەبینی چاوەکانی بەبەردەوامی بڕبن لەفرمێسك، تەواو چووبووە تەمەنەوە، دووساڵی مابوو بگاتە تەمەنی خانەنیشینی، بەڵام بیرۆکەی خانەنشین کردن لەناوکێڵگەکەدا بواری ئەوەی نەبوو جێبەجێ بکرێت، بەڵکو کەسیش قسەی لەسەر ئەوباسە نەدەکرد، هەروەها ئەوبیرۆکەیەش بەلانرابوو کەشوێنێك دیاری بکرێت بۆئاژەڵە بەتەمەنەکان، (ناپلیۆن)یش بەرازێکی زلی کامڵی لێدەرچووبوو، کێشەکەی لەسەروی 336 ڕەتڵەوە بوو، (سکویلەر)یش ئەوەندە قەڵەوببوو لەکاتی تەماشاکردندا زۆر بەناڕەحەتی چاوەکانی بۆ دەکرانەوە، بەڵام (بنیامین) هەروەکو خۆی مابۆوە، لەچەند موویەکی سپی زیاتر بەدەوری دەمیەوە، هیچ

گۆڕانکارییەکی تری بەسەردا نەهاتبوو، بەڵام مردنی (بۆکسەر) زۆر کاری لێکردبوو، ببوو بەمایەی ئەوەی زیاتر داماوو بێدەنگ بێت.
ژمارەی ئاژەڵەکانی ناوکێڵگەکە زیادیان کردبوو، بەڵام بەوڕێژەیەش نەبوو وەکو زیادکردنەکەی سەرەتای شۆڕش؟ نەوەیەکی وەها هاتبوونە ناوکێڵگەکەوە، هیچیان لەبارەی شۆڕشەکەوە نەدەزانی، مەگەر هەرئەوەندەی کەئاژەڵەکانی تر بۆیان دەگێڕانەوە، کێڵگەکەش چەند ئاژەڵێکی تری کڕیبوو، کەپێش هاتنیان هیچ زانیارییەکیان نەبوو لەسەر شۆڕشەکە.
لەوکاتەدا کێڵگەکە بێجگە لە(کلۆفەر) سێ ئەسپی تریشی هەبوون، زۆر ئازاو کارکەربوون، هاوڕێکانیشیان زۆر خۆشدەویستن، بەڵام زۆر بێ مێشك بوون، تەنانەت یەکێکیان چەندە هەوڵی دەدا فێری ئەلف و بێ ببێت، بەڵام لەدوای پیتی(ب)وە فێری پیتێکی تر نەبوو، هەرشتێکیشیان کەوتبایە دەست دەربارەی شۆڕش و بنەما ئاژەڵیەکان، یەکسەر باوەڕیان پێدەهێنا، بەتایبەتیش ئەگەر (کلۆفەر) ئەوقسانەی بۆ گێڕابانەوە، وەکو ڕێزی دایك زیاتر باوەڕیان بەقسەکانی دەکرد.
کێڵگەکە لەوسەردەمەدا لەبواری خۆشگوزەرانی و ڕێك وپێکی بەڕێوەبردنی ئیش و کارەکانیدا، لەهەموو سەردەمەکانی تر باشتربوو، بەردەوامیش بوو لەگەشەسەندن، بەتەواوی فراوان ببوو، بەتایبەتی دوای ئەوە (ناپلیۆن) دوو کێڵگەی لە(مستەر پیلکینگتن) کڕیبوون و خستبوونیە سەر کێڵگەکە، دواتریش ئاشەکە تەواوکرا، بەڵام نەیدەتوانی کارەبا بدات، تەنها بۆ هاڕینی گەنم بەکاردەهێنراو، داهاتێکی باشیشی هەبوو، کێڵگەکە ببوو بەخاوەنی ئامێرێکی

درویێنەو ئامێرێکی تریش بۆ کەڵەکەکردنی قەسەڵو، چەند خانوویەکی تازەی جۆراوجۆریشی تێدا دروست کرابوو، ئاژەڵەکانیش سەرقاڵی ئەوەبوون ئاشێکی تر بنیات بنێن، تایبەت بوو بە بەرهەم هێنانی وزەی کارەبا، کەسیش ناوی ئەوخۆشگوزەرانیەی نەدەهێنا کەکاتی خۆی (سنوبلْ) باسی لێوەدەکرد، بەوەی کەهەموو تەویلەکان بەگلۆپی کارەبا ڕووناك دەکرێنەوەو، ئاوی ساردو گەرمیشیان بۆ ڕادەکێشرێتو، ئیش‌وکارەکانیش کەم دەکرێنەوە بۆ سێ ڕۆژ لەهەفتەیەکدا، کەس ئەوشتانەی هەر لەبیریش نەمابوون، (ناپلیۆن)یش دژی ئەو بیرۆکانەبوو، واشی دادەنا کە ئەم جۆرە بیرکردنەوانە دژی بیروباوەڕە بنەڕەتیەکانی ئاژەڵایەتین، بەپێی قسەکانی(ناپلیۆن)، دڵخۆشی ڕاستەقینە بەهۆی کارکردنی سەختو دەستگرتنەوە لەخەرجکردنی داهاتەکانەوە پەیدادەبێت.

کێڵگەکە لەبارێکدابوو لەهەموو کاتەکانی تر دەوڵەمەندتربوو، بەڵام هەبوونی خۆشگوزەرانیو نازونیعمەتی ژیان، تەنها بۆ بەرازو سەگەکان بوو، ئاژەڵەکانی تری نەدەگرتەوە، لێکدانەوەش بۆ ئەوجیاوازی کردنە، بۆئەوە دەگەڕایەوە کەبەرازەکان ژمارەیان لەئاژەڵەکانی تر زیاتربوو، کارەکانیشیان قورستربوون، کاروباری بەڕێوەبەرایەتی کێڵگەکەو چاودێری کردنو ڕێکخستنی کارەکانیش هەموو لەئەستۆی ئەواندابوو، هەموو ئەوئیشانەش بەوان نەبایە بەکەسی تر نەدەکرا، هەروەکو چۆن پێشتر (سکویلەر) بەبەردەوامی بۆئاژەڵەکانی دووبارە دەکردەوەو، بۆی ڕوون دەکردنەوە کەبەرازەکان کاری گرنگ ئەنجام دەدەن، بەشی زۆری ئەرکەکانی سەر شانیشیان لەوە قورستربوون کەلێکدانەوەیان بۆبکرێت، هەرچەندە ئیشو

کارەکانیـــان وادەردەکـــەوتن کەبـــەڕێکردنی ئـــەوراق و ڕاپـــۆرت و نووسینەوەی ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکان بێت، ئەم ئیش و کارانەش هـــەموو بەنووســـینەوە دەکـــرێن، نوســـینەوەکانیش پێویســـتیان بەکاغەزێکی زۆر هەیە، ئەگەر بەڕاستی و دروستی نووسینەوەکانیان لەسەر نەکرێت، ئەوە دەبێت هەموو کاغەزەکان هەڵدرێنە ناو کورەی ئـــاگرەوەو بســـوتێنرێن، تێشـــی دەگەیانـــدن هـــەموو ئـــەم کارانـــە لەبەرژەوەندی کێڵگەکەدان، هەرچەندە سەگ و بەرازەکانیش بەهێزی شـــان وبازوو کارناکـــەن، بـــەڵام مـــەیل و ئارەزوویـــان بـــۆ خـــواردن و خواردنەوەکان لەئاستێکی بەرزدایە.

ئاژەڵـەکانی تـریش ژیانیـان لەسـەر یـەك شـێواز لەنگـەری گرتبـوو، بەبـەردەوامی برسـی بـوون و لەسـەر قەسـەڵ دەخـەوتن و، لەگۆمەکـە ئاویـــان دەخـــواردەوەو، لەکێڵگەکـــە کاریـــان دەکـــردو، بەزســـتانان لەســـەرمان هەڵدەلـــەرزین و، بـــەهاوینانیش بەدەســـتی مێشـــەوە دەیانناڵاند، هەندێك جارایش ئاژەڵە پیرەکان پێویستییان بەوەهەبوو، تین بدەنە بیری خۆیان و بەقوڵی بیربکەنەوە بۆ وەبیرهاتنەوەی دیمەنی ڕۆژەکـانی سـەرەتای شـۆڕش و دەرکردنـی (جـۆنز)، بۆئـەوەی ئـەو سـەردەمەی ئێسـتاو کـاتی شـۆڕش بەرامبـەرکێ بکـەن و، بـزانن ئـاخۆ ئێســتا بــاری ژیانیــان باشــترە یــان ئەوســا؟ بــەڵام هیچــیان بــەبیر نەدەهاتـەوە، هـیچ پێوەرێکیشـان پـێ نـەبوو جیـاوازی ئاسـتی ژیـانی خەماوی ئێستاو ژیانی بێ وێنەی سەردەمی پێشوویان بۆ بپێوێت، تــەنها ڕوونکردنــەوە ئاماریــەکانی (ســکویلەر) نــەبێت، کــە ئــەویش بەئاشـکرا تێیانـدا دەردەکـەوت ژیـان لەکێڵگەکـەدا ڕۆژ بـەڕۆژ بـەرەو باشی دەڕوات.

بیرکردنەوەی ئاژەڵەکانیش لەسەر ئەم بابەتە، بەرەو وەڵامێکی ڕوونی نەدەبردن، نەك هەر ئەوەندە، بەڵکو کارە سەختەکانی ڕۆژانەیان بەهیچ شێوەیەك بواری بیرکردنەوەی پێنەدەدان.
بەڵام (بنیامین)ی پیرەکەر، وای ڕادەگەیاند: هەموو ژیانە درێژەکەی ڕابردووی لەبیرە، ژیانی ڕابردووشی نەباشترو نەخراپتر بووە لەژیانی ئێستای، بەپێی قسەی ئەو برسیەتی و توندوتیژیی و بێ هیوایی، یاساکانی بەردەوامبوونی ژیانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاژەڵە پیرەکان یان گەنجەکان، ئەوانەی لەشۆڕش بەشداریان کردبوو یان منداڵەکانیان، یان ئەوئاژەڵانەی لەدووری دە یان بیست میلەوە لەکێڵگەکانی ترەوە هێنرابوون، هیچیان بێ هیوا نەبوون لەئاواتەکانی داهاتوویان، هەروەها بۆ چرکە ساتێکیش پەشیمان نەبوون لەشانازی کردنیان بەکێڵگەکەوە، وایان دادەنا لەهەموو ئینگلتەرادا، ئەوان تاقە دەستەن لەناو ئاژەڵەکاندا کە بۆخۆیان خاوەنی خۆیانن و کێڵگەیەکی تایبەتیشیان هەیە، هەرکاتێکیش گوێیان لەدەنگی فیشەکەکان بایەو، ئاڵاکەشیان بینیبا بەسەر ڕاگرەکەوە دەشەکێتەوە، ئەوەندەی تر شانازییان بەخۆیانەوە دەکرد، گێڕانەوەی ڕووداوەکانی سەرەتای شۆڕشیش، لەلایەن ئاژەڵە بەتەمەنەکانەوە بەردەوام بوو بەبێ پسانەوە: دەربارەی چۆنیەتی دەرکردنی جۆنزو، نووسینەوەی حەوت وەسیەتەکەو، ڕوودانی شەڕە گەورەکان کە بەشکستهێنانی ئادەمیزادەکان کۆتاییان هات.
ئەوانە لەخەونە زێڕینیەکان بوون، کەتێپەڕبوونی سەردەمەکان نەیانتوانی لەبیر ئاژەڵەکانی بەرنەوە، نەك هەرئەوەندە بەڵکو هیواو ئاواتە کۆنەکە کە(ماجۆر) پێشبینی کردبوو، بەوەی ئادەمیزادەکان

تێك بشكێنرێن‌و هەموو كێڵگەكانی ئینگلتەرا ڕزگار بكرێن لەدەست ئادەمیزادەكان، ببووە مایەی وروژاندنی هەست‌و سۆزی ئاژەڵەكان، بەوەی كە ئەوڕۆژە لەهاتن دایەو گوامانی تێدا نییە، ئاژەڵەكانیش لەكاتی گۆشەگیرییاندا، ئەگەر بۆیان گونجابا، هەریەكە لەبەرخۆیەوە سروودی(دڕندەكانی ئینگلتەرا)یان دەگوتەوە، هەرچەند دەشترسان لەوەی بەئاشكرا بیڵێنەوە، بەلأم هەموویان ئاوازەكەیان لەبەركردبوو.

لەوانەیە ژیانی ئاژەڵەكان لەكاتی ئێستادا زۆر سەخت بێت‌و، هیواو ئاواتەكانیشیان بەتەواوی نەهاتبەنەدی، بەلأم هەستیان بەخۆیان دەكرد كەئەوان وەكو ئاژەڵەكانی تر نین، ئەوان هەرچەندە ماندوو برسیش بن، بەلأم هیلاكبوونەكەیان بۆ ناندانی ئادەمیزادەكان نییە، ماندووبن‌و دەسكەوتەكانیان بۆخزمەتی خۆیانە، وایان دەبینی بۆخۆیان سەربەستن‌و هیچ گیانەوەرێكی دوو پێیان لەناودا نییەو، ئاغاو مسكێنایەتیان نییەو هەموویان بەیەك چاو سەیر دەكرێن.

ڕۆژێكیان لەسەرەتای هاوین، (سكویلەر) مەڕەكانی بردن بۆ خاكە ڕووتەنەكەی لایە دوورەكەی كێڵگەكە، كەچەند گیاوگوڵێكی بێكەڵكی لێ ڕوابوو، بەدرێژایی ڕۆژەكە (سكویلەر) بەدیار مەڕەكانەوە بوو، لەسەر ئەو گیاوگوڵانە دەلەوەڕان، بۆئێوارەش بۆخۆی بەتەنها گەڕایەوەو مەڕەكانی جێهێشت، بۆئەوەی ئەوشەوە گەرمە خۆشە لەوێ بەسەربەرن، بەم شێوەیە بۆماوەی هەفتەیەك مەڕەكان لەوێ مانەوەو، (سكویلەر)یش وای ڕادەگەیاند كە بەنیازە مەڕەكان فێری گۆرانییەكی تازەبكات، لەیەكێك لەشەوە خۆشەكاندا مەڕەكان گەڕانەوە ناو هۆڵەكانیان، لەوكاتەشدا ئاژەڵەكان كارەكانی خۆیان تەواوكردبوو، بەرەو خانووبەرەكان دەگەڕانەوە، لەچوڵەوانیەكەدا

گوێیان لەحیلەی ئەسپێکی ترساو بوو، هەموو ئاژەڵەکان ڕاوەستان‌و هەستیان ڕاگرت، لەچاوەڕوانی دابوون بۆجاری دووەم گوێیان لەدەنگەکە ببێتەوە، کە بۆ جاری دووەم دەنگەکە هاتەوە، ئاژەڵەکان وایان گومانبرد ئەوەدەنگی (کلۆفەر)ە، بۆیە بەرەو چۆڵەوانیەکە خشان، ئەوشتەیان بینی کە (کلۆفەر)ی ترساندبوو، بەرازێك بوو لەسەر دووقاچەکانی دواوەی بەبەردەمی (کلۆفەر)دا دەهات‌ودەچوو، ئاژەڵەکان کە وردبوونەوەو سەرنجیاندا، بۆیان دەرکەوت ئەو بەرازە (سکویلەر)ە، لەبەر قەڵەوی نەیدەتوانی بەباشی لەسەر قاچەکانی بڕوات، هەرچەندە تازەش فێربوو لاسایی ڕۆیشتنی ئادەمیزاد بکاتەوەو لەسەر دووقاچ بڕوات، بەڵام لەڕۆیشتنەکەیدا دەیتوانی پارسەنگی خۆی بپارێزێت، ئەوەندەی نەبرد ڕیزە بەرازێك لەماڵەکە هاتنەدەرەوەو، لەسەر قاچەکانی دواوەیان دەڕۆیشتن، هەندێکیان بەتەواوی فێری ڕۆیشتن ببوون لەسەر دووقاچ، هەندێکیشیان جاروبار بەلادا دەکەوتن، وات دەبینین بەدوای گۆچانێکدا دەگەڕێن خۆیانی پێوە ڕابگرن، بەڵام هەرچۆنێك بێت توانیان خولێك بەدەووری چۆڵەوانیەکەدا بخولێنەوە، ئەوەندەی نەبرد کەڵەبابە ڕەشەکە دەستی کرد بەخوێندن‌و، دەنگی وەڕینی سەگەکان بەرزبۆوەو، (ناپلیۆن) هاتەدەرەوە، بەدیمەنێکی پاشایانەو باڵایەکی ڕێکەوە، بەڕوح زلییەکەوە چاوەکانی بەسەر دەست‌و پەیوەندەکانیدا دەگێڕان، لەناو دوو پەنجەکەی دەستی پێشەوەشی قامچییەکی پێبووو، سەگەکانیش لەدەووروەی بوون، هەر باوێشکیان دەدا، دیمەنەکە بێدەنگی پێوەدیاربوو، ئاژەڵەکانیش لەبارێکی ترس‌و سەرسوڕماوی دابوون، هەموو پاڵیان دابووە یەکتری، لەچاوەڕوانی دابوون بۆبینینی

بەرازەکان لەسەر دوو قاچ بەدەوری جۆڵەوانیەکەدا، وایان دەزانی ئەرزو ئاسمان خۆیان لێکداوە، زۆریش لەسەگەکان دەترسان، زۆر بەکەمیش قسەیان دەکرد، لەماوەی ئەوهەموو ساڵانەی ڕابردوودا توانای ئەوەیان نەبوو لەخۆشیو ناخۆشیەکاندا بیروڕایەکی خۆیان دەربڕیبا، بەڵام لەگەڵ ڕەوینەوەی کاریگەری دیمەنی ڕۆیشتنی بەرازەکان لەسەر دووقاچ، کەوتنە ناڕەزامەندیو دەربڕینی ناڕەزایی، پێش ئەوەی یەکێکیان دەم بکاتەوەو ناڕەزایی دەربڕێ، لەناو مەڕەکاندا بوو بەهۆسەو هەراو دەنگی ئەوشیعارە نوێیە بەرزدەبۆوە کەدەیگوت: (چوارقاچەکان باشن، دووقاچەکانیش باشترن)... (چوارقاچەکان باشن، دووقاچەکانیش باشترن)...بەم پێیە مەڕەکان بۆماوەی پێنج خولەك ئەوشیعارەیان گوتەوەو بوارێکیان نەهێشتەوە بۆ یەکێك کەبیەوێت ڕەخنەیەك بگرێت، بەرازەکانیش گەڕانەوە ناومالی کێڵگەکە، (بنیامین)یش هەستی بەوەدەکرد شانی دەخورێت، ملی باداو بەلوتی شوێنەکەی خوراند، لەودەمەدا چاوی بە(کلۆفەر) کەوت، چاوەکانی زۆر کزو لاواز ببوون، هەرگیز پێشتر بەوشێوەیەی لێنەهاتبوو، (بنیامین)یش قەپێکی لەمووەکانی ملی گرتو ڕایکێشایە لای دیواری تەویلەکە، کە حەوت وەسیەتەکەی بەبۆیاغی سپی لەسەر نووسرابوونەوە، بۆماوەی خولەکێك یان دوو خولەك تەماشای نووسینی سەر دیوارەکەیان دەکرد، پاشان (کلۆفەر) گوتی: چاوەکانم تووشی شکستیان کردووم، هیچم بۆ ناخوێندرێتەوە، هەرچەندە لەتەمەنی گەنجیشدا نەمدەتوانی زۆر بەچاکی ئەوەی سەر دیوارەکە بخوێنمەوە، بەڵام وا هەست دەکەم وەسیەتەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە، ئەریٚ (بنیامین) تۆ وایان دەبینیت لەپێشا چۆن بوون،

ئێستاش هەروەکو خۆیانن؟ (بنیامین)یش عادەتی وابوو خۆی لەهیچ کێشەیەك وەرنەدەدا، بەڵام ئەمجارەیان بۆیەکەمجار وەڵامی داواکەی (کروفر)ی دایەوەو ئەوەی سەر دیوارەکەی خوێندەوە، هیچ گۆڕانکاری تێدانەدیت، تەنها وەسیەتێك نەبێت کە بەم شێوەیە نووسرابوو: (هەموو ئاژەڵەکان لەیەك ئاستدان، بەیەك چاو سەیر دەکرێن، بەڵام ئەو یەك ئاستییە لەناو هەندێکیاندا لەپلەیەکی بەرزتردایە).

دوای ئەو گۆڕانکاریەی کەبەسەر هەڵس و کەوتی بەرازەکاندا هات و، لاسایی ڕۆیشتنی ئادەمیزادیان کردەوەو لەسەر دووقاچ ڕۆیشتن، بۆڕۆژی دوایی هەریەکەیان بەقامچییەکەوە هاتن بۆ بەڕێوەبردنی ئیش وکاری کێڵگەکە، ئەمەش نەبووە هۆی سەرسوڕمانی ئاژەڵەکان، چونکە بەرازەکان لەئاستێکی بەرزتردابوون، بۆ(ناپلیۆن)یش عەیب نەبوو لەباخچەی ماڵەکەیدا قەننەیەکی بەدەستەوە بوو دەیکێشا، جلکەکانی (جۆنز)ی لەبەرکردبوون، پانتۆڵێکی کورت و باڵتۆیەکی ڕەش و جووتێك پێڵاوی پێستی لەپێدابوو، مێیینەکەشی کراسە ئاوریشمیە سپیەکەی خێزانەکەی جۆنزی لەبەرکردبوو، کەکاتی خۆی ڕۆژانی یەك شەممە هاوسەرەکەی جۆنز لەبەری دەکرد.

هەروەها جێگەی سەرنجیش نەبوو بۆ ئاژەڵەکان کاتێك هەواڵی ئەوەیان بیست کەبەرازەکان خەریکی دامەزراندنی ئێزگەیەکی ڕادیۆن تایبەت بەخۆیان، نیازشیان وایە بەشداری ڕاکێشانی هێڵی تەلەفون بکەن، لەکاتێکدا کەبەشدارییان کردبوو لەگۆڤارەکانی: (جون بول و تیتبتس و دەیلی میرەڕ).

لەدوای ئەوە، دوای نیوەڕۆی یەکێك لەڕۆژەکان، چەند عەرەبانەیەك هاتنە ناوکێڵگەکەوە، پاشان ڕوونبۆوە ئەوە دەستەیەکن لەجیرانەکان هاتوون، سەرنجی کاروباری ناوکێڵگەکە بدەنو، بەچاوی خۆیان ئیش‌وکارەکان ببینن، زۆر سەرسام بوون بەو پێشکەوتنەی لەکێڵگەکدا ڕوویداوە، بەتایبەتیش دامەزراندنی ئاشەکە زۆر سەرنجی ڕاکێشان، لەودەمەشدا ئاژەڵەکان سەریان شۆڕکردبۆوەو سەرقاڵی پاککردنەوەی کێڵگەکەبوون، نەیانزانی ئەوانەی هاتوون ئادەمیزادبوون، یان بەرازبوون لەسەر قاچەکانیان دەڕۆیشتن.

دەمەو ئێوارەی هەمان ڕۆژیش دەنگەدەنگی گۆرانی و پێکەنین لەناو ماڵی کێڵگەکەوە بەرزدەبۆوە، ئاژەڵەکانیش هەستیان دەجوڵاو دەیانوویست بزانن لەناوماڵەکەدا چی ڕوودەدات، لەڕاستیشدا ئادەمیزادو بەرازەکان لەسەر بنەمای یەکسانی لەژوورەکەدا کۆببوونەوە، ئاژەڵەکانیش وەکو بڵێی لەسەر شتێك ڕێککەوتبن، هەموو کۆبوونەوەو لەسەر نوکی پەنجەکانیان دەڕۆیشتن بەرەو ماڵەکە، بۆئەوەی کەس هەستیان پێنەکات، بۆماوەیەکەی کەم لەبەردەم باخچەکەدا وەستان، نەیاندەوێرا بچنەژوورەوە، بەڵام (کلۆفەر) پێشیان کەوت‌و هێدی هێدی چوونە ژوورەوە، ئەوەی بالای بەرزبوو، لەپەنجەرەکانی ژووری نان خواردنەوە سەرنجی دەدا دەیبینی: شەش جووتیار لەسەر نانخوانێك لەگەڵ شەش بەرازی لێهاتوو بەرانبەر یەکتری دانیشتوون، (ناپلیۆن) لەسەروی هەموویانەوە لەجێگەی سەرۆك دانیشتبوو، بەرازەکانیش لەدانیشتنەکەیاندا زۆر دڵخۆش بوون لەسەر کورسییە نەرم‌و نزمەکان.

هەموویان سەرقاڵی وەرقێنەبوون، ئەوەندەشی نەدەبرد ڕادەوەستانو پێکەکانیان هەڵدەدا، بەبەردەوامیش بەهۆی دۆلکە گەورەکانەوە پێکەکانیان بۆ پڕدەکرانەوە، هەستیشیان بەئاژەڵەکانی دەرەوە نەکرد، کە بەسەرسوڕمانەوە لەپەنجەرەکانەوە تەماشای ئەوانیان دەکرد.
لەنێو میوانەکاندا یەکێکیان (مستەر پیلکینگتن)ی خاوەن کێڵگەی (فۆکس وود) بوو، هەستایە سەرپێو داوای لەهەمووان کرد پێکەکانیان پڕبکەنەوە، بۆئەوەی پێکێکی تایبەت بخۆنەوە! ئینجا گوتی: وتەیەکم هەیە دەمەوێ بۆتان بخوێنمەوە، ئەویش ئەوەیە: مایەی خۆشحالییە ئەو شكوگومانەی لەنێوانماندابووە بۆهەتاهەتایی نەمێنێت، ئەوە لەئێستاوە سەردەمی دوو دڵیو لەیەکتر تێنەگەیشتن کۆتایی پێهات، سەردەمی ڕووداوە ناخۆشەکانو تێڕوانینە چەوتەکان بەسەرچوو، ئەوسەردەمە تێپەڕی کەئادەمیزادەکان لەدوودڵیدابن لەسەرئەوەی بوونی کێڵگەیەك کەبەرازەکان بەڕێوەی دەبەن، دەبێتە مایەی نائارامی کێڵگەکانی دەووروبەریان، ئەوەشی خستەڕوو کەزۆر لەجووتیارەکانیش بەبێ ئەوەی هیچیان لەبابەتەکە زانیبا، وایان دەردەبڕی کەگیانێکی ڕقەبەرایەتی باڵی بەسەر کێڵگەکەدا دەکێشیو دوژمنایەتییەك دەخاتە نێوان ئاژەڵو ئادەمیزادەکانەوە، واشی ڕاگەیاند کە ئەو بیرکردنەوانە لەمڕۆوە هەموویان کۆتاییان پێهات، بەتایبەتی دوای ئەوەی سەردانی کێڵگەکەیان کردوو بەچاوی خۆیان بینییان، لەبواری کشتوکاڵو بەڕێوەبردندا چ پێشکەوتنێکی بەخۆیەوە بینیوەو، بۆتە نموونەیەك بۆئەوەی هەموو خاوەن کێڵگەکانی تر لاسایی بکەنەوە، هەروەها دانیشی بەوەدانا کەزۆربەی ئاژەڵە پلە نزمەکانی کێڵگەکە، ئەگەر بەرامبەرکێیان پێ بکرێت لەگەڵ ئاژەڵی

کێڵگـەکانی تـردا، دەبیـنین ئاژەڵـەکانی کێڵگەکـە زۆر مانـدوو دەبـن و کەمیش دەخۆن، هـەروەها واپێویست دەکات کێڵگـەکانی تـر پـەیڕەوی هەمان ئەوشێوازانە بکەن کە لەوکێڵگەیەدا پەیڕەوی دەکرێن، کۆتایشی بەتێبینیەکانی هێناو گوتی: پیرۆزی بۆ ئەو پەیوەندی خۆشەویستی و برایەتییەی کەکەوتۆتە نێوان ئاژەڵ و خاوەن کێڵگەکانـەوە، دەبێت ئـەو پەیوەندییـەش لەبەردەوامیـدا بێـت، لـەمڕۆ بـەدواوە هـیچ کێشـەیەك لـەنێوان بـەرازو ئادەمیزادەکانـدا ڕوونـادات و، خـاوەنی یـەك ڕێبـازی تێکۆشـانن، لەگرفتەکانیشـیان هاوبـەش دەبـن، لەهـەموو بارەکانیشـدا گرفتـەکان تایبـەتن بەکێشـەی کرێکـارو کارکەرانـەوە، هەنـدێك باسـیش هـەبوون نەیدەویسـت لـەڕووی خانەخوێکانیـدا باسـیان بکـات و، وەکـو پێکەنینێك لەناخیدا شاردیەوە، کەبووە هۆی ئەوەی ڕەنگی شین ومۆر هەڵگەڕێت و وشەکانی لەقورگیدا بگیرێن، خەریك بوو بخنکێت، پاشـان هەناسەیەکی دایەوەو ڕووی قسەکانی کـردەوە خانـەخوێکانی و گـوتی: ئەگـەر ئێـوە کێشـەی ئاژەڵـەکانتان هـەبێت، ئـەوا ئێمـەش کێشـەی خزمـەتکارەکانمان هەیـە، ئـەو قسـەیەشـی بـوو بـەهۆی ئـەوەی هەسـتی ئامـادەبووان بجوڵێنێـت و بکەونـە نێـو لێشـاوێکی قاقـاو پێکەنینـەوە، پاشـان گەڕایـەوە سـەر باسـی ئـەوەی دەستخۆشـی لەبـەرازەکان بکـات، بـــەوەی کەتوانیویانـــە کـــاتی ئیشـــکردنی ئاژەڵـــەکان زیادبکـــەن و خواردنەکانیشـیان کەمکەنـەوە، هـەروەها پیرۆزباییشـی لێکـردن لەسـەر ئەوسیاسـەتە توندەی کەهەیانـە لەبەڕێوەبردنی کێڵگەکەدا، پاشـان بـۆ خواحـافیزی، داوای لەهـەموو ئامادەبووەکـان کـرد هەسـتنە سـەرپێ و گـوتی: فـەرموون باهـەمووومان بەیەکـەوە ئەوپێکـە هەڵـدەین بـەهیوای خۆشگوزەرانی بۆ کێڵگەی ئاژەڵەکان.

وتـەکانی بـوون بەمایـەی خۆشـحاڵی ئامـادەبووان، هـەموو هاواریـان دەکردو قاچەکانیان لەزەوی ڕادەکێشا، ئەم هەستەش وای لـە(ناپلیۆن) کـرد هەسـتێت‌و بـەرەو شـوێنەکەی (مسـتەر پیلکیـنگتن) بچـێت‌و کاسەکانیان لێکدەن‌و دووا فڕیش هەڵنۆشن.
دوای ئـەوەی چـەپڵە لێدانەکـە ئـارام بۆوە، (نـاپلیۆن) هـەر بـەپێوەبوو، گوتی: منیش دەمەوێت وتەیەك پێشکەش بکەم، وەکو عادەتی خۆشـی وتارەکـەی کـورت‌و ڕاسـتەوخۆ بـوو، دەسـتی پێکـرد‌و گـوتی: مـن خۆشحاڵم بـەوەی سـەردەمێکی دوودڵـی لـەنێوان ئێمـەو جیرانـەکانمان کۆتـایی پێهـات، بـەڵام ماوەیـەك پـێش ئێسـتا چـەند کەسـێکی خـاوەن بەرژەوەنـدی، پڕوپاگندەیـەکیان بڵاوکـردەوە، گوایـە (نـاپلیۆن)و بـەرازە شۆڕشـگێڕەکانی هـاوڕێی، ئامـانجێکی تێکدەرانـەیان هەیـە، هـەروەها تۆمەتی ئەوەشیان خستینە پاڵ، کەئێمە نیازی ئەوەمان هەبێت ئاژەڵی کێڵگەکانی تر بورژێنین بۆ ئاژاوەگێڕی.
(نـاپلیۆن) هـەموو ئەوشـتانەی بەدرۆهێنانـەوەو گـوتی: لەئێسـتاش‌و لەڕابردووشدا، ئێمە هـەر وامـان بیرکردۆتـەوەو هـەر واش بیردەکەینـەوە لەگـەڵ جیرانـەکامان بەئاشـتی بـژین‌و، پەیوەندییـەکی خۆشەویسـتی‌و یارمەتیـدان هـەبێت لـەنێوانمان، ئەوکێڵگەیـەش کـە مـن ڕابەرایـەتی دەکەم، بەرازەکان خاوەنداریەتی دەکـەن بـەپێی بەڵگەنامەیـەکی یاسـای موڵکداریی، وەکو گێڕانـەوەی متمانـەش لـەنێوان ئێمـەو جیرانـەکانمان، ئـەوا ئێمـە لـەلای خۆمانـەوە بەشـداری ئـەو هـەنگاوە دەکـەین، بـەوەی چــەند چاکســازییەك لەکێڵگەکــەدا ڕادەگەیــەنین، لەوانــە: لابردنــی وشــەی(هاوڕێ) کەماوەیەکــە لــەناو ئاژەڵەکانــدا بڵاوبۆتــەوەو بــانگی یـەکتری پێدەکـەن، بۆیـە بڕیارمانـدا لەمـەودوا کـەس بـەکاری نـەهێنێت،

هەروەها لەڕاوەستانی ڕۆژانی یەکشەممەشدا، ئاژەڵەکان بەڕێز سەریان بـۆ کەللەسـەری بـەرازێك دادەنـەوێنن، لەتەنیشـت ڕاگـری ئالاّکـەوە دانـراوە، پێویسـتە لەئێسـتاوە کەللـە سـەرەکە بخرێتـە ژێـر خاکـەوە، ئاژەڵەکانیش چیتر ئەو ڕێوڕەسمە جێبەجێ نەکەن، ئینجا پرسی: ئایا میوانەکان کەهاتن سەرنجیان دایە ئالاّسەوزەکە، وێنەی سمو قاچەکەی تێدانەماوە؟ بۆیە بڕیارمانداوە ڕەنگی ئالاّکە تەنها سەوزبێتو هیچی تری تێدانەبێت، گوتیشی: هەڵوێستەیەکم هەیە لەسەر وتاری میوانە بەڕێزەکـەمان، بـەڕێزیان کێڵگەکـەی بـەناوی کێڵگـەی ئاژەڵەکانـەوە نـاوبرد، ئێمـەش بڕیارمانـداوە ئـەوناوەی لەسـەر لابـەرینو، نـاوێکی تـازەی بۆدابنێین، بۆیـە وەکـو ئەمانـەتێکی مێـژوویی ڕایدەگەیـەنین کـە نـاوی کێڵگەکـە دەگێڕینـەوە بـۆ نـاوە بنەڕەتیەکـەی خـۆی، بـەناوی (کێڵگـەی مـانۆر)! ئینجـا ڕووی لەخەڵکەکـە کـردوو بۆکۆتـایی هێنـانی قسەکانی گوتی: ئامادەبووانی بەڕێز، بفەرموون پێکێك هەڵدەن هـیچ جیاوازییـەکی نـەبێت لەگـەڵ پێکەکـەی پـێش خۆیـدا، ئەوەندەنـەبێت هـەمووتان پێکـەکان پڕکـەنو بەیەکچـار هەڵیـدەن، بـەو پێکـە هیـوای خۆشیەکی زیاتر دەخوازین بۆ(کێڵگەی مانۆر).

پێکەکان هەڵدرانو، بەچەپلەلێدانەوە پێشوازی لەبڕیارەکانی (ناپلیۆن) کـرا، ئەوەنـدەیان خـواردەوە هـەتا هـەموویان سـەرخۆش بـوون. ئاژەڵـەکانیش لـەدەرەوە چـاوەڕێیان دەکـرد بـزانن چـی ڕوودەدات، دەرکیـان بـەوە کردبـوو کـە شـتێکی ناسروشـتی لەگۆڕێیـە، هەسـتیان بەوەکرد شتێك ڕوویداوە بۆتە هۆی شێواندنی دەموچاوی بەرازەکان، چـاوەکانی (کلۆفـەر)یش کەچـاك توانـای بینینیـان نـەمابوو، لەسـەر بەرازێکـەوە دەپەریـەوە سـەر بـەرازێکی تـر، وای دەبیـنین هەنـدێکیان

پێنج غەبغەبەی هەبێت، هەندێکی تریشان سێ یان چواریان هەبێت، بەڵام نەیدەزانی ئەوەی کە ڕوویداوە بەسەر بەرازەکاندا هاتووە، یان بەسەر خۆیداهاتووە، وای لێهاتبوو زۆر بەباشی نەیدەتوانی شتەکان لەیەکتری جیابکاتەوە.

پاش تەواوبوونی چەپڵەلێدانەکە، هەموو لەسەر مێزەکە کۆبوونەوەو دەستیان کردەوە بەوەرەقێن، هەتا کاتی خواردنەوەی پێکەکان دەهات، پاشان دەستیان پێدەکردەوە، ئاژەڵەکانیش بڕیاریاندا پاشەکشە بکەن و بگەڕێنەوە تەویلەکانیان، بیست یاردەیەك دوور نەکەوتبوونەوە کەدەنگەدەنگێك لەژوورەکە هاتەدەرەوە، ئاژەڵەکانیش بەپەلە گەڕانەوە بەر پەنجەرەکان، بۆئەوەی بزانن چی ڕوویداوە، کەسەیریان کرد ئەوە دەمبەدمانێیانە بەدەوری مێزەکەوە، دەنگ بەرزدەکەنەوەو بەمست لەمێزەکەی بەردەمیان ڕادەکێشن، ئادەمیزادو بەراز یەکتری تۆمەتبار دەکەن و، لەچاوەکانیاندا شك و گومان دەردەکەوت، هەندێك ئەوانی تریان تۆمەتبار دەکردو، ئەوانیش بەتوڕەییەوە ئەو تۆمەتانەیان ڕەت دەکرنەوە، دەرکەوت کە (ناپلیۆن)و (مستەر پیلکینگتن) یەکێکیان فێڵی کردووە، چونکە هەردووکیان بەدوای یەکدا هەمان وەرەقەیان هەڵداوەتە سەر مێزەکە، بەم پێیە دوازدە دەنگ بەیەکەوە بەرزدەبوونەوە، کە هەموویان شێوەو دەنگیان بەیەکتر دەچوون، ئاژەڵەکان بۆیان جیانەدەکرایەوە کامە بەرازەو کامە ئادەمیزادە، لەدەرەوەشڕا نۆ پۆلەکەی ئاژەڵان چاویان دەگێڕا لەسەر بەرازێکەوە بۆسەر ئادەمیزادێك و، لەسەر ئادەمیزادێکەوە بۆسەر بەرازێك، لێیان تێکەڵ ببوو، وایان لێهاتبوو جیاوازی بەرازو ئادەمیزادیان نەدەکرد.